http://www.kurdipedia.org/?q=20091206101759282 2



گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 114

## ئیسماعیل تەرزی

http://www.kurdipedia.org/?q=2010102409492310214

گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 115

## ئیسماعیل جانبلاغی

http://www.kurdipedia.org/?q=2008110710245773

لەساڵی (1977) لە بۆکان لەدایک بووە. لەژێر رێنموونی محەمەد رۆستەمزادە درێژەی بەکاری نەققاشی داوە و لەساڵی (2000) لەبواری کاری سواڵەت و گڵدا کاردەکات.
پیشاگاکانی:
(1995)پیشانگای بەیەکەوە نەققاشی لەچۆارچێوەی سمینارو رێزگرتن لەماموستا حەقیقی لەشاری بۆکان .
(1996)پیشانگای بەیەکەوە لەمەڵبەندی فەرهەنگی و هونەری -بۆکان
(1996)پیشانگای بەیەکەوە، خەیابانی- بۆکان
پیشانگای بەیەکەوە کونگرەی فەرزانەگان- سنە
(1997)پیشانگای بەیەکەوە- بۆکان
(1997)پیشانگای بەیەکەوەهەڵەبجە- بانە
(1997)پیشانگای بەیەکەوە لاوانی وڵات- ورمێ
(1998)پیشانگای بەیەکەوە- بۆکان

(1999)پیشانگای بەیەکەوە مەڵبەندی فەرهەنگی وهونەری- بۆکان
(1999)پیشانگای بەیەکەوە هەڵەبجە- بۆکان
(1999)پیشانگای بەیەکەوە- مەهاباد
(2000)پیشانگای بەیەکەوە لاوانی رۆژئاوای ئێران- مەریوان
(2000)پیشانگای بەیەکەوە– سەقز

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: شێوەکار

شارەکان: بۆکان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 116

## ئیسماعیل خەیات

http://www.kurdipedia.org/?q=20081222094158921



ساڵی 1944 لە خانەقین لەدایکبووە، دەرچووی خانەی مامۆستایانی بەعقوبەیە، ساڵانێک مامۆستای پەروەردەی هونەر بووە لە قوتابخانەکانی سلێمانی و ئەندامی کۆمەڵەی شێوەکارانی عێراق و شێوەکارانی جیهانییە، لە 1992-1998 بەڕێوبەری هونەری شێوەکاری بووە لە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێم، چەندین پێشانگای کردۆتەوە لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و ئینگلتەرا، ئێستا خانەنشینە و هەموو کاتەکانی تەرخان کردووە بۆ کاری هونەری.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

ووڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: شێوەکار

شارەکان: خانەقین

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 117

## ئیسماعیل سابووری

http://www.kurdipedia.org/?q=20091103163362342



گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

ووڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 118

## ئیسماعیل ساڵح محەمەد - سمە بولبول

http://www.kurdipedia.org/?q=20130225202602806 08

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: شێوەکار

شارەکان: سلێمانی

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 119

## ئیسماعیل سیاری

http://www.kurdipedia.org/?q=20100327175443406

گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 120

## ئیسماعیل عومەر عەلی

http://www.kurdipedia.org/?q=20090211112449127

ساڵی 1976 لەشاری سلێمانی لەدایکبووەو دەرچووی ساڵی 1996 -1997ی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی بەشی شێوەکارییە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

ولآت: باشووری کوردستان

جۆری کەس: شێوەکار

شارەکان: سلێمانی

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 121

## ئیسماعیل مەسقەتی

http://www.kurdipedia.org/?q=20081125161651487



هونەرمەندی موزیکژەن و گۆرانیبێژ "ئیسماعیل مەسقەتی" لە ساڵی 1922 واتە (1301 هەتاوی) لە شاری کرماشان هاتە دنیا. باوکی بە ناوی "محەمەد ئیبراهیم" کوری "مستەفا خانی وەکیل"ـە کە یەکێک بووە لە قوتابیانی میرزائاغا خانی باوک. ئیسماعیل کە لەو کاتەدا تەمەنی زۆر کەم بوو، تەختەیەکی دەهێنا و لاسایی ئامێرژەنینەکەی باوکی دەکردەوە. لە تەمەنی 12 ساڵییەوە بە ژەنینی ئامێری زەرب واتە تونبەک هاتە ناو دونیای موزیکەوە و پاشان لە تەمەنی 18 ساڵییەوە دەستی دایە ئامێری تار کە زۆر هۆگری بەم ئامێرە پەیدا کردبوو.
لە ماوەیەکدا کە "مورتەزا نەی داوود" و مامۆستا "یەحیا زەرین پەنجە" هەر دوو دانیشتووی شاری کرماشان بوون، بەهرەیەکی گەلێک زۆری لەو دوو هونەرمەندە گەورەیە وەرگرت. هەروەها لە ئامۆژگاری و رێنوێنییەکانی "ئەبولحەسەن سەبا" زۆر کەڵکی وەرگرت کە یەکێکە لە هونەرمەندانی هەرە ناودارەکانی موزیکی وڵاتی ئێران و زۆربەی هونەرمەندانی ناوداری ئێران قوتابی ئەو بوونە.
هونەرمەند "ئیسماعیل مەسقەتی" دەیگێرایەوە کە تەواوی ئەو گۆرانییە کوردیانەی کە بۆ خۆی دروستی کردبوون "ئەبولحەسەن سەبا" دەیکردنە نۆتە و نۆتی ئەو گۆرانییانەی دەنووسییەوە. بەداخەوە تەواوی ئەو گۆرانییانەی کە بە یارمەتی خواڵێخۆشبوو سەبا نووسیبوونی، لە ناو چوون و تەنیا ژمارەیەک لەو گۆرانییانە لە بیر و یادی ئەودا مابوونەوە و هەتا دوایین ساڵەکانی ژیانی بەردەوام بە هێزی دەست و پەنجەی ئەو گۆرانی و پارچە موزیکانەی دەژەنی.
ئیسماعیل مەسقەتی چالاکی هونەری خۆی بە شێوەیەکی جیدی لە رادیۆ تاران و بە چرینی گۆرانییەکانی "سەحەر سەحەرە" و "ئای نەرمە نەرمە" دەست پێکرد کە هەر دووک بەرهەمی تایبەتی خۆی بوون. پاشان لە سەرەتای دامەزراندنی رادیۆ کرماشان هەتا 2 ساڵ دوای شۆرشی گەلانی ئێران بۆ ماوەی 18 ساڵ لە گەل ئەو رادیۆیە هاوکاری کرد. هەر لەو ماوەیەدا لە گەل چەندین ئۆرکسترای جۆراوجۆری ئەو رادیۆیە هاوکاری هونەری دەکرد. هونەرمەند "ئیسماعیل مەسقەتی" هەر لە میانەی

ئەو ساڵانەدا بە هاوکاری هونەرمەندانی موزیکژەنی کورد گرینگترین گۆرانییەکانی تۆمار کرد، لەوانە: "کچە کچە"، "نازەنینە"، "بەو بەو"، "پەپوو سولەیمانی"، "جەمیل جەمیلە" و چەندین بەرهەمی تر کە هەموویان بەرهەمی خۆی بوون و گۆرانییەکانی "کچە کچە" و "نازەنینە"ی زیاتر لە هەمووی بەرهەمەکانی خۆشتر دەویست کە گۆرانی "بەو بەو" بۆ خەڵکی کوردستان زۆر ئاشنایە.
لەو ماوەیەدا هونەرمەندانێکی ناودار لە رادیۆی کرماشان کاریان دەکرد و پێکەوە گرووپێکیان پێکهێنابوو. ئەو هونەرمەندانە بریتی بوون لە: "محەمەد عەبدولسەمەدی"، "موجتەبا میرزادە"، "مەحمود مێرئاتی"، "ئەکبەر ئیزەدی"، "بەهمەن پوولەکی"، "حەسەن زیرەک"، "مەحمود بلووری"، "حیشمەتوڵڵا لورنیژاد"، "سەید ئیسماعیل پیرخدری" و "ئیسماعیل مەسقەتی ."
هونەرمەند مەسقەتی هەر لە تەمەنی گەنجیدا خولیای هونەری چڕینی گۆرانی بوو. بۆیەش لە گەڵ رادیۆ و تەلەفیزیۆنەکانی ئەو کات لەوانە رادیۆی کوردی تاران و کرماشان دەستی بە هاوکاری کرد و بە هۆی شارەزایی لە بواری موزیک بە شێوەیەکی گونجاو لە موزیکی کوردیدا خەریکی کار کردن لە بواری هونەری گۆرانی رەسەن و فۆلکلۆر بوو.
هونەرمەند لە ساڵانی رابردوودا چەند جارێک لە گەڵ هونەرمەندانی موزیکژەنی ناوداری کورد بەرنامەی پێشکەش کردووە، هەروەها لە گەڵ ئۆرکسترای موزیکی رادیۆ کرماشان بە سەرپەرشتیاری هونەرمەند "عەبدولسەمەدی" چەند گۆرانییەکی لەو رادیۆیە تۆمار کرد. لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم گۆرانیانە لە رادیۆ کرماشان ئیسماعیل مەسقەتی لە سەرانسەری کوردستان ناسرا. بە تایبەت 2 گۆرانی "بەو بەو" و "پەپوو سولەیمانی" لە ناساندن و ناوبانگ دەرکردنیدا دەورێکی بەرچاویان هەبوو.
لە لایەکی دیکەوە ئەم هونەرمەندە لە شارەکانی کوردستان و بە تایبەت لە کرماشان لە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەی تایبەت و لە زەماوەندەکانی شارەکانی
کوردستان کۆنسێرتی گۆرانی فۆلکلۆر و رەسەنی کوردی پێشکەش بە جەماوەرەکەی کردووە. ئەمانەو چەندین جاریش لە شاری تاران بەرنامە و گۆرانی فۆلکلۆری کوردی پێشکەش کردووە.
ئیسماعیل مەسقەتی ساڵی 2002 لە گەڵ گروپی موزیکی هونەرمەندانی دانیشتووی هەندەران بە سەرپەرشتیاری هونەرمەند "فارووق باپیر" چەندین بەرهەمی بەپێزی لە تەلەفیزیۆنی میدیا تی ڤی پێشکەش کردووە و لە گەڵ ئەم گروپە لە فیستیڤاڵێکی هونەرییدا لە وڵاتی ئەڵمانیا بەشداری چالاکانەی کرد.
مەسقەتی بە بلیمەتی بە "بوداهەژەنین" ناسراوە و لە هونەری "بوداهەژەنین"دا کە یەکێکە لە بنەماکانی موزیکی رەسەنی وڵاتی ئێران زۆر بە توانا بوو لەم بوارەدا دەستێکی باڵای هەبوو. لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا کاری بوداهەژەنین واتە ئامێرژەنین بە شێوەیەک کە ئەو میلۆدییەی کە لە یەک کاتدا بە بێ نۆتە لە گەڵ گۆرانییەک پێشکەشی دەکرد لە کاتێکی دیکەدا هەمان میلۆدی بە چەشنێکی تازەتر و بە شێوازێکی دیکەوە لە گەڵ ئەو گۆرانییەدا پێشکەشی دەکرد.
ئیسماعیل مەسقەتی گۆرانی و موزیک و بەرهەم گەلێکی زۆری ساز کردووە. لەوانە: "کچە کچە"، "نازەنینە"، "بەو بەو"، "پەپوو سولەیمانی"، "جەمیل جەمیلە"، "تاتی مارگەستم" و "مینا مینا". شێوازی تارژەنینی مامۆستا "ئیسماعیل مەسقەتی" بە

جۆرێک بوو کە تایبەت بوو بە خۆی و لە تارژەنیندا لاسایی هیچ کەسێکی نەکردەوە و بە ژەنیارێکی "شیرین پەنجە" ناوی دەرکردبوو. هونەرمەندان و ژەنیارانێکی زۆر لەوانە "حەمید رەزا تاهیرزادە" بە شێوازی تارژەنینی "ئیسماعیل مەسقەتی" زۆر سەرسام بوونە و لە شێواز و ستایلی تارژەنینی مەسقەتی بەردەوام بوون و ئەم ستایلەی هونەرمەند کاریگەریی زۆری لە سەریان هەبووە.
هەروەها جۆری تارژەنینی ئیسماعیل مەسقەتی کاریگەرییەکی زۆری لە سەر گوێگر هەبوو، میزرابەکانی پڕ بوون لە خۆشەویستی و دەنگی میزرابی تارەکەی بۆ هەمیشە لە گوێی هونەردۆستاندا دەزرینگێتەوە. مەسقەتی هەروەها جگە لە ژەنینی ئامێری تار، لە ژەنینی ئامێرەکانی: سێتار، عوود، ویۆلۆن، زەرب، دەف و دایرە زۆر بە توانا بوو، بەڵام "تار" ئامێری تایبەت و پسپۆرانەی ئەم هونەرمەندە بوو.
ئیسماعیل مەسقەتی لە ماوەی ساڵانی چالاکی و خزمەتی هونەری خۆیدا بە بواری مەقام و گۆرانیبێژی، کۆمەڵێک بەرهەمی جوان و پڕبایەخی پێشکەش بە دنیای هونەری گۆرانی و موزیکی رەسەنی کوردەواری کرد کە ژمارەیان زیاتر لە 300 بەرهەمی تۆمار کراوە و لە بەرهەمە گرینگ و تایبەتەکانی ئەو هونەرمەندە دێنە ئەژماردن.
هەروەها لە کاری چڕینی گۆرانییە فۆلکلۆرە کوردییەکاندا بە تایبەت هی ناوچەی کرماشان زۆر بلیمەت و بەتوانا بوو، بە هەست و سۆزیکی تایبەتەوە کە سەرانسەری جەستەی داگرتبوو، گەلێک گۆرانی و بەستەی فۆلکلۆری کوردی لە مردن رزگار کرد و بە جوانترین شێوە و بە ریتم گەلی جۆراوجۆر بۆ هونەری موزیکی رەسەنی کوردی زیندووی کردنەوە. ئیسماعیل مەسقەتی بەشێکە لە موزیکی فۆلکلۆری کوردی و ناو و ناوبانگێکی زۆری لە سەرانسەری شارەکانی کوردستان و ئێراندا هەیە.
هونەرمەندی گەورەی گۆرانی و مەقاماتی کرماشان ئیسماعیل مەسقەتی خاوەنی چەندین بەرهەمی پڕبایەخ و بەهێز و جوانە. زۆربەی گۆرانییەکانی عاشقانەیە و لە چەندین دەزگای جۆراوجۆردا بە زمانی کوردی زۆر بە جوانی پێشکەشی کردوون کە پاش چەندین جار بیستنیان هەر تازەن و مۆرکی هونەری رەسەنی کوردەواریان پێوە دیارە و هەمیشە لە یاد دەمێننەوە.
هونەرمەندی گۆرانیبێژی کورد "ئیسماعیل مەسقەتی" لە دوای ساڵانێکی زۆر کار و خزمەتی هونەری بە بواری موزیک و گۆرانی رەسەنی کوردی چەند رۆژێک بەر لە ئێستا لە رۆژەکانی سەرەتای بەهاری ساڵی 1387 لە تەمەنی 86 ساڵیدا لە شاری کرماشان ماڵئاوایی لە جیهانی هونەر و گۆرانی کوردی کرد. تەرمی هونەرمەند بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان، رۆشنبیران، کەسایەتییەکان، گەنجان و خەڵکی هونەردۆستی شاری کرماشان و دەوروبەری، لە گۆرستانی باغی فیردەوس لە شاری کرماشان بە خاکی نیشتمان سپێردرا.
سەرچاوە: مەنووچێهر جیهانی - ماڵپەڕی پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

ولّات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: موزیکژەن

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 122

## ئیسماعیل هەورامی

http://www.kurdipedia.org/?q=2011092913202762152

شانۆکار

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

ولّات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: شانۆکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 123

## ئیلهام پاوە نیژاد

http://www.kurdipedia.org/?q=200902261706511436



یەکێکە لە چالاکترین و بەئەزموونترین ئەکتەرە ئافرەتەکانی کورد لە شاری تاران کە تاکو ئێستا لە کۆمەڵێک بەرهەم و زنجیرە درامای تەلەفیزیۆنی، شانۆگەری و هەروەها فیلمی کورت و بڵندی سینەماییدا بەشداری کردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: خانمان

| | |
|---|---|
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| جۆری کەس: | ئەکتەر |

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 124

## ئیلهام مەدفەعی

http://www.kurdipedia.org/?q=2011022823223125304



گۆرانیبێژی ئێراقیی بە ڕەچەڵەک کورد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

| | |
|---|---|
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | دەرەوە |
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 125

## ئیلیا - ئاڵا شەوکەت

http://www.kurdipedia.org/?q=2013031820490580107



یەکەم کاری هونەریی لە ساڵی 1999 ئەنجامداوە و کاری دووەمی لە ساڵی 2001 کردووە، پاشان لە چەندین فیلمدا بەشداری کردووە و لە هەندێ لە فیلمەکانی هۆلیود رۆڵی سەرەکی هەیە. چەند میدیایەک و ویکیدپیدیا جەختیان لەسەر بەنەژاد کوردبوونی ئەم سینەماکارە کردۆتەوە، هەرچەندە تا ئێستا ئیلیا خۆی ئەوەی نەوتووە. شیاوی باسە ئەم سینەماکارە لە ساڵی 1989 لە دایکبووە و لە چەندین فیلمدا رۆڵی سەرەکی پێدراوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی نێوەند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

جۆری کەس: ئەکتەر

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 126

## ئیمان محەمەد مەحمود

http://www.kurdipedia.org/?q=201009182129029545

شێوەکار

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: شێوەکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 127

## ئیڤان ئیبراهیم

http://www.kurdipedia.org/?q=2013022409565682365

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 128

## ئیڤان ناسر حەسەن

http://www.kurdipedia.org/?q=2011011613073432789

سینەماکار

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: سینەماکار

شارەکان: کەرکوک

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 129

## ئێران خانم

http://www.kurdipedia.org/?q=201003170923103974



یەکەمین ژنی گۆرانیبێژ لە رۆژهەڵاتی کوردستانە، نازناوی هونەری" ئێران خانم"ە و ناوی راستەقینەی" ئێران موجەرد"ە. پاش ئەوەی لە رادیۆی ئورمێ دەستی بەکار و تۆمارکردنی گۆرانییەکانی کردووە، لەلایەن بەرپرسانی رادیۆ و هونەرمەندانی دیکەوە نازناوی "خانم"ی لەسەر دانراوە.
خانمی دەنگخۆش ئێران، لەساڵی1950-1951 لە بنەماڵەیەکی جووتیار و هەژار لەدایک بووە. ئێران، لە گوندی ئینکەسوی هەرێمی برادۆست لەدایکبووە. ناوی باوکی عەبدولڕەحمان و دایکیشی ناوی پەرێشان بووە. وەک دەگوترێت "پەریشان ژنێکی دەنگخۆش بووە" ئەوەش وەک میراتێک بۆ ئێرانی کچی ماوەتەوە. جگە لەوەش سروشتی دەستلێنەدراو و رەنگینی هەرێمی برادۆست کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر حەز و خۆشەویستی ئێران بۆ هونەر و گۆرانیبێژی داناوە. تافی منداڵی و گەنجێتی ئێران خانم، لە گوند دەرباز بووە و ئەو بۆ باشترکردنی بژێوی ژیانی بنەماڵەکەی لەناو گەورەماڵانی هەرێمەکەدا کاری کردووە. ساڵانێکی دوور و درێژ لەماڵی خانمی "کیشوەر مامەدی"دا وەک کچێکی ماڵ کاری کردووە. بەپێی ئەو شاهیدانەی کە ئەوکات لە نزیکەوە ئێران خانمیان بینیوە، کچێکی زۆر هێژا و شیرین و دەنگخۆش بووە. زۆرجاران لە تەمەنی گەنجی خۆیدا لە دیوانی گەورە ماڵاندا گۆرانییە پیاوانەکانی گوتووەتەوە .
لەو ساڵانەدا دەنگی ئێران خانم شایی و داوەتەکانی خەملاندووە و کەم داوەت هەبووە کە ئەو تێیدا بە جلووبەرگی رەنگین و گۆرانیە خۆشەکانیەوە بەشداری تێدا نەکردبێت. ئێران خانم پاش ئەوەی لەگەڵ" سەعید"ناوێک زەواج دەکات، لە گوندی سۆمانئاوا نیشتەجێ دەبێت و بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە. لەو گوندە بەهاریکاری مێردەکەی باشتر لە ساڵانی پێشوو کاری گۆرانیبێژی درێژە پێدەدات. مێردەکەی رێی لێ ناگرێت و ئەو هاوکارییەش شیرینی پێکەوە ژیانیان زیاتر دەکات.
لە ساڵی1969 بەدواوە رادیۆی شارەکانی ئورمێ، تاران و کرماشان پرۆگرامی کوردی- زاراوەی کورمانجییان هەبووە، بەڵام ماوەی پەخشیان لە نیو کاتژمێرەوە بۆ 2 کاتژمێر گۆڕدراوە. پاش دامەزراندنی بەشی کوردی رادیۆی ئورمێ، ئیتر دەنگی گۆرانبێژانی کورمانجی دەگەیشتە باکوور و باشووری کوردستان، ئەوکات ژنی گۆرانیبێژ لە رادیۆکاندا نەبوون. ئێران خانم لە هەرێمەکەدا ژنێکی ناسراو بوو. لەسەر داواکاری گۆرانبێژانی وەک" حەمید یوسفی، مستەفا عەلیزادە، ئیبراهیم نەورۆزی و هەروەها گرووپی مۆسیقای رادیۆ" ئێران خانم، لەساڵی 1971دا لە رادیۆی ئورمێ بەشێوەیەکی فەرمی دەستی بە گۆرانیبێژی کرد. ئێران خانم لە رۆژهەڵاتی کوردستان یەکەمین ژنی کوردە کە بە زاراوەی کورمانجی سەروو گۆرانی گوتووە و دەنگی لە رادیۆ تۆمار کردووە .
جێی ئاماژەیە کە ئێران بەر لەوەی کاری گۆرانیبێژی لە رادیۆدا دەست پێ بکات، ساڵانێک بوو کە ناوبانگی دەنگی لە شار و گوندە کورمانجنشینەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو ببوویەوە و هەتا لە باکووری کوردستانیش ئێران خانم، لە ناو خەڵکیدا

کەسێکی ناسراو بوو. کاتێک لە رادیۆ دا دەستی بەکار کرد، ئیدی وەک کەسێکی بەناوبانگ لە هەر شوێنێکی کوردستان خۆشەویست و ناسراو بوو. لەناو کورد، میراتی ژن لە بواری هونەر و گۆرانیبێژیدا زۆر دەوڵەمەندە، بە هەزاران ژن و کچ هەبوونە و (ئێستاش هەن) کە لە بوارەکانی وەک دەنگخۆشی، داهێنان و گۆرانیبێژیدا سەرمەشقن، بەڵام لەبەر سیستەمە پیاوسالارەکان و هەندێک لە یاسای ئیسلامییە وشکەکان، دەنگەکانیان کپ بووە. لەگەڵ هەموو ئەو ئاستەنگانەدا کە لە بەردەم ژنی کورد بوونە، دیسان ژمارەیەکی کەم لەو ژنانە گوێیان نەداوەتە ئەو عورف و عادەتانەی کە لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەم نەبوون. ئەوان کەلام و قەسیدەیان گوتووە، لە شایی و بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدار بوونە و شانبەشانی پیاوەکانیان شایستەیی خۆیان لە گەلەک بواردا سەلماندووە. لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش لەگەڵ ئەوەیدا کە بەر لە ئێران خانم، ژنی دەنگخۆش و هونەرمەند هەبووە، بەڵام ئەوان وەک ئێران خانم بەجەرگ نەبوونە و وەک ئەو نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی فەرمی کاری هونەری خۆیان لە رادیۆ و ستۆدیۆکان تۆمار بکەن. چونکە ئەو کارە لە کۆمەڵگەی کوردستانی ئەو سەردەمەدا عەیبێکی گەورە بوو و هەمووان گاڵتەیان پێ دەکرد و بەچاوێکی سووکەوە سەیری کارەکانیان دەکرد .

بەڵام ئەو لەسەر هونەری گۆرانیبێژی خۆی پێداگر بوو. لەبەر ئەوەی بۆ ئەو سەرچاوەیەکی بژێوی بوو و هەمیش لە ناخی دڵەوە حەزی لێ دەکرد. لەسەر ئەو بنامەیەش مرۆڤ دەتوانێ بڵێت کە ئێران خانم، رەوشێکی فەرمی دابووە کاری هونەری خۆی و وەک یەکەمین ژنی کوردی گۆرانیبێژ لە ناوچەی باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان دەناسرێت. لەناو کوردەکانی پارێزگای خۆراسانیشدا ژنێک هەبووە بەناوی (بانو شێروانی) کە بە زاراوەی کورمانجی لە رادیۆی شاری مەشهەد گۆرانی چریوە. بەڵام نازانرێت کە ئایا بەر لە ئێران خانم، دەستی بە گۆرانی کردووە یان نا؟ بەهەر شێوەیەک بێت ئەو دوو ژنە لە ناو کوردە کورمانجەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا رچەشکێن بوون. لە ناو دراوسێکانی کورددا ئەگەر ژنێک بیویستایە ئەم کارە بکات، زەحمەت بوو کە بتوانێت لە ناوچەکەدا بمێنێتەوە، بۆیە ناچار رووی لە تاران دەکرد و لەوێش بە زمانی فارسی گۆرانی دەگوت، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوان، ئێران خانم و بانوو شێروانی وەهایان نەکرد و لەناو گەلدا مانەوە. بەپێی شاهیدان و کەسانی نزیکیان هەردوو ژنەکە لە بواری ئەخلاق و پێوەرە کولتوورییەکانی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە هێژا بوون و خاوەنی کەسایەتی خۆیان بوون. لە هەرێمی ئەردەڵانیش یەکەمین کچ کە بە زارەوەی کورمانجی ناوەڕاست(سۆرانی) گۆرانی گوتووە، فەتانە وەلیدی بوو کە بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ گۆرانییەکانی خۆی لە رادیۆی سنەدا تۆمار کردووە. لە ناوچەی موکریانیش مەنیج حەیران، یەکەم ژن بووە کە گۆرانی گوتووە، بەڵام بەداخەوە گۆرانیەکانی تۆمار نەکراوە.

ئێران خانم لەساڵی1971 تا ساڵی 1979 کە کۆماری ئیسلامی لەو ساڵەدا دامەزرا مانگی 2 جار لەگەڵ کچەکەی بەناوی" گولیستان" دەچووە، رادیۆی کوردی ئورمێ و گۆرانیەکانی تۆمار دەکرد. کاتێک گۆرانیەکانی لە رادیۆوە پێشکەش دەکرد، نامەی هۆگرانی دەنگی جارلەجار زیاتر دەبوو. حەز و خۆشەویستی ئێران بۆ گۆرانی گوتن زۆر بوو، بەڵام بەرپرسانی حکوومەتی پەهلەوی، نەیاندەویست ماوەی کاری رادیۆی کوردی زیاتر بکەن. چونکە کارێکی وا رێی لە پرۆسەی تواندنەوەی زمان و کولتووری کوردی دەگرت. ئامانجی ئەوان لە دامەزراندنی رادیۆی کوردی لە ئورمێ، کرماشان و

تاران ئەوە بوو، کە ڕێ لە کوردانی ڕۆژهەڵات بگرن تا تێکەڵ بە شۆڕشی نەمر مستەفا بارزانی لە باشووری کوردستان نەبن .
گۆرانیبێژیی، لە هەرێمی ئورمێ تا ماکۆ و کورمانجەکانی خۆراسان لەژێر کاریگەری گۆرانیبێژیی سەرحەدی باکووری کوردستاندا بووە. ئەو کلامە کوردییانەی کە لەرێگای رادیۆی ئیریڤانەوە بلاودەکرانەوە، کاریگەرییەکی راستەوخۆی لەسەر گۆرانیبێژی کوردانی رۆژهەڵات داناوە. لەبەر ئەوەش کاتێ مرۆڤ گوێ لە گۆرانییەکانی ئێران خانم دەگرێت، کاریگەرییەکی لەو جۆرەی بۆ ئاشکرا دەبێت. ناوەرۆکی زۆربەی گۆرانییەکانی ئێران خانم سەرچاوەیان لە فۆلکلۆری دەوڵەمەندی کوردستانەوە گرتووە. ئەو وەک گوتەبێژێکی گەلی هەرێمەکە گۆرانی گەلەری دەڵێت کە باس لە کێشەکانی ناو کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە دەکات. گۆرانی وەک: عاریفۆ لاوۆ، باژۆ ئەمیرێ من، باڤێ لالۆ، دەلال ئەز حەیران، دەلال لۆ، دەلالێ مالێ، دلێ من لۆی لۆی، دۆتمام و پسمام، فلیتێ قوتو، حەدۆ رابە، کورێ خەلاڤێیو دەلال، لێ لێ یەمان(دۆمامێ)، شەڕێ جەز و سالیحبەگێ، یار گەورە و چەندین گۆرانی دیکە کە بە ناوەرۆک لەگەڵ ئەوەدا هەموویان گەلەرین و باس لە ئەڤین و وەفاداری ژنی کورد دەکەن، لەسەر ئاغا و مێرخاس و بەگەکانی کورد گوتراون. کاتێک ئێران خانم گۆرانی ئەڤینداری دەڵێت، هونەری گۆرانیبێژییەکەی باشتر بۆ بیسەرانی ئاشکرا دەبێت، رەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بووبێت کە ئێران لە ژیانی خێزانی و ئەڤینداری خۆیدا شکستی هێنابێت.
هەرچەندە ژمارەی ئەو گۆرانییانەی کە ئێران خانم لە رادیۆی کوردی ئورمێ تۆماری کردووە، نازانرێت، بەڵام ئەگەر لەماوەی ئەو 8-9 ساڵەی کاری فەرمی خۆیدا(1971تا1979) مانگێ دووجار چووبێتە رادیۆ، ژمارەیەکی زۆری گۆرانی تۆمار کردووە. هاوکات ئەوەش نەزانراوە کە چەند گۆرانی بێ موزیک و بە موزیکەوە تۆمار کردووە. پاش تێکچوونی رژێمی شاهەنشاهی، رژێمی ئیسلامیش دەرگای ئەرشیفی کوردی رادیۆکەی داخستووە و رێگە بە کەس نادرێت کە لەوبارەیەوە لێکۆڵینەوە بکات. پێدەچێت کە بەرپرسانی حکوومەتی نوێ لە ساڵانی شەڕی نێوان کورد و پاسدارەکاندا، هەموو ئەرشیفی کلام و گۆرانییە کوردییەکانی لەناو بردبێت.
هونەرمەند ئێران خانم لە31 ساڵ خەباتی هونەری خۆیدا زیاتر لە 100 گۆرانی گوتووە کە لە سەرانسەری کوردستاندا بڵاوبووەتەوە. ئەوە تەنیا ژمارەی ئەو گۆرانیانەیە کە بەناوی ئەوەوە لە ناو گەلدا بڵاوبووەتەوە، بەڵام ئێران خانم سەدان گۆرانی فولکلۆری و گەلەری گوتووە و لە رادیۆدا تۆماری کردووە.
دوای نزیکەی 30 ساڵ ژیانی هاوبەش لەگەڵ سەعیدی مێردی، کە ببوونە خاوەن کچێک و دوو کور، سەعید بەپێچەوانەی ویستی ئێران خانمەوە ژنی دووهەمی هێنا. ئەوکات ماڵیان لە گوندی سۆمائاوا بوو. ئەو رەوشە لاپەڕەی ژیانی ئێران خانمی گۆڕی و نەیتوانی دەردی هەوێ قبووڵ بکات. پاش شەڕ و پێداگرییەکی زۆر، ئێران خانم بڕیاری جیابوونەوە لە سەعیدی مێردی دەدات. پاش ئەوەش گوندی سۆمائاوا و منداڵەکانی بەجێدەهێڵێت و ماوەیەکیش لای باوکی دەمێنێتەوە. دواتر بۆ جاری دووهەم لەگەڵ پیاوێک بەناوی"داداش ناسری" ژیانی هاوسەری پێکدێنێت و لەشاری تاران نیشتەجێ دەبێت. سێ ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە و پاشان دەگەڕێتەوە سەڵماس و15 ساڵیش لەوێ دەژیت. دواتر دێنە ئورمێ و لەگەڵ خێزانەکەیدا لە گەڕەکی ئیسلامئاباد خانوویەک دەکڕن و پێکەوە دووکانداری دەکەن. ئیتر لەو ساڵانەدا بێدەنگ دەبێت و تەنیا لە ناو بۆنە تایبەتی و خێزانییەکان و کەسانی ناسراودا دەنگی

دەبیسترێت. لەو ساڵانەی کە ئێران خانم لە تاران بووە، کەس نازانێت لەکوێ بووە و چۆن ژیاوە. منداڵەکانیشی ئاگاداری رەوشی ئەوکاتی نین! بەڵام پاشان دەرکەوتووە کە بێدەنگ نەبووە و هونەرەکەی بەشێوەیەکی شاراوە درێژە پێداوە .
لەبەر ئەوەی لەو سەردەمە بێدەنگییەدا ئێران خانم، چەند کاسێتی نوێی خۆی بۆ شارەکانی باکووری کوردستان دەنێرێ، پاش بڵاوبوونەوەی کاسێتەکانی لە کوردستان و تورکیا وەها دەزانرێت کە ئێران خانم لە باکووری کوردستانە!(لەوێ دەژی)، بەڵام وەها نەبوو، ئەو لە تاران بوو. ئاشکرایە کە ئەوکات پەیوەندی ئەو لەگەڵ لایەنگرانی هونەری کوردی لە باکووری کوردستان باش بووە و کاتێک کە مافی گۆرانی گوتنی لە ئێران نەبووە، بەنهێنی کاسێتەکانی گەیاندووەتە باکووری کوردستان. ئەوەش زیاتر خۆشەویستی ئێران خانم بۆ هونەری کوردی دەسەلمێنێت. ژیانی ئێران خانم لە سەردەمی بێدەنگیدا رەنگێکی تر دەگرێتە خۆی و ئەوەش کاریگەری لەسەر ناوەرۆکی گۆرانییەکانی دادەنێت و بە تەواوەتی دەیگۆڕێت. ناوەرۆکی تەواوی گۆرانیەکانی ئێران خانم، لەدەستپێکی ژیانی لەگەڵ مێردی دووهەمیدا تا ئەوکاتەی دەمرێت، باس لە بێبەختی و زوڵمی پیاوی کورد لەژن دەکات؟! بەڵێ ئەڤینی30 ساڵانی سەعید هەرگیز لەبیری ئێران خانم نەچووەتەوە. ئێران خانم لە مێردی دووهەمی کوڕ و کچێکی هەیە .
ئێران ژنێکی زیرەک و قسەخۆش بوو. تەندروستی باش بوو، لە ساڵانی دوایی ژیانیدا هەمیشە خەریکی دووکانداری بوو. لەرەوشێکی وەهادا و لە 2001/8/10 هەواڵێک لە ناو خەڵکی ئورمێدا بڵاوبووەوە کە لایەنگرانی هونەری کوردی و دۆستانی ئێران خانمی زۆر غەمگین کرد. هەواڵەکە وەها بوو:" ئێران موجەرەد بە خنکاندنی خۆی کۆتایی بە ژیانی هێنا!!". ئەو هەواڵە پرسیاری زۆری لای ئەو کەسانە دروست کرد کە لە نزیکەوە دەیانناسی .
بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەلای منە و لە هەڤاڵانی نزیکیم بیستووە، ئێران کەسێکی دیندار بووە و زەحمەتە کەسێکی بڕوادار کاری وەها بکات. چونکە لەباری دەروونییەوە نەخۆش نەبوو تا مرۆڤ بتوانێت گومانێکی وا بکات و خۆکوشتنی بسەلمێنێت. لەبارەی مردنەکەیەوە شتی جۆراوجۆر دەگوترێت، بەڵام ئەوەی کە بە فەرمی لەلایەن پزیشکانی نەخۆشخانەی ئورمێیەوە گوترا ئەوە بوو:" خۆی کوشتووە."...
هۆکاری ئەو رووداوە تراژیکە وەک هەندێک لە نزیکانی ئێران خانم کە(نایانەوێت ناویان ئاشکرا ببێت) باسی دەکەن ئەوەیە:" لەم ساڵانەی دواییدا ئێران و مێردەکەی بە کاری دووکانداریی زۆر دەوڵەمەند ببوون، بەڵام منداڵانی ژنی پێشووی مێردەکەی چاویان بڕیبووە ئەو سامانەیان و شەڕیان پێ دەفرۆشتن و داوای پارە و پولیان لێ دەکردن. بە مەزندەی ئێمە کوڕی داداشی مێردی لەبەر پارە، ئێران خانمی خنکاندووە ."...
بەهەرحاڵ تا ئێستا هیچ کەس شتێکی روون لەبارەی مردنەکەیەوە نازانێت و بەداخەوە لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ لەبارەی هۆکاری خنکاندنەکەیەوە نەکراوە. ناوی ئێران خانم دەچێتە پاڵ ژنانێکی وەک مریەم خان، نەسرین شێروان، ئایشێ شان، گوڵبەهار، مەرزیە فەریقی، فەتانە وەلیدی و گەلێک هونەرمەندی کورد.
سەرچاوە: هەڤپەیڤین لەگەڵ خەبات برادۆستی، هەڤپەیڤین لەگەڵ گۆرانیبێژانی کورد سۆفی عەلی، عەلی حەوسەد و برا نەورۆزی و هەروەها هەڤپەیڤین لەگەڵ چەند کەسی نزیکی ئێران خانم کە رازی نەبوون ئاماژە بە ناوەکانیان بدرێت .

سەرچاوە: کاکشار ئورەمار - ماڵپەڕی وارڤین

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 130

## ئەبوبەکر ئاسکۆڵی

http://www.kurdipedia.org/?q=20131130191256875 34

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 131

## ئەحمەد ئیسماعیل ناتیقی

http://www.kurdipedia.org/?q=20100323223144 4026



لەداییک بووی سالی 1333 هەتاوی یە لەتاران هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆرێسی هونەری شانۆ و دکتۆرای هونەر تایبەت بە وێنەگری لەساڵی 1363 بوەتە سەرۆکی پەیامنێرانی وێنەیی ئاژانسی کۆماری ئیسلامی ئێران (ئیرنا)بۆماوەی (ه) ساڵ دواتر خانەی وێنەگرانی ئێرانی پێکهێناوە و بۆماوەی 15 ساڵ بەڕێوەبەری خانەکە بووە وە هەروەها ئەنجومەنی وێنەگرانی فەردا کە تایبەت بوە بەگەنجان پێکهێناوە و ماوەی 12 ساڵ بەڕێوەبەری ئەنجومەنەکە بوە چەند ساڵێک سەرپەشتیاری ڤیستڤاڵی نێودەوڵەتی وێنەگرانی مندالان و لاوان بووە ئەم ڤیستڤاله ماوەی 5 سال بەردەوام بووە.ناتیقی بەیەکێک لەوێنەگرانی جەنگ لەئێران دا ناسراوە و بەدرێژایی کاری رۆژنامەنوسی وینەگری ئاژانسی ئیرنا ئیرانی بووە.هەربۆیە توانیویەتی بەشداری زۆرێک لە جەنگەکانی وەک شلمچە و هەلەبجە و فاوبکات و بەوینەکانی هەواڵەکان بگوازێتەوە.
ئیستاش خانەنشینەو سەرقاڵی کاری وینەگرتن ی سەربەخۆ دەکات و لەتارانی پایتەخت دەژی و خاوەن کچ و کوڕێکە.
ئەحمەد ناتیقی وەک رۆژنامەنوسێکی فۆتۆگرافەر لەکاتی هێرشی کیمیاوی بۆسەر هەڵەبجە بەشداری لەگواستنەوەی هەواڵەکاندا کردووە.
سەرچاوە: ئیبراهیم هەورامانی - ماڵپەڕی هەڵەبجە ئنفۆ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: بێگانە

وڵات: دەرەوە

جۆری کەس: فۆتۆگرافەر

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 132

## ئەحمەد ئەسوەد

http://www.kurdipedia.org/?q=2010102112491710183



لەدایکبووی کۆیە لە 1935 و پەروەردەی کەرکووک و ئێستاش دانیشتووی هەولێرە.
سەرچاوە: گلێنە گلی - ماڵپەڕی کوردستان نێت

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: پەیکەرتاش

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 133

## ئەحمەد جۆڵا

http://www.kurdipedia.org/?q=2009030214442O1516



لە دایکبووی شاری سلێمانی ساڵی (1966)ە، لە ساڵی (1979)ەوە تا ئێستا خەریکی کاری هونەری شانۆ، دراما و فیلمی کوردییە. یەکێکیشە لە ئەکتەرەکانی بەرنامەی بەرنامە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: ئەکتەر

شارەکان: سلێمانی

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 134

## ئەحمەد حەسەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20110427164434457079



لە ساڵی 1972 لە شاری کەرکوک لە دایکبووە، ئێستا لە وڵاتی ئەمریکا ژیان بەسەر دەبات، تا ئێستا بەشداری لە (14) پێشانگای هونەریدا کردووە، جگە لە دوو پێشانگای تایبەت.

سەرچاوە: ئارام شێرکۆ - ماڵپەڕی پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: شێوەکار

شارەکان: کەرکوک

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 135

## ئەحمەد خەلیلی فەرد

http://www.kurdipedia.org/?q=20110615132134460278



ساڵی 1961 لە شاری سنە هاتۆتە دنیا. بڕوانامەی بەکلۆریۆسی شێوەکاری لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران و هەروەها بڕوانامەی ماستەری شێوەکاری لە زانستی پەروەردەی تاران بەدەستهێناوە.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا زیاتر لە 40 پێشانگای شێوەکاریی لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران کردۆتەوە. هەروەها زیاتر لە پێنج پێشانگای تاکەکەسی لە شاری تاران کردۆتەوە و چەندین وۆرکشۆپی پسپۆرانەی فێرکاری هونەری شێوەکاری بۆ قوتابیانی زانکۆ بەڕێوەبردووە و ئەندامی دەستەی ناوبژیوانی بەشی شێوەکاریی چەندین فێستیڤاڵی گرینگی بواری هونەرەکانی شێوەکاری بووە.

خەلیلی فەرد لە تری فالی پاریس، مەدالیای برۆنز و دیپلۆمای شانازی پێ

بەخشراوە و ساڵی 2008 لە سێزدەیەمین خولی دوو ساڵانەی نێونەتەوەیی کیشوەری ئاسیا لە بەنگلادش کە بە دووساڵانەی بەنگلادش ناسراوە، بەرهەمەکانی لە زومرەی هونەرمەندانی پێشەنگی ئێرانی لە شاری داکا بۆ ماوەی یەک مانگ نمایش کرا.
سەرچاوە: مەنووچێهر جیهانی - ماڵپەڕی پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: پەیکەرتاش

شارەکان: سنە

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 136

## ئەحمەد دەنگ گەورە

http://www.kurdipedia.org/?q=2012112515370573905

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: هونەرمەند

شارەکان: سلێمانی

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 137

## ئەحمەد زارعی

http://www.kurdipedia.org/?q=200912100952502954



ساڵی 1316 هەتاوی لە گەرەکی سەرپەچەی شاری سەقز لە دایک بوە، هونەرمەند ئەحمەدزارعی لە گەڵ ئەوەی کە نەخوێندەواریش بوە پتر لە چوارسەد گۆرانی لە رادیو کوردی کرماشان وسنەو مەهابادوتاران وتوەتەوە کە کاتی خۆی هەر لە رادیۆدا بە بێ ئەوەی تۆمار بکرێت وتوویەتی کە زیاتر لە پەنجا شریتی ئەو گۆرانی یانەی لە ئارشیوی ماڵی خۆیدا هەڵگرتوە. ساڵی 1337 هەتاوی کە رادیۆ کوردی کرماشان دەست بەکار بوە ئەو وەک یەکەم کەسەکان لە خزمەت مەرحوومی "حەسەن کامگار" گۆرانی لەو رادێویەدا وتوە، لە گەڵ خاتوو "میدیا زەندی "گۆرانی(پاییزە لەمن درەنگە لەتۆ)ی وتوەوتۆماری کردوە. ساڵی 1351 و 52 لە شاری مەهاباد لە گەڵ هونەرمەند رەشید فەیزنژادو حەمەی دانش وحسەین رەهبەر گۆرانی تۆمار کردوە، لە زۆربەی بۆنەومۆناسبەتە میللی ونەتەوەیی یەکانی لەشکری وکشوەری ئەوکات ئاهەنگی گێراوەو بەشداری کردوە، لەو گۆرانی یانەی کە بە ناو ئەحمەدزارعی یەوە ئەیناسنەوە ئەتوانین گۆرانی "دووسەر لە سەر سەرینێ، ئەی لە گوڵی من، یاڵا شۆفیر. کە تورکی بوەو کردویەتە کوردی وگەلێکی دیکە ناو بەرین لەگەڵ مەرحوومی حەسەن زیرەک دۆستایەتی هەبوەو لە کرماشان و وڵاتی عێراق پێکەوە بون...
بەرهەمەکانی کاک ئەحمەد زارعی هەرچی هەیە لە سەر سەفحەی گراماڤۆن و شریتی کاست دایە کە لەم رۆژانەدا هونەرمەند خەلیل سەعیدی لە سەر ئەرکی خۆی چەندگۆرانی یەکی بۆ کلیپ کردوەو هەر ئێستە لە بەردەستی خەڵک وئاشقانی گۆرانی یەکانی کاک ئەحمەد دایە..
هونەرمەند ئەحمەد زارعی ئێستایشی لەگەڵ دابێ پیاوێکی خۆش مەشرەف و تەڕپۆش وتەڕدڵ بوەو هەتا ئێستا 9 ژنی هێناوە !!! کە تەنیا کوڕێکی بە ناوی "هوشیار" هەیەو لە دەرەوەی وڵات دادەنیشێت..
ئەحمەدی زارعی ماوەی پازدەساڵان لە گوندی "قاقڵاوا" ی ناوچەی تورجانی سەقز خزمەتکاری تەکیەوبارەگای شێخانی زەنبیل دەبێ و لە حوجرەو خانەقای سەیدکامیل ئیمامی "ئاوات" ی شاعیردا چایی پەز دەبێت هەر بەو بۆنەوە زۆر لە نزیکەوە شاعیرانی وەک هێمن وهەژاری ناسیوەو دۆستایەتی لە گەڵیاندا هەبوە...
لەم ساڵانەی دوایی دا چوار پێنج کەس وەک هونەرمەندانی کۆن ولە مێژنە لە لایەن وەزارەتی ئیدارەی ئیرشادەوە مووچەی مانگانەیان بۆ دیاری کرا کە کاک ئەحمەد زارعی یەکێک لەو چەندکەسە هونەرمەندانەیە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی چەمەڕا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

شارەکان: سەقز

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 138

## ئەحمەد زیرەک

http://www.kurdipedia.org/?q=20091206125325283



ئەم دەرهێنەرەی کورد، ڕۆژی 2009/11/20 بەجلوبەرگی کوردییەوە چووە سەر شانۆی فیستیڤالی قاهیرە و خەڵاتی زیوینی وەرگرت. فیلمەکەی کە بەناوی (پەنابەری پاریس(Paris d'exil -ە، لە فیستیڤاڵەکەدا خەڵاتی زیوین (دووەم)ی وەرگرت لە دوای فیلمی .(The Rapture of Fe) ئەحمەد زیرەک کە خەڵکی شاری جۆلەمێرگی باکووری کوردستانە و ئێستا کارمەندی تەلەڤزیۆنی کورد-1 ە لە پاریس، لەو فیلمەدا ژیانی پەنابەری 25 ساڵەی خۆی تێکەڵی ئازاری ئەو پەناخوازانە کردووە کە لە فەرەنسا لەژێر نایلۆن و سەر کارتۆنەکانی نێو زبڵخانەکاندا دەخەون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو نێت

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باکووری کوردستان

جۆری کەس: سینەماکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

ژمارە: 139

## ئەحمەد سالار

http://www.kurdipedia.org/?q=20081126134455527



ساڵی 1947 لەشاری سلێمانی لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لەسلێمانی تەواو کردووە، دواتر چۆتەکۆلێژی هونەرەجوانەکان لەشاری بەغدا و لەبەشی سانۆ درێژەی بەخوێندن داوە.
دامەزرێنەری کۆمەڵیک تیپی هونەری بووەلەوانەپێشرەو وسالار.
ساڵی 1977 لەفیستیوالی هونەری عیراق خەڵاتی باشترین دەرهێنەری وەرگرتووە.
تا ئێستا 24 کتێبی لەسەر هونەری شانۆ نووسیوەو خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری شانۆیە.
سەرپەرەشتی گۆڤاری شاکارە، هونەرمەند ئەحمەد سالارتا ئێستا خاوەنی 103 بەرهەمی هونەرییە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: شانۆکار

جۆری کەس: )ئەکادیمی(

جۆری کەس: پەڕلەمانتار

جۆری کەس: نووسەر

شارەکان: سلێمانی

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

پارت: پارتی دیموکراتی کوردستان

ئەم بابەتە باشتر بکە!

ژمارە: 140

## ئەحمەد شەماڵ

http://www.kurdipedia.org/?q=20081110165325263



ناوی تەواوی "ئەحمەد مەحمود"ە و بە"ئەحەی خولە سنەیی" ناسراوە لەساڵی 1923 لەگەڕەکی سەرشەقام لەشاری سلێمانی لەخێزانێکی هەژار و دەستکورتی لەدایکبوو. لەسەرەتادا دەخرێتە حوجرە بۆ خوێندنی قورئان، کە ئەوکات حوجرەکان پرەوێکی زۆریان هەبووە، لەبەر هەژاری وازی لەخوێندن هێناوە و دەستی بەکارکردن کردووە و ئاوارەی شاران بووە، خەم و کەسەر و مەینەت دەبێتە بەشێک، لەژیانی ئەم کەڵە هونەرمەندە هەر لەسلێمانی ژنی هێناوە و چەند منداڵێکی خستۆتەوە، کەئەوانیش "جەمال و جەلال و جەزا و شەماڵ و ناسک و بەناز"یان ناوە.

لەساڵی 1953دا دەستی بەکاری هونەری کردووە، پاش ئەوەی کەخەڵک وردەوردە گوێبستی دەنگی ئەو هونەرمەندە دەبن وای لێ دێ خەڵکانێکی زۆر خۆشیان بووێت، لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندەکانی ئەو سەردەمە گۆرانی گوتووە، وەک خوالێخۆشبووان ماملێ و زیرەک و مەردان.
ئەم هونەرمەندە لە رۆژی 1997.04.03دا لەشاری سلێمانی لەدوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشیدا چاوی لێکناو بۆ یەکجاری بەجێی هێشتین، کەهەر لەو شارەش بەئامادەبوونی خەڵکێک زۆر بەخاک سپێردرا.
سەرچاوە: ماڵپەری خۆزگە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

شارەکان: سلێمانی

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 141

## ئەحمەد عەونی

http://www.kurdipedia.org/?q=20100411214733413З



گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 142

## ئەحمەد نازدار

http://www.kurdipedia.org/?q=20100819141855478۴



گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 143

## ئەحمەد نەجیب

http://www.kurdipedia.org/?q=20101024095008102۱5

گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 144

## ئەحمەد کاوانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20100815173551470 4



گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 145

## ئەحمەد کاکە سوور

http://www.kurdipedia.org/?q=20120703223438716 75



شێوەکار

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: شێوەکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 146

## ئەحمەدی خۆشنوس

http://www.kurdipedia.org/?q=200903151036491656

ناوی تەواوی ئەحمەد ڕەحیم محەمەدە.
1975لەکەلار لەدایکبووە .
دەرچووی ناوەندیە .
ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی لقی بنکەی ئەدەبی گەلاوێژە .
خاوەنی سیازدە پێشانگای تایبەت و سی و چوار پێشانگای هاوبەشە لەکوردستان و ئەوروپا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: کاریکاتێروان

شارەکان: کەلار

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

ژمارە: 147

## ئەرجومەند هەورامی

http://www.kurdipedia.org/?q=20110620193522055



گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

زمان - شێوەزار: کرمانجیی هەورامی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 148

## ئەردەڵان بەکر

http://www.kurdipedia.org/?q=200910121104162082



هونەرمەندی جوانەمەرگ لە ساڵی 1967 لە شاری هەولێر لە دایکبووە و لەماوەی کارکردنی هونەریدا چەندین بەرهەمی جوان و ناوازەی پێشکەش بە گوێگرانی کوردی کردووە و یەکێک بووە لە هونەرمەندە بەتوانا و خۆشەویستەکان و خاوەن جەماوەرێکی بەرفراوان بووە. نێوبراو چەند ساڵێک پێشمەرگایەتییشی کردووە. لە 10-10-2009 لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی ستۆکهۆڵمی وڵاتی سوید بەناوی کارۆلینسکا، بەنەخۆشیی شەکرە کۆچی دوایی کرد. ئێوارەی 14-10 تەرمەکەی گەییشتەوە هەولێر و ڕۆژی 15-10 لە گۆرستانی شێخ ئەحمەد لە هەولێر بەخاک سپێردرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

جۆری کەس: پێشمەرگەی دێرین

شارەکان: هەولێر

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

پارت: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 149

## ئەردەڵان قادر

http://www.kurdipedia.org/?q=201008261005074915



وێنەگری وەرزشیی ڕۆژنامەی هەولێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: فۆتۆگرافەر

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 150

## ئەرژەنگ کامکار

http://www.kurdipedia.org/?q=200908051534221924



یەکێکە لە ئەندامانی گرووپی کامکاران. ساڵی 1954 لە شاری سنە لە دایک بووە و ژەنیاری تومبەکە. لە سەردەمی منداڵی دا حەزی لە نیگارکێشی بووە بەڵام بەهۆی ژیانی لە بنەماڵەیەکی شەیدای مۆسیقا دا، ئەویشی بۆ دنیای هونەری مۆسیقا راکێشاوە و بۆ ئۆرکێستری فەرهەنگ و هونەری سنە تومبەکی لێداوە و ئێستاش بۆ کامکاران تومبەک لێدەدا.
سەرچاوە: ویکیپیدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: موزیکژەن

جۆری کەس: شێوەکار

شارەکان: سنە

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 151

## ئەرسەلان بەهرامی

http://www.kurdipedia.org/?q=20120517115840647 59

شێوەکار

تایبەتمەندییەکانی بابەت

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: شێوەکار

شارەکان: سەقز

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 152

## ئەرسەلان دەروێش

http://www.kurdipedia.org/?q=200911031621052332



شانۆکار

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: شانۆکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 153

## ئەرسەلان رۆستەمزادە

http://www.kurdipedia.org/?q=2008110710234272

لەدایکبووی ساڵی 1983 لەشاری بۆکانە. خوێندکاری گرافیک لەزانستگای تارانە. لەساڵی 1370(1990) لەژێرچاوەدێری براکەی محەمەد رۆستەمزادەکاری نەققاشی دەست پێکردووەو توانیویەتی بگاتەشێوەو تایبەتمەندی خۆی لەکاردا.
پیشانگاکانی:
(1995)1374پیشانگای بەیەکەوەلەچوارچێوەی سمینارو رێزگرتن لەماموستا حەقیقی لەشاری بۆکان .

(1996)1375پیشانگای بەیەکەوەلەمەڵبەندی فەرهەنگی و هونەری -بۆکان
(1996)1375پیشانگای بەیەکەوە، خەیابانی- بۆکان
(1996)1375پیشانگای بەیەکەوەکونگرەی فەرزانەگان- سنە
(1997)1376پیشانگای بەیەکەوە- بۆکان
(1998)1377پیشانگای بەیەکەوە- بۆکان
(1980ـ1379) پیشانگای تاکەکەسی گالێری همایون- تاران

پیشانگای بەیەکەوەهەلەبجەزانکوی هونەرەجوانەکان- تاران

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: شێوەکار

شارەکان: بۆکان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 154

## ئەرسەلان کامکار

http://www.kurdipedia.org/?q=200908051532271923



مووسیقارێکی کوردە و یەکی لە ئەندامانی گرووپی کامکارانە. لە ساڵی 1960 لە سنە لە دایک بووە. ئەرسەلان کامکار بۆ ئۆرکێستری سەمفۆنی تاران ڤیۆلۆن ی لێداوە و ژەنیاری عوود و بەربەت یشە.
سەرچاوە: ویکیپێدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: موزیکژەن

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

شارەکان:         سنە

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 155

## ئەزنیفە شوکر

http://www.kurdipedia.org/?q=20130906213921888896



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە:          کورد

وڵات:           یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو

جۆری کەس:   گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 156

## ئەزهەر شەمدین

http://www.kurdipedia.org/?q=20111219151231634020

شێوەکار

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس:  پیاوان

نەتەوە:          کورد

جۆری کەس:   شێوەکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 157

## ئەزین قاسم
http://www.kurdipedia.org/?q=2013010614034074723

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە:   کورد

وڵات:   باشووری کوردستان

جۆری کەس:   شێوەکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 158

## ئەژدەر محەمەد
http://www.kurdipedia.org/?q=200908130855361948

لە ساڵی 2002 گۆرانی گوتووە، لەساڵی 2005 یەکەم ئەلبومی گۆرانی خۆی بەناوی "دەستت بێنە سەر دڵم" بڵاوکردۆتەوە.
سەرچاوە: قائید میرۆ -ماڵپەڕی پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە:   کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 159

## ئەژدەر وەهبی

http://www.kurdipedia.org/?q=20090302113740149



لەدایک بووی ساڵی (1977) شاری سلێمانییە، لەساڵی (1989) لە ڕێگەی چەند سروودێکی منداڵان بەشداری لەچەند فیستیڤاڵێکدا کردووە، لەساڵی (1996) یەکەم گۆرانی خۆی بەناوی "گوڵەگەنم" تۆمار کردووە، پاشان چەند گۆرانییەکی بەشێوەی تاک بڵاوکردۆتەوە، لەساڵی (1997)ـەوە دەچێتە هەندەران، لەساڵی (2004) یەکەم ئەلبومی گۆرانی خۆی بەناوی "دیەم" بڵاوکردۆتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

شارەکان: سلێمانی

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 160

## ئەسعەد قەرەداغی

http://www.kurdipedia.org/?q=20100309171857385



گۆرانیبێژ و موزیکژەن

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

جۆری کەس: موزیکژەن

جۆری کەس: نووسەر

جۆری کەس: چالاکی سیاسی

شارەکان: سلێمانی

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 161

## ئەسمەهان

http://www.kurdipedia.org/?q=2010102315105410210



گۆرانیبێژێکی بەناوبانگی میسرە، بەڕەگەز کوردی ڕۆژئاوایە. خوشکی فەرید ئەتڕەشە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: دەرەوە

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

جۆری کەس:    ئەکتەر

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 162

## ئەسەدوڵلا نەسیری

http://www.kurdipedia.org/?q=201009142155459494

لەدایکبووی (1969)ی کرماشان، یەکێک بوو لەفیلمسازە ناسراوەکانی بواری فیلم، لەبەشی درامای تەلەفزیۆنی کرماشان کاری دەکرد.
لەماوەی ژیانی هونەری خۆیدا وەک بەڕێوەبەری بەرهەم ئەرکی بەجێگەیاندنی کارەکانی چەندین فیلمی لەئەستۆگرتووە، لەوانە: دوایین دیدار، ئاوایی ئاوا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس:  پیاوان

نەتەوە:          کورد

وڵات:           ڕۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس:    سینەماکار

شارەکان:       کرماشان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی لوری

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 163

## ئەشکان ئەحمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=200902261640121428

ساڵی 1974 لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە، دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری کرمانە، بەمەبەستی خوێندنی سینەمایی بەرەو وڵاتی پۆڵەندا چووە.
خاوەنی حەوت کورتە فیلمە کە ئەمانەن: "مرۆڤەکان دوورن"، "ژنێک لە هۆزی تەم"، "دینگەی دارین"،

"تەنوور"، "گۆماو"، "وێنە نەگیراوەکان" و "ڕێبوارانی دۆڵی هەنار."
فیلمی ڕێبوارانی دۆڵی هەنار کە باس لە کارەساتی ئەنفال دەکات، تا ئێستا چەندین خەڵاتی ناوخۆ و نێودەوڵەتی وەرگرتووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی گوڵان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| جۆری کەس: | سینەماکار |
| شارەکان: | سنە |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 164

## ئەفشین

http://www.kurdipedia.org/?q=201009230925319595



گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| جۆری کەس: | گۆرانیبێژ |

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 165

## ئەفشینی فەتاحی

http://www.kurdipedia.org/?q=20081222094030920




ساڵی 1972 لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە،لە چەندین فێستیڤاڵی فیلم و وێنەدا بەشداری کردووە و خەڵات و پلەی نایابی وەرگرتووە، ئێستا کارمەندە لە بەڕێوبەرایەتی ڕۆشبیری و هونەری کوردستانی ئێران.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: هونەرمەند

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 166

## ئەمان محەمەد - ئەمان نهێلی

http://www.kurdipedia.org/?q=201002091156173435



گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 167

## ئەمجەد عەزیزپەنا

http://www.kurdipedia.org/?q=2012051711583964754

شێوەکار

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| جۆری کەس: | شێوەکار |
| شارەکان: | سەقز |

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 168

## ئەمجەد عەلی مورادی

http://www.kurdipedia.org/?q=20081126100818503



ساڵی 1333لە گەڕەکی (ناوقەڵا)ی شاری سەقز لەدایک بو وە هەرلە شاری سەقز هەتا پلەی دیپلۆم دەرسی خوێندوەودواتر بۆ خوێندنی زیاترچوەتە شاری تاران و لە بنکەی باڵای ڕاهێنانی پەیوەندی یەکانی مخابرات درێژەی داوە بەخوێندن ودوای دووساڵ لەوزانستگە پروانامەی شارەزابوون(نکنسین) ی مخابراتی وەرگرتوەو گەڕاوەتەوە شاری سەقز وبۆماوەی هەشت ساڵ دەبێتە مووچەخۆری شیرکەتی مخابراتی شاری سەقزبە داخەوە لە ساڵەکانی دوای شۆڕشی 1357تەوەبەچەن هۆیەک لەسەرئەوکارەی لابرا.

دەسپێکی هونەری کاک ئەمجەد ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەرس خوێندنی لە قۆناغەکانی دواناوەندی لە ساڵی 1347دا کە لەژێر جاوەدێری بەڕێز کاک فایق ئادەمی هاتوەتە گۆڕەپانی بەربڵاوی شانۆ وە هەرلەوسەردەمەدا بەردەوام لە کێ بەرکێکانی قوتابخانەیی شاروناوەندا پلەی بەرچاوی وەدەست ئەهێنا وتەنانەت لە هۆردووی شاری (رامسر)دا دەوری بەرچاوی بینی، لەساڵی 1350دا کە بۆ خوێندنی باڵا دەچێتە شاری تاران دووساڵ لەوشارە دەمێنێتەوە کە دەبێتە هۆی ئاشنابوونی لە گەڵ شانۆ ومامۆستایانی بەڕێزی هونەری شانۆ وەک بەڕێزان: مەرحووم "بیژنی

مفید"، مەرحووم "مەحمودجوهری"،ومامۆستا"رکن ا لدین خسروی"مامۆستا "ایرج زهری"و دواتر لەساڵی 1353 دادەگەڕێتەوە زێدەکەی خۆی واتە شاری سەقز و بۆیەکەمین جار کۆڕێکی سەربەخۆی شانۆی شار لە ئیدارەی فەرهەنگ وهونەری ئەوکات دادەمەزرێنێت کە لەوکاتەدا بەڕێز شاهروخی موعینی وەک کارناس وبەڕێوبەری فەرهەنگ وهونەری شاری سەقز دەوری ئەگێرا،ئەندامانی یەکەم گروپی شانۆی شاری سەقز بریتی بوون لە بەڕێزان: ئەمجەدی عەلیمرادی، موحسین خورسەند،سدیق خوسرەوی،خەلیل میرزایی،وکاک خالیدخاکی کە بۆ یەکەمجارشانۆنامەیەکیان بەناوی(جان نپار) نووسراوەی مەرحووم بیژن موفید لەشاری سەقز پێش کەش کرد کە ئەم شانۆیە بڕیاروابوو لە چوارشەودا پێش کەش بکرێت کە بەداخەوە لە لایەن ساواکەوە پێشی پێ دەگیرێ وتەنیا یەک شەوبەڕێوەی دەبەن بەڵام ئەوگوروپە کۆڵی نەداو شانۆنامەیەکی تری بەشێوەی "رووحەوزی" بەناوی(قەزاوقەدەر) لە ساڵۆنی شارەداری ئەوکات و هەروەهاڵە گوندەکانی (سەرا) و(میرەدێ) بەڕیوەیان برد بە سەرپەرشتیاری کاک ئەمجەد عەلیمرادی.
لە هەوڵ وکۆششەکانی کاک ئەمجەد عەلیمرادی ئە توانین ئاماژە بەوچالاکی یانەی خوارەوە بکەین:

-1بەرێوەبردنی دووبارەی شانۆی (جان نپار) لەسالی 1355.

-2شانۆیەکی گوێ حەوزی بەناوی(قەزاوقەدەر) بەهاوکاری بەڕێزان: موحسین خورسەند،خالیدخاکی،فەریدوون ئەنساری،جەعفەری جەعفەردووست،ئیسمایل پاشایی،لە شارەکانی سەقز،سنە،مەریوان،بانە،بیجار،زەنجان،قزوین،فومن، بەندەرئەنزەلی،رەشت،ئاستارا،هەشتپەڕ،تەورێز،ئازەرشەر.

-3شانۆی (شەهیدی دووهەم) لە نووسینی کاک عومەرفاروقی بەهاوکاری خالیدخاکی،ئیسمایل پاشایی،جەعفەری جەعفەردووست،ئیبراهیم وەیسیان، کە ئەم شانۆیە توانی لە فستیواڵی ساڵانەی سەرانسەری ئێران دا بەشداربێت وخۆی بگەیەنێتە ریزی 24شانۆی هەڵبژاردەی ئەوفستیواڵە لە شاری تاران و جارێکیش (محەمەدعلی کشاورز) وەک چاودێر هاتوەتە شاری سەقز بۆ دیتن وهەڵسەنگاندنی ئەوشانۆیە یەکەمجار لەمێژووی شانۆی سەقزدا ئەوگرووپە بەکارگەردانی بەڕێز(سوهراب ئەعزاز) چوە شاری تاران کە شوێنەوارێکی زۆرباشی لە شانحۆی سوقزدا دانا کە دواتر (سوهراب ئەعزاز) کە کارناس وخوێندەواری هونەری شانۆ بوو سەقزی بەجێهێشت وچوە وڵاتی ئاڵمان کە بەشی زۆری هونەری شانۆی سوقزقەرزاری ئەوبەڕێزەیە.

-4شانۆی (سفرسبزدرسبز) لە نووسینی (بێهروزغەریب پوور) کە بۆ پێش کەش کردن لە شاری تاران هەڵبژێردرا.

-5شانۆی(درحوزوورباد) لە نووسینی (بەهرام بەیزایی)

-6شانۆی (ئەسیر) لە نووسینی (ئەمجەدعەلی مرادی)

-7شانۆی (چشم دربرابرچشم) لە نووسینی (غوڵامحسین ساعدی)

-8شانۆی (ئیستسنا وقاعدە) لە نووسینی (برتولدبرشت) بە سەرپەرستی ودەرهێنانی (ێتش تقی پور) کە هەمووی ئەم شانۆیانە لە شاری سەقزولە ساڵۆنی دەبیرستانی سەعدی وشارەداری بەڕێوە ئەچوون کە جیا لەوکەسانەی پێشتر ناومان هێنان بەڕێزان :نەسرین عەلیمرادی،بهروزعەلیمرادی،ماجیدلەحمی،تەها بەنی هاشمی،بەردەوام دەوریان ئەگێرا.

-9شانۆی (ئا سەیدکازم) لە ساڵی 1359دابەهاوکاری بەڕێزان:فەریدوون ئەنساری،جەمشید یەغمووری،ئەحمەد ساڵحی،رەحیم ورەحمان ئەحمەدی،ئیبراهیم وەیسیان،ئەرسەلان مەسرووری،جەعفەررەوشەنفکر،وەفا ئەحمەدپەنا.
-10دووبارە شانۆی (ئاسەیدکازم) کە گرنگی کاری ئەوشانۆیە لەوەدابوو کە ئەمجارەیان کاک ئەمجەد بەچەن هۆیەکەوە لە زیندانی ناوەندی شاری سەقز ژیانی تێئەپەڕا،بەسەرئەوەیشدا کاک ئەمجەد هەرلەهەوڵی هونەری شانۆی شارەکەیدابوو کە بە پێکهێنانی گرووپێک لە سێهەمین فستیواڵی ساڵانەی شانۆی زیندانەکانی ئێراندا بەشداری کرد کە لەشاری سنە بەڕێوەچوو لەوفستیواڵەدا کاک ئەمجەد خەڵاتی باشترین دەرهێنەری پێدراوخاڵی بەرچاوی ئەوشانۆیە لەوەدابوو کاک ئەمجەدکەدەرهێنەربوولەزیندان دابوو وماباقی دەورگێڕەکان ئازادولەدەرەوەی زیندان بوون وهاوکاری کاک ئەمجەدیان ئەکرد بۆ سازکردنی ئەوشانۆی (ئاسەیدکازم)ە ماوەی دوومانگ ئەکتەرەکان بەشەوداهەرهەموویان دەهاتنە ساڵۆنی زیندان (نمازخانە) مەشق وراهێنانیان لە لایەن کاک ئەمجەدەوە ئەبینی کە زۆرتری ئەرکی پێوەندیەکە کەوتبوە ئەستۆی کاک سەڵاح محەمەدی،بەڕێزانی بەشدارلەوشانۆدابریتی بوون لە: سەڵاح محەمەدی،محەمەدزارع زادە،حەسەن عەدنانی، پەیمانی ژیانی،داریوش رەفێعی،عەلی تووفانی،عەلانەباتی،ئەنوەری مرادی،ساڵح ئیسماعیلی،فەرید نەجەفی...
-11شانۆی (موقەسرکیست) لە نووسینی (سادق عاشووری (هەمەدانی(بە هاوکاری ئەحمەد ساڵحی،حەمید وسووقی،مەرحووم رەزاعەلیمرادی،حەسەن زەیێحی،سەعیدساڵحیان.
-12شانۆی (ئەسپی سپی) لە نووسینی (موحسین خورسەند(وەرگێرانی بۆ سەرزمانی کوردی لەلایەن کاک حسەین مەولایی،بەهاوکاری سەڵاح محەمەدی،ئیسمایل پاشایی،محەمەدزارع زادە،رەزا دەباغی،مەنسوور مەسعود، کە بۆ ماوەی شەش شەو بەڕێوە چوو وداهاتەکەی کەلەرێگەی بلیت فرۆشی یەوە بەدەست هاتبوو کەم وزۆر پێش کەش بە لێقەوماوانی کارەساتی هەڵەبجەو ئاوارەکانی کوردی ئێراقی نیشتە جێی کوردستانی ئێران وشاری سەقزکرا،
-13رێخستن وسازکردنی ئەنجومەنی شانۆی سەقزبەیارمەتی هاورێیانی.
-14شانۆی (پەهلەوان کەچەڵ) نووسینی مامۆستا عەلی نەسیریان بە هاوکاری سەڵاح محەمەدی،هانا عەلیمرادی کچی کاک ئەمجەد،حامیدکەریمی،شارام رەزا زادە،حەسەن وشاریاری عەدنانی،حسەین حەسەن زادە.
-15رێخستنی فستیواڵی شانۆی سەقز بە یارمەتی هاورێیانی.
-16رێخستنی فستیواڵی شانۆی کوردی بەیارمەتی هاورێیانی.
-17بەڕێوەبردنی شانۆی (چهار سندووق) لە نووسینی بەهرام بەیزایی.
-18دەورگێر لە شانۆی (ژان) دەرهێنەر سەڵاحی محەمەدی
-19دەورگێر لە شانۆی (کۆری قوربانی کردنی سمنار(دەرهێنەر سەڵاح محەمەدی.
-20بە خۆشیێ یەوە کاک ئەمجەد ئێستەیش لە شاری سەقزدا نیشتەجێ یەو کەسب وکاری ئازادی هەیەو بەردەوامیشە لە هەوڵە هونەریەکانی شانۆدا
سەرچاوە: ماڵپەڕی چەمەڕا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: شانۆکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 169

## ئەمیر

http://www.kurdipedia.org/?q=2011041310444827368




...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 170

## ئەمیر ئەکبەر

http://www.kurdipedia.org/?q=20081118144248338

لەساڵی 1981 لەبیجار لەدایکبووە، خوێنکاری بەشی گرافیکە لە کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی تاران، لە فیستیڤاڵی پێشبرکێی چاپەمەنیدا پلەی دووەمی لەکاریکاتێردا بەدەستهێناوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: کاریکاتێروان

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 171

## ئەمیر تەها

http://www.kurdipedia.org/?q=20101027110306105250



دەرهێنەر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: سینەماکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 172

## ئەمیر حەسەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20110211123221332090



گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 173

## ئەمین ئیبراهیم فەرەج

http://www.kurdipedia.org/?q=2013071209205789599



ساڵی 1926 لە سلێمانی لەدایکبووە، نزیکەی 20 گۆرانیی لە ڕادیۆی بەغدا تۆمارکردووە، یەکەم گۆرانیی لە 10-10-1948 لە بەغدا تۆمارکردووە.
پیشەی کارگوزار بووە لە قوتابخانەی دەرگەزێنی سەرەتایی کوران.
لە 21-09-1998 لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

شارەکان: سلێمانی
-ساڵی 1998 بە شانۆی دوبارەی داستانێک بەشداری یەکەم فیدستڤاڵی شانۆی کوردی لە تاراوگە کرد لە بەرلین ئەم شانۆیە لە ئامادەکردن و دەرهێنانی هونەرمەند سیروان رەحیم بوو
-ساڵی 2000 بەشداری لە دووهەم فیستڤاڵی شانۆی کوردی لە تاراوگە کرد بە شانۆی پێنج (5) تابلۆ لە ئامادەکردن و دەرهێنانی هونەرمەند شۆرش قادر بوو هەر لەم فیتسڤاڵە خەلآتی باشترین ئەکتەری پێبەخشرا.
-ساڵی 2001 رۆڵی سەرەکی بینی لە فیلمی سینەمایی 35 میلم رۆژانی زەرد ئەم بەرهەمە بەشداری چەندین فیستڤاڵی جیهانی ردووە کە بەرهەمێکی ئەڵمانی بوو.
-ساڵی 2002 رۆڵی سەرەکی بینی شانۆی - شەوی زاوایەتی- بە زمانی هۆڵەندی کە لە نووسین Vera Aikens دەرهێنانی هونەرمەندی عەرەب رسول السغیر
هەر لە ساڵی 2002 رۆڵی سەرەکی بینی لە درامای تەلەفزیۆنی Hallo Holand کە لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند ئەکرەم سلێمان بوو.
-لە ساڵی 2004 رۆڵی سەرەکی بینی لە درامای تەلەفزیۆنی (نامۆیی) کە لەنووسین دەرهنانی هونەرمەند شۆرش قادر بوو.
-هەر لەهەمانساڵدا 2004 بە رۆڵی سەرەکی بەشداری لە فیلمی دەریایەک لە بیرەوەریم-یکرد کە لەنووسین و دەرهێنانی هونەرمەند کامەران رەئوف بوو.
-ساڵی 2005 رۆڵی سەرەکی بینی لە کورتە فیلمی Gekleurde Ijs بە زمانی هۆڵەندی بۆ Art Universaty لە دەرهێنانی هونەرمەند کاک ئاکۆ سیرینی بوو
-ساڵی 2006 رۆڵی سەرەکی بینی لە شانۆی De Herineringen بە زمانی هۆڵەندی ئەم شانۆیە لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند کامەران رەوف و وەرگێرانی بۆ هۆڵەندی شەماڵی عەبەڕەش پێداچوونەوەی زمانTom Theo Smit
-ساڵی 2006 بەشداری لە زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی بە زمانی ئینگلیزی بە ناوی – -Casualtymلە دەرهێنانی هونەرمەندی بەریتانیBen Morris
-هەر لە ساڵی 2006 رۆڵی سەرەکی بینی لە کورتە فیلمی(دڵشاد) کە لەنووسین و دەرهێنانی ئاکۆ سیرینی بۆ Art Universaty بوو لەUtrecht
-ساڵی 2007 رۆڵی سەرەکی بینی لە 8 ئەڵقەی زنجیرە درامای Nederlands aan het werkبە زمانی هۆڵەندی کە لە دەرهێنانی هونەرمەندی هۆڵەندی (Ruben Bults)
-هەر لە هەمان ساڵدا رۆڵی سەرەکی بینی لە شانۆی (دەرگە) بە زمانی کوردی ئەم شانۆیە لە نووسینی نووسەری ناوداری حەرەب (یوسف السغیر) و وەرگێران بۆ کوردی جەمال خەمباری شاعیر، وە وەرگێرانی بۆ هۆڵەندی هونەرمەند شەماڵی عەبەڕیش بوو
-ساڵانی 2008 و سەرەتای 2009 رۆڵی سەرەکی بینیوە لە 5ئەڵقەی زنجیرە درامای

منالان بە زمانی هۆڵەندی بۆ کۆمپانیای Ooit لە نووسین و دەرهێنانی ئەکرەم سولێمان کە ئێستا لە هۆڵەندا نمایش دەکرێت.
لە دوای نیشتەجێبوونی لە بەریتانیا بەشداریکردووە لە رێکخستن و سەرپەریشتیکردنی فیستڤاڵی مۆنۆدرامای کوردی لەلەندەن لە هەمانساڵیشدا زنجیرە درامای 'Guardians of the Museum رۆڵی بینیوە کە درامایەکی نوێی کە ناڵی.BBC1
سەرچاوە: زانا گەلاڵی - ماڵپەری کلاورۆژنە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: شانۆکار

شارەکان: سلێمانی

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 908

## شەماڵ محەمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20100824154643489



گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 909

## شەمدین

http://www.kurdipedia.org/?q=20101103150812l0560




گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باکووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 910

## شەهباز شاهین پوور

http://www.kurdipedia.org/?q=20100322205152402l



ساڵی 1972 لە بنەماڵەیەکی هونەردۆست لە شاری مەهاباد لە دایک بووە.
خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی لە شاری مەهاباد تەواو کردووە و بەکالۆریۆسی لقی موزیکی لە کۆلێژی هونەری زانکۆی تاران و هەروەها ماستەری ئاوازدانەری هەر لە هەمان زانکۆ وەرگرتووە.
ئەو ئامێرژەنە چالاکی جیدی هونەری خۆی بە چوونە ناو زانکۆ لە ساڵی 1994 دەست پێکرد و تا ئێستا نزیکەی 100 ئاواز و پارچە موزیکی بێ قسە و بە دەنگی گۆرانیبێژانی کورد بە شێوازی ئۆرکستراڵی موزیکی سونەتی و موزیکی کوردی ئامادە کردووە.
"شاهین پوور" ئێستا لە رادیۆ و تەلەفیزیۆنی ناوەندی مەهاباد و هەروەها بەرِێوەبەرایەتی فەرهەنگ و ئیرشادی مەهاباد وەکوو ئامێرژەن، ئاوازدانەر، گۆرانیبێژ و مامۆستای وانەکانی ئامێری سەنتوور و ئاوازدانەریدا هاوکاری دەکات و لەگەڵ گۆرانیبێژی کورد عەزیز شاهرۆخ و هەروەها گۆرانیبێژان عەلائەدین باباشەهابی و

عادڵ هەورامی لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان بە ئامێری سەنتوور کۆنسێرتی پێشکەش کردووە.
ئەم هونەرمەندە بە هاوکاری گرووپەکانی موزیکی "لاوژە" و هەروەها "چێکارد"ی موکریان بە دەنگی بێهنام تاهیری لە شارە جۆراوجۆرەکانی وڵاتانی سوید، بەلژیکا و پۆڵەندا کۆنسێرتی موزیک و گۆرانی کوردی ساز کردووە.
موزیکزانی کورد بە ئامێری سەنتوور و هەروەها لەگەڵ گرووپەکانی موزیکی شاری مەهاباد لە فیستیڤاڵە جۆراوجۆرەکانی موزیک و هەروەها لە فیستیڤاڵی رادیۆ و تەلەفیزیۆنی ئێران بەشداری کردووە و چەندین خەڵاتی گرینگیشی بەدەستهێناوە، لەوانە: تەندیسی باشترین موزیکی ساڵی پێغەمبەر لە فیستیڤاڵی ناوەندەکانی رادیۆ و تەلەفیزیۆنی ئێران لە شاری ئیسفەهان و پلەی باشترین دابەشکردنی موزیک لە 17مین خولی فیستیڤاڵی ناوەندەکانی رادیۆ و تەلەفیزیۆنی ئێران لە شاری بەندرعەبباس.لە سالی 2010 لە فیستیوالی بین المللی فه جر لە تاران و فیستیوالی کوردی شاری سنه به عینوانی سه ر په رشت و دابه ش کردن و دانانی ئاواز،ویرای گروپی "ژی" پله ی هه وه لی موسیقای ئیرانی وکوردی به ده ست هینا. سەرچاوە :
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (شەهباز شاهین پوور) سەبارەت بە (شەهباز شاهین پوور) لە: 22-10-2010 15:39:46

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: هونەرمەند

شارەکان: مەهاباد

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 911

## شەهرام شەمسی

http://www.kurdipedia.org/?q=201008241204324881



لەدایکبووی ساڵی 1970ی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لە قوتابخانەی مامۆستا محەمەد پووریان وانەکانی خۆشنووسی خوێندووە، توانیویەتی ببێتە خۆشنووسێکی ئەکادیمی کورد، لە ئێستاشدا وەک یەکێک لە مامۆستایانی خۆشنووسی لە قوتابخانەکاندا وانە دەڵێتەوە، تائێستا چەندین پیشانگای هونەری لە شار و ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تاران و چەند شارێکی تردا کردووەتەوە، خاوەن سەلیقە و توانایەکی کەموێنەیە لە بواری هونەری خۆشنوویدا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: خۆشنووس

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 912

## شەهرام عەلیدی

http://www.kurdipedia.org/?q=20081124114415468



لە ساڵی 1971 لە شاری سنە لە دایکبووە، لە ساڵی 1982 چالاکی شانۆیی هەبووە، لە ساڵی 1988 چەند چالاکییەکی لە بواری شێوەکاری ئەنجام داوە، دەرچووی بەشی شێوەکاری کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی تارانە، لە هەمان کۆلێژ ماستەری لە سینەما بەدەستهێناوە. لە سێ پێشبڕکێی شێوەکاری خەڵاتی یەکەمی بەدەستهێناوە لە ساڵانی 1991 و 1992 و 1993، چالاکی لە بواری ئەنیمەیشنی بۆ کتێبی منداڵان کردووە، ئێستا ئەندامی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی نێونەتەوەیی ئەنجومەنی سینەماکارانی لاوی وڵاتی ئێرانە و ئەندامی دادوەری فیستیڤاڵی (بەند عەباس) لە ئێران و ئەندامی لێژنەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە بنکەی کورتە فیلمی ئێران.
دەرهێنەر خاوەنی چەندین کورتە فیلمی سینەمایی و دیکۆمێنتییە، کە ئەمانەن:
)ماملێ) دیکۆمێنتی 1998
)شۆت) 1999
)دەرگای بەهەشت) دیکۆمێنتی 2000
)زەوی سەخت و ئاسمان دوور) 2000
)شێرکۆ بێکەس) دیکۆمێنتی 2000

)دوایین گوندی سەرژمێری نەکراو) 2002
)دوگمە) 2003
)گوندی ئەدێشە) 2003
)هەناسە) دیکۆمێنتی 2005
)شاخەکانی تاران) دیکۆمێنتی 2006
فیلمی دوایین گوندی سەرژمێری نەکراو کە یەکێکە لە فیلمە هەرە بەهێزەکانی دەرهێنەر، چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە، خەڵاتەکان ئەمانەن:
خەڵاتی فیستیڤاڵی (Sony) تاران 2002
خەڵاتی فیستیڤاڵی (ئاوانکا) پورتوگال 2003
هەڵبژێردراوی فیستیڤاڵی پووسان کۆریای باشوور 2003
خەڵاتی فیستیڤاڵی (ریۆدۆژانیرۆ) بەرازیل 2003
خەڵاتی فیستیڤاڵی (دورنێزی) فەرەنسا 2003
لە بەشی پێداچوونەویەک بە فیلمە کوردییەکانی دنیا، خەڵاتی فیستیڤاڵی (فیلمی کوردی بەرلین) 2003
خەڵاتی فیستیڤاڵی (مێد فیلم Med Film Festival 2003 (
خەڵاتی بەشی نێونەتەوەیی فیستیڤاڵی (کلێرمونت) فەرەنسا 2003
خەڵاتی باشترین بەرهەمی نەتەوەیی فیستیڤاڵی (کورتە فیلمی تاران) ئێران 2003
خەڵاتی باشترین سیناریۆ لە فیستیڤاڵی (ئارۆکا) پورتوگال 2004
خەڵاتی تایبەتی لێژنەی ناوبژیوانی فیستیڤاڵی (فیلمی سلێمانی) 2004
خەڵاتی تایبەتی بینەران لە فیستیڤاڵی (ئیماگۆ) پورتوگال 2004
خەڵاتی تایبەتی فیلمێکی راشکاوانە لە فیستیڤاڵی (هامبۆرگ) 2004
خەڵاتی تایبەتی ناوبژیوان لە فیستیڤاڵی (تۆرێنتۆ) ئیتالیا 2004 .
جگە لەم بەرهەمانە دەرهێنەر چەندچالاکییەکی دیکە ئەنجامداوە:یاریدەدەری دەرهێنەرو دیزاینەری تایتل لە فیلمی کاتی دەرهێنەر محەمەد تاغی جەلیلی- دیزاینەری برۆشۆر لە فیلمی (پەری دەریا)ی دەرهێنەر (میەرنووس فارس)- دیزاینەری شانۆ و جل و بەرگ لە فیلمی (گۆرانییەکانی وڵاتی دایک)ی دەرهێنەر (بەهمەنی قوبادی) - وەک وانەبێژێک بەشداری لە ووٚرکشۆپی (تێگەیشتن لە رێزبەندی رووداوەکان) لە وڵاتی ئێران کردووە - وانەبێژ لە ووٚرکشۆپێک دەربارەی سیناریۆ لە فیستیڤاڵی کان لە ساڵی 2004 - وەک بەرهەمهێنەر لە فیلمی (گەڕانەوە بۆ بام)ی دەرهێنەر (جیفانێتی و زێنسیزی) کاری کردووە.
بەرهەمە سینەماییەکانی دەرهێنەر تا ئێستا لە چەندین هۆڵی سینەمایی جیهانی و کەناڵە ئاسمانییە جیهانییەکان نمایشکراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: سینەماکار

شارەکان: سنە

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 913

## شەهرام گوڵچین

http://www.kurdipedia.org/?q=2014032423065962177



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ڕەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 914

## شەهرام موکری

http://www.kurdipedia.org/?q=201001241551393321




ساڵی 1979 لە شاری کرماشان لە دایکبووە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی سینەمای لە زانکۆی سوورەی تاران وەرگرتووە.
هەر لەم زانکۆیە فیلمێکی بە ناوی "برق گرفتگی و مگس"ی بە کامێرای دەستی ساز کرد کە لە چوارەمین خولی فیستیڤاڵی قوتابیانی ئێران خەڵاتەکانی باشترین فیلم، سیناریۆ، تەدوین، وێنەگری و دەرهێنانی بەدەستهێنا و لە فیستیڤاڵی فیلمی SONY خەڵاتی وەرگرت.
موکری دواتر یەکەمین کورتە فیلمی خۆی بە ناوی "توفانی سەنجاقەک" لە ساڵی 2004 ساز کرد کە لە فیستیڤاڵەکانی ناوەوەو دەرەوەی ئێران چەندین خەڵاتی پڕبایەخی بەدەستهێنا.
کورتە فیلمی "مەحدودەی دایرە" واتە "دەوروبەری بازنە"ی بەرهەمهێنا کە لە میانەی 25مین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی فەجر لە سینەماکانی شاری تاران بۆ هۆگرانی هونەری سینەما نمایشکرا و ئەم فیلمەش تا ئێستا چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە.
سەرچاوە: مەنووچێهر جیهانی - ماڵپەڕی پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: سینەماکار

شارەکان: کرماشان

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 915

## شەهرام نازری - شارام نازری

http://www.kurdipedia.org/?q=20081110153539253



شارام نازری ساڵی 1328 ی هەتاوی(50-1949 ی زایینی) لەکرماشان لەنێو بنەماڵەیەکی هونەرپەروەردا چاوی لەڕووی ژیان هەڵێنا. ئەو هەر لەسەردەمی منداڵییەوەوەک زۆربەی گۆرانیبێژان کەدەنگەزوڵاڵەکەیان میراتێکی بنەماڵەییە، ئەو دەنگەخۆش و لەبەردڵانەلەباوک و دایکی بەمیرات پێ دەگات. وەکی دەڵێن باوکی دەنگێکی خۆشی پێوەبووەو بەدوای شێوازی گۆرانی چرینی بەرینانی خۆدا خاسما نەمر "شێخ داوودی" دا چووە. هەر بۆیەکورەکەی هەر لەمناڵییەوەبار دێنێ. هەڵبەت پێشەنگی بنەماڵەکەیان لەبواری هونەریی دا نەمر مامۆستا" حاجی خانی نازری" بووەکەزۆربەی هونەرمەندانی کرماشانی فێری نۆتەو مۆسیقای رەسەنی ئێرانی کردووە.
باوکی شارام نازری سەرباری ئاشنایێتی دەگەڵ هەوا و دەزگاکانی مۆسیقایی ئێران، سێتاریشی ژەنیوە، دایکیشی دەنگێکی خۆشی پێوەبووە. شارام لەنێو وا ماڵباتێکدا پەروەردەبووە. هەر ئەو خاڵەلەسەر شارام نازری شوێندانەر دەبێ و ئەو لەتەمەنی 9 ساڵاندا یەکەم بەرنامەی هونەری خۆ لەڕادیۆ کرماشان بەئامێری تاری نەمر "دەروێشی" لەژەنیارانی بەناوبانگی دەڤەری کرماشان پێشکەش دەکات.
شارام نازری پاشان لەتەمەنی 11 ساڵاندا لەڕادیۆ تەلەڤزیۆنی ئێران چەن بەرنامەیەکی هونەری بەڕێوەدەبات. بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانیاری و ناسیاری خۆ دەگەڵ مۆسیقا ئەچێتەلای کورەمامی خۆ "عەلی نازری" و "دەروێش نەعمەت عەلی خانی خەراباتی" و پتر دەگەڵ دونیای گۆرانی و ئاوازی کوردی ئاشنا دەبێت. پاشان بۆ بەرفرەکردنی زانستی هونەری خۆ دەچێتەلای گەلێ مامۆستای پایەبەرز. ساڵی 1345 ی هەتاوی بەلای مامۆستایانی وەک نەمر "عەبدوڵڵا خانی دەوامی"، "نوورعەلی خانی بروومەند"، "عەبدولعەلی وەزیری"، مەحمود کەریمی و...درێژەبەخوێندنی هونەری خۆ دەدا. هەر لەو دەمەوەنیشتەجێی تاران دەبێت و بەلای مامۆستایانی دی وەک "ئەحمەد عیبادی"، "مەحمود تاج بەخش"، " جەلال زوولفنوون" و " مەحمود هاشمی" یەوەزانیاری هونەری خۆ بەرز دەکاتەوە .
شارام نازری نێزیکەی ساڵێک لەتەورێز لەگەڵ ژەنیار و مۆزیکژەنانی ئەو دەڤەرەوەک " بیجگەخانی"و "مەحمود فەرنام قیتانچیان" کەلەقوتابییانی "ئیقباڵ ئازەر" بوون لەسەر مۆسیقایی ئێرانی چالاکی دەبێت.
ساڵی 1354 ی هەتاوی لەسەر پێشنیازی نوورعەلی برووەمەند لەدەزگەی رادیۆ تەلەڤزیۆن دادەمەزرێ و یەکەم بەرنامەی هونەری لەگەڵ تیپی شەیدا بەسەرپەرشتی "محەمەد رەزا لوتفی" بەشێعرێکی نێو مەسنەوی مەولەوی و گۆرانییەکی "شێخ بەهایی" بەڕێوەدەبات. پاشان دەگەڵ تیپی مۆسیقای "عارف "بەسەرپەرشتی "حوسێن عەلیزادە" و "پەروێز مووشکاتیان" درێژەبەهاریکای خۆ دەدا. ساڵی 1355 ی هەتاوی لەیەکەمین تاقیکاری مۆسیقای رەسەنی ئێرانی دا(باربوود) پلەی یەکەم وەدەس دێنێ. ساڵی 1356 ی هەتاوی هاورێی تیپی هونەری "سەماعی" بەسەرپەرشتی "ئەسغەر بەهاری" و "حوسێن ناهید" بۆ کۆنسێرتکردن بەشداری فێستیڤاڵی "تووس" دەبێت. ساڵی 1358 ی هەتاوی دەگەڵ گرووپی "چاووش" کەبۆ خۆشی ئەندامێکی ئەو تیپەدەبێت لەبارودۆخێکی زۆر دژواردا دەنگی ئاواز و گۆرانی رەسەن بەگوێی جەماوەری هونەردۆس دەگەیینێ. شارام نازری لەساڵی 1357 هەتا 1360 ی هەتاوی چالاکانەئەلبۆمەکانی 2، 3، 4، 7 و 8 بەهاوکاری تیپی چاووش، شەیدا و عارف بەسەرپەرشتی محەمەد رەزا لوتفی،

حوسێن عەلیزادەو پەروێز مووشکاتیان، ئەلبۆمی مەسنەوی مووسا و شوان بەهاریکاری ژەنیارانی دەزگەی پاراستن و بڵاوکردنەوەی مۆسیقای رەسەنی ئێرانی و تیپی مەولانا بەسەرپەرشتی جەلیل عەندەلیبی، ئەلبۆمی "پەیڤی عەشق "بەهاوکاری گرووپی "تەموورەی شەمس" و "عاشقەکەی وەک من" و بەهاریکاری تیپی هونەری عارف بەسەرۆکایەتی پەروێز مووشکاتیان ئامادەدەکات. شارام نازری لەساڵانی 1360 تا 1364 ی هەتاوی، رادەی چالاکی هونەری و مۆسیقایی خۆ کەم دەکاتەوەو زێتر روو لەوانەوتنەوەی مۆسیقا و فێرکردنی دەزگاکانی مۆسیقایی بەهۆگرانی دونیای مۆسیقا دەکات.
لەساڵی 1364 ی هەتاوی بەم لاوەدەگەڵ چەندین تیپی مۆسیقای ئێرانی گەلێ بەرهەمی بەپێز پێشکەش دەکات کەئەو بەرهەمانەزێتر روویان لەخانەی مۆسیقای عیرفانی و رەسەنی ئێرانییە. لەبەرهەمەشازەکانی ئەو سەردەمەدەکرێ ئاماژەبکەینە: "گوڵی سەت چڵ" بەهاوکاری مامۆستا جەلال زوولفنوون، "ئاوری نێو قامیشەڵان" بەهاریکاری دیسان مامۆستا جەلال زوولفنوون، کۆنسێرتی "مامۆستایان" بەهاوکاری مامۆستا فەرامەرز پایوەر و "بێ قەرار" بەهاوکاری جەلیل عەندەلیبی.
شارام نازری بەدرێژایی ساڵانی چالاکی خۆ، گەلێ کۆنسێرتی بۆ مۆسیقای رەسەنی ئێرانی پێشکەش کردووەو لەسەردانی خۆ بۆ وڵاتانی ئاسیایی و ئەورووپی و ئەمریکا، بەرنامەی هونەری بەڕێوەبردووەو بەشداری گەلێ فێستیڤاڵی جیهانیش بووە. بەم ساڵانەش لەبەر پێشوازی بەرفرەی جەماوەر، سەرباری نەبوونی کەرەستەو ئامێری پێویست و کەند و کۆسپەکانی سەر رێی دونیای هونەر بەتایبەت پاش سەرکەوتنی شۆرش، دەنگی زوڵاڵی خۆی بەگوێی جەماوەر گەیاندووە.
بەشداری خۆی و کورەکەی بەساڵی 1380ی هەتاوی لەکۆڕەجێژنی مۆسیقای فەجەر، یەک لەگرینگترین رووداوەکانی دەورانی ئەو فێستیڤاڵەدێتەئەژمار کەخەڵاتی یەکەمی ئەو کۆڕەجێژنەش بۆ باشترین سترانبێژی مۆسیقای رەسەنی ئێرانی بەشارام نازری بەخشرا. ئەو هەروەها خەڵاتی تایبەتی دەستەی داوەرانیشی لەفێستیڤاڵی "مێهر" بەرکەوت بەڵام دیارەهیچ کامەلەو خەڵاتانەشایانی هونەرمەندێکی پایەبەرزی وەک شارام نازری نەبوونە. لەگرینگترین ئەلبۆم و بەرهەمەهونەرییەکانی شارام نازری دەکرێ ئەمانەنێو بەرین : مەسنەوی مووسا و شوان، پەیڤی عەشق، بەهارانی ئاویەر، شنەی بای بەهار، شێعر و عیرفان(روخسارت وەدەر خە)،یادگاری دۆس، ساقی نامەو سۆفی نامە(سووتەدڵان)،چرپە، هاواری قامیش، پەیڤی نوێ، دیوانی شەمس، گوڵاڵەی بەهار، شۆقی دڵ و گەلێ بەرهەمی دی.
ئاڵبوومەکانی ئەم هونەرمەندە کوردە بریتین لە:
ئالبوومی آواز اساتیر
ئالبوومی آتش در نیستان
ئالبوومی بهاران آبیدر
ئالبوومی بنمای ای روخ
ئالپوومی بشنو از نی
ئالبوومی بیقرار
ئالبوومی چشم به راه

ئالبوومی کنسرت اساتید موسیقی ایران
ئالبوومی کنسرت دیگر
ئالبوومی کنسرت 77
ئالبوومی در گلستان
ئالبوومی دل شیدا
ئالبوومی غم زیبا
ئالبوومی حیرانی
ئالبوومی کیش مهر
ئالبوومی لاله بهار
ئالبوومی لیلی و مجنون
ئالبوومی لولیان
ئالبوومی مسی و شبان
ئالبوومی مترب مهتاب رو
ئالبوومی ناجوا
ئالبوومی سفر به دیگر سو
ئالبوومی ساقینامه 1
ئالبوومی ساقینامه 2
ئالبوومی ساز نو آوا نو
ئالبوومی صدای سخن عشق
ئالبوومی شورانگیز
ئالبوومیThrough Eternity
ئالبوومی سخن تازه کە لەم ئاهەنگانە پێک هاتووە: قرار غم، آواز، سخن تازه، سه گاه، آواز اصفهان، نغمه، بیات اصفهان، شرح جان
ئالبوومی یادگار دوست
ئالبوومی نوروز
ماڵپەڕی ئوستاد شەهرام نازری
http://www.nazerismusic.com/home.asp
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (حامید درودی) سەبارەت بە (شەهرام نازری) لە: 9-9-2010 23:01:38

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 916

## شەهرام نامیق

http://www.kurdipedia.org/?q=20100122131249330



شانۆکار و فلیمساز

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: سینەماکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 917

## شەهرامی رۆستەمی

http://www.kurdipedia.org/?q=20130207092142756



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

شارەکان: سنە

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 918

## شەهریار

http://www.kurdipedia.org/?q=201003261016374042



گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

نەتەوە: کورد

رەگەزی کەس: پیاوان

وڵات: باشووری کوردستان

شارەکان: سلێمانی

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 919

## شەهریبانا کوردی

http://www.kurdipedia.org/?q=201001190959133301



گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

وڵات: باکووری کوردستان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باکوور - بادینی

ڕەگەزی کەس:  خانمان

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 920

## شەهلا جاف

http://www.kurdipedia.org/?q=20091209121930293



هونەرمەند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: هونەرمەند

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 921

## شەهێن جەمال

http://www.kurdipedia.org/?q=2011092922235462162



ئەکتەر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس:    ئەکتەر

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 922

## شەونم غەفاری

http://www.kurdipedia.org/?q=20091061217462490



ساڵی 1988ی زایینی لە شاری ئانکارای پێتەختی وڵاتی تورکیە و لە دایک و باوکێکی خەڵکی گوندی باشبڵاغی سەقز لە دایک بووە و دواتر لە هەمان ساڵدا لەگەڵ بنەماڵەکەیدا بۆ وڵاتی کانادا کۆچی کردوە و تا ئێستا لەو وڵاتە نیشتەجێیە .
شەونم هەر لە تەمەنی منداڵییەوە خولیای جوانی و هەڵپەڕین و رەقس و سەما بووە و سەرەتا بە شێوەی فەرمی و پرۆفشناڵ لە دوو پۆلی تایبەت بە سەما کردن بە ناوەکانی: باڵەی پارس و گرووپی رەقسی ئاگر، راهێنانی بینیوە.
شەونم لە هاوینی ساڵی 2006ی زایینی بە مەبەستی بەشداری لە کێبرکێی شاجوانی وڵاتی کانادا، پەیوەندی بە نوێنەرایەتی ئەو خولە لە شاری وانکۆڤێر دەگرێت و پاش چەندین خولی تایبەت بۆ بەشداری لە کێبرکێی شاجوانی کانادا دیاری دەکرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی سەقز

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس:  خانمان

نەتەوە:    کورد

وڵات:    رۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس:    هونەرمەند

شارەکان:    سەقز

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 923

## شەوکەت رەشید
http://www.kurdipedia.org/?q=2011052916431560118



گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

جۆری کەس: موزیکژەن

شارەکان: سلێمانی

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 924

## شەڤیار مەسعود
http://www.kurdipedia.org/?q=2012121110282574298

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: ئەکتەر

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 925

## شەیدا

http://www.kurdipedia.org/?q=2011122815470163561



گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 926

## شەیدا خێراباتی

http://www.kurdipedia.org/?q=201009071058149392



یەکێکە لەو هونەرمەندە ئافرەتانەی کە هەر لە سەرەتای ژیانیدا خولیای گۆرانی گوتن بووە، ئەو لە شاری (سنە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بە دونیا هەڵهێناوە، تەمەنی نزیکەی 40 ساڵ دەبێت، بەڵام ئێستە بۆماوەی پێنج ساڵە دانیشتووی شاری سلێمانییە، سەرەتای کاری هونەری دەگەڕێتە بۆساڵی 1992، یەکەم گۆرانیشی بەناوی (تۆریام) بووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 927

## شەیما جاف

http://www.kurdipedia.org/?q=20100307231449383



هونەرمەند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: هونەرمەند

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 928

## عادل زرار

http://www.kurdipedia.org/?q=2012080812562072082

فۆتۆگرافەر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: فۆتۆگرافەر

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 929

## عادل هەورامی

http://www.kurdipedia.org/?q=200912091604442937



گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 930

## عارف ئامێدی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013010319552874609

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: شێوەکار

شارەکان: ئامێدی

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باکوور - بادینی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 931

## عربعەلی شروە

http://www.kurdipedia.org/?q=20110507091408575367



ساڵانێکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خزمەتێکی بەرچاوی بە هونەری کوردی کردووە لە زۆربەی بوارەکانی وێنەکێشان، پەیکەرتاشی، گۆزەگەری، هەروەها لە بواری ئەدەبیشدا کاری وەرگێرانی کردووە و خاوەنی زیاتر لە 140 بەرهەمی نووسین و وەرگێرانی کتێبە.
هونەرمەند عربعلی شروە خەڵکی (قروە)ی سەر بە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە ڕێکەوتی 2011/5/4 کۆچی وایی کرد.
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووبەر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ڕەگەزی کەس: | پیاوان |
| نەتەوە: | کورد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| جۆری کەس: | هونەرمەند |
| جۆری کەس: | نووسەر |
| جۆری کەس: | وەرگێر |
| شارەکان: | سنە |

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 932

## عوسمان چێوار

http://www.kurdipedia.org/?q=20081110100428192



هونەرمەند عوسمان محەمەد ئەحمەد، کە بە عوسمان چێوار ناوبانگی دەرکرد، ساڵی 1946 لەگەڕەکی (سەرکارێز)ی شاری سلێمانی لەدایک بووە و ساڵی 1969 پەیمانگەی مامۆستایانی تەواو کردووە .
ماوەی چەند ساڵێک لەناوچەکانی چۆمان و شارباژێر و قەرەداخ و هەڵەبجەو سلێمانی مامۆستایی کردووە. ئەم هونەرمەندە رۆشنبیرە هەر زوو بەشداری کردووە لە چالاکییە سیاسی و پێشمەرگایەتیەکاندا و ماوەیەک لەناو پێشمەرگەدا رابەر سیاسی بووە. ساڵی 1974 پەیوندی کردووە بە شۆڕشەوە و لەئێزگەی دەنگی کوردستاندا خزمەتی کردووە. ساڵی 1975 لێپرسراوێتی چالاکی قوتابخانەکانی پێ سپێردراوە.
عوسمان چێواری جوانەمەرگ لە شەستەکانەوە بەشداری لە چالاکییە هونەرییەکاندا کردووەو وەک شانۆکار و دەرهێنەر رۆڵی گەورەی بینیوە لە پێشخستنی رەوتی شانۆی کوردیدا، بەرهەم و شانۆگەرییەکانی (پریار و ئەنجام) و (سەرینی باداری) و (لانەوازان) و (پاڵتۆ) و (ئابڵوقە) و (خەج و سیامەند) و (گوڵەمێخەک) و فیلمی سینەمایی (بەهەشتێکی سوتاو) و شانۆگەری (ئەحەی کورنو) چەند نموونەیەکن لەو شاکارە هونەرییانەی کەچێواری نەمر بەشداری تیایاندا کردووە. ئەم هونەرمەندە خۆنەویستە لە دامەزراندنی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانیشدا پێشتریش لەدامەزراندنی (یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان)دا رۆڵی گرنگی هەبوو.
عوسمان چێواری هونەرمەند، کەماوەی دەساڵی بەردەوام سەرۆکی تیپی پێشرەوی شانۆی کوردی بوو، رۆژی 21ی مایسی ساڵی 1996 بەنەخۆشییەکی کت و پڕ کۆچی دوایی کرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: شانۆکار

شارەکان: سلێمانی

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

ژمارە: 933

## عوسمان حاجی محەمەد وایەرمەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20081202133521556



ساڵی 1954 لە گەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی لەدایکبووە. بە عوسمانی وایەرمەن ناسراوە.
کۆمەڵێک کلیپی کوردەواریی تایبەتیی بۆ تەلەڤزیۆنەکان تۆمارکردووە.
پیشەی میکانیکی ئوتومبیلە لە شاری سلێمانی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 934

## عوسمان ڕەحمان - حەسکۆ

http://www.kurdipedia.org/?q=20100824115434876



لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە لەگەڵ کاری هونەریی خۆی بەردەوام بووە، ئەندامی تیپی میللی کوردی بووە و لەدایکبووی ساڵی 1956ی شاری هەولێرە، چەند ساڵێکیشە بەهۆی کاریگەریی نەخۆشییەکەیەوە لەجێگادا کەوتبوو.
ڕۆژی 26-04-2010 کۆچی دوایی کرد.
سەرچاوە: هێمن مامەند - ماڵپەڕی خەندان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: ئەکتەر

شارەکان: هەولێر

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 935

## عوسمان شارباژێری

http://www.kurdipedia.org/?q=2011080508275460552




-عوسمان کوری حاجی عەلی حاجی (مارف)ە.
-لە ساڵی 1940 لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی چوارباغ لە دایک بووە.
-قوتابخانەی سەرەتای لە شارۆچکەی چوارتا تەواو کردوە.
-لە شاری سلەیمانی قوتابخانەی ناوەندی و مامۆستایانی تەواو کردوە.
-لە ساڵی 1963 بووە بە مامۆستاو چۆتە شاری خۆشەویستی رواندز جێ ی مێرنشینی پاشای (کۆرە-گەورە) و جێ ی مەزارگەی گۆڤاری زاری کرمانجی.
-لە شەقڵاوەو پیرزین مامۆستا بووە.
-لە ساڵی 1969-1970 لە هە ولێر لە مەڵبەندی چالاکی قوتابخانەکان مامۆستای وانەی سروودو مۆسیقا بووە.
-لە سلێمانی لە قوتابخانەکانی (خەبات،سەڵاحەدین،ڕاپەڕین،مەولاناخالید،گۆیژە) مامۆستای وانەی سروودو مۆسیقا بووە.
-لە ساڵانی 1956 لە گۆڤاری هە تاو و رۆژنامەی ژین هۆنراوەی بڵاو کردۆتەوە.
-لە ئێستگەی کوردی لە 1960/8/16 یەکەم گۆرانی تۆمار کردووە،تا ئەمرو نزیکەی 30 گۆرانی بۆ ئەو ئێستگەیە تۆمار کردووە.
-لە تەلەفزیۆنی کەرکوک 21 گۆرانی رەش و سپی و 7 گۆرانی رەنگاو رەنگی هە یە.
-ساڵی 1973 مۆسیقاری جیهانی دانیمارکی (یۆرکان پلێتنەر) هاتە عیراق بۆ کۆکردنەوەی گۆرانی فۆلکلۆری و میللی نەتەوەکانی رۆژهەڵات جێ ی شانازی بووە کە ئەو رەوایەی داوە بە مامۆستا عوسمان شارباژێری چەند گۆرانیەکی بۆ تۆماربکات،لەگەڵ خۆی گۆرانیەکان بەرێتەوە بۆ وڵاتی دانیمارک.
-چاپکراوەکانی مامۆستا عوسمان شارباژێری:

-1دیاری و یادگاری-هۆنراوە-1962
-2ئەستێرەی بەیان-هۆنراوە- 1969
-3کاروان-هۆنراوە-1969
-4هە زارو یەک پەند-پەندی گەلان-1969

-5لێدوانێکی کورت لە مۆسیقاوەقامی کوردی-تۆژینەوە-1972
-6بەستە و مەقام-1979
-7گەوهە رێ -گۆرانی یەکانی حەسەن زیرەک-1982
-8گەنجینەی گۆرانی کوردی-1985
-9کوردنامە-هۆنراوە-2006
-10دڵ و دەوڵەت-هۆنراوە-2011
-11کتێبی (نوسینەوەی مێژووی کۆن و نوێی گۆرانی و میوزیکی کوردی)...ئامادەیە بۆ چاپ.
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (دیلمان عوسمان شارباژێری)
سەبارەت بە (عوسمان شارباژێری) لە: 28-4-2012 7:15:08

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

جۆری کەس: نووسەر

شارەکان: سلێمانی

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 936

## عوسمان عەلی

http://www.kurdipedia.org/?q=20100108132809316‌1



هونەرمەندی ناسراوی کورد مامۆستا عوسمان عەلی، ساڵی 1944 لە گەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی لەدایکبووە، تاوەکو پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندووە، دواتر بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان چووەتە بەر کارکردن.
ساڵی 1963 بەهۆی بارودۆخی سیاسی کوردستانەوە چووەتە ریزی شۆڕشەوەو بووە بە پێشمەرگە.
سەرەتای کاری هونەریی لە ساڵی 1965ـەوە دەستپێکردووەو لە ساڵی 1969 بووە بە ئەندام لە کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی بەشی موزیکو گۆرانی، کە دواتر وەک یەکێک لە گۆرانیبێژە کاراکان رۆڵی خۆی دیوە لەو بوارەدا.
ساڵی 1967 خێزانی پێکهێناوەو سێ کچ و کورێکی هەیە.
لە دوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی ئەیلول، لەگەڵ ئەندامانی تیپی مۆسیقای سلێمانیو تیپی مۆسیقای شۆڕش کاریانکردووە، دواتر لە ساڵی 1975ـەوە لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی وەک ئەندامێکی چالاکو هەتا دوا چرکەکانی ژیانی بەردەوامبووە، بەڵام هاوکات هاوکاری بەرهەمەکانی: تیپی مۆسیقای مەولەوی، تیپی مۆسیقای شۆڕشو تیپی مۆسیقای نەورۆزیشی کردووە.
هەروەها لە زۆربەی بۆنە نیشتیمانییو کۆمەڵایەتییەکانو کۆنسێرتو فێستیڤاڵەکان دا لە عێراقو هەرێم دا بەشداریکردووە.
هەمیشە ئەندامێکی چالاکو دیاری یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان بووە.
هونەرمەند لە ساڵی 1996ـەوە بووە بە لێپرسراوی کارگەی جلوبەرگی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.
لە شەوی 22/21 ـی حوزەیرانی ساڵی 2005 دا و لە کاتی چرینی مەقام دا دوا هەناسەی بەخشی بەجیهانی قەشەنگو فراوانی هونەری کوردی، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو هونەرەدا بۆ هەتا هەتایە لەیەکتری دانەبڕێن.
خواڵێخۆشبوو توانی لە مێژووی ئەو فەرهەنگەدا پاشماوەیەکی بایەخدار ببەخشێ بە ئەرشیفی موزیکی کوردیو کۆمەڵێک بەرهەمی نایاب تۆمار بکات.
دوای مەرگی مامۆستا عوسمان عەلی، کەناڵی کوردسات ئەلبوومێکی گوڵبژێری لە گۆرانیو بەرهەمەکانی، بەهاوکاری بنەماڵەی هونەرمەند ئامادەو بڵاوکردەوە.
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (داناzعەبدولڕەحمان) سەبارەت بە (عوسمان عەلی) لە: 9-8-2012 23:34:04

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

شارەکان: سلێمانی

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 937

## عوسمان قادر

http://www.kurdipedia.org/?q=201008241025244872



لەدایکبوی ساڵی 1962 ی سلێمانییە و دوای بەدەستهێنانی پروانامەی ماستەرەکەی کەلەسەر (کارەساتی ئەنفال لە هێڵکاریدا) بووە و ئێستا خوێندکاری دوا قۆناغی دکتۆرایە لەسەر جینۆسایدی کورد لەڕێی هێڵکارییەوە لە دانیشگای لەندەن بۆ هونەر، هەروەها هونەرمەند لەماوەی کارکردنی هونەریدا لە شاخ و شار چەندین کاری هونەری کردووە و خاوەنی 8 پێشانگای تایبەتە لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان و سازدانی چەندین کۆڕ و سیمینار لەپێناو ناساندنی کارەساتی ئەنفالدا.
سەرچاوە: هێمن جەمیل - ماڵپەڕی خەندان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: )ئەکادیمی(

جۆری کەس: شێوەکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 938

## عوسمان محەمەد عەبدوڵڵا

http://www.kurdipedia.org/?q=201003162146573972



شانۆکار

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: شانۆکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 939

## عوسمان مەعروف ئەحمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=201008241503314897



شانۆکار

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: شانۆکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 940

## عوسمان هەورامی

http://www.kurdipedia.org/?q=201010090819169905



گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 941

## عومران شێخ موس

http://www.kurdipedia.org/?q=2008110710263174

ساڵی 1967 لەشاری قامشلی- رۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە و ساڵی 1988 چۆتە مۆسکۆ و لەساڵی 1989وە لەئالْماتا لە وڵاتی کازاخستان دەژی و وەک ئەندازیاری نەوت کار دەکات. هونەرمەند عومران هەر لەمنداڵیەوە خەریکی نەقاشی بووە و لەساڵی 1985 هەتا 1988 لەئاکادێمی گرافیک لەدیمشق بەشی گرافیکی تەواو کردوە. بەرهەمەکانی زۆرتر لەرۆن و ئاکریل پێک دێن و بەشێک لە بەرهەمەکانی کاری گرافیکە. تێم و بابەتی کارەکانی بیریتین لەمنداڵی، بیرەوەری و کۆمەڵگای کوردەواری. عومران جگە لەکاری نەقاشی هۆنراوە و کورتەچیرۆک بەزمانی عەرەبی دەنووسێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژئاوای کوردستان

جۆری کەس: پەیکەرتاش

جۆری کەس: چیرۆکنووس

ئەم بابەتە باشتر بکە!

ژمارە: 942

## عومەر بێبەش

http://www.kurdipedia.org/?q=201008291614264958



لە دایک بوی کەرکوکە - 1963
-دەرچوی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی ساڵەکانی هەشتا و پێنج و هەشتا و شەش
-لە کوردستان دا پیشەی مامۆستایی بووە
-ئەندام و دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لقی چەمچەماڵ
-لێپرسراوی بەشی شێوەکاری
-ئەندامی یەکیەتی هونەرمەندانی یەکگرتوی کوردستان، سەرۆکی لقی چەمچەماڵ
کەرکوک - 1994
-بەشداری چەندین پێشانگای کردووە، جگە لە تاکە کەسی و سێمیناری هونەری
-چەندین پەیکەر لە باشور و رۆژهەڵاتی کوردستان و پارێزگای ئازەربایجانی رۆژهەڵات و باکوری کوردستان (شاری وان(
-چەند کار لە شارەکانی هانکۆ و تورکوی فینلاند
http://www.omarbebash.com

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: پەیکەرتاش

جۆری کەس: شێوەکار

شارەکان: کەرکوک

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

ژمارە: 943

## عومەر چاوشین

http://www.kurdipedia.org/?q=20081126135934529



لەساڵی 1942 لەگەڕەکی گۆیژەی سلێمانی لەدایک بووە، لەساڵی 1967 لەتیپی نواندنی سلێمانی بووەتە ئەندام. زۆربەی جار رۆڵی ئافرەتی بینیوە. لەگەڵ هونەرمەند مەکی عەبدوڵلادا کۆمەڵێک چیرۆکی تەمسیلییان بۆ تەلەڤزیۆنی کەرکوک دەرکردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: ئەکتەر

شارەکان: سلێمانی

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 944

## عومەر حەمە رەزا شەریف - عومەر رەزا

http://www.kurdipedia.org/?q=2010110309392210554



لەشاری سلێمانی لەگەڕەکی چوارباخ لەساڵی (1942) لە خێزانێکی کرێکارو زەحمەتکێش ونەدار لەدایکبووە، بەڵام عومەر نەیتوانیوە تەمەنی خۆشی منداڵی و بەها جوانەکانی منداڵی لەسلێمانی بەسەر بەرێت، بەهۆی ئەو بارودخە ناهەمووارەی دوای جەنگی جیهانی دووەم کە نەهامەتی و قات و قڕی کەبەسەر جیهاندا باڵی کێشاو خانەوادەی ئەو هونەرمەندەش کەوتنەبەر شەپۆلی ئەو بەدبەختی و نەبوونیە، باوکی لەپێناو دابینکردنی نان و ژیان بۆ خۆی و خێزان و منداڵەکانی،ڕوو دەکاتە شاری هەڵەبجە، ئەو شارەی بەشاری شاعیران و هونەرمەندان و رووناکبیران ناسراوە، لەوێ درێژە بەژیان دەدەن، عومەر رەزا لە هەڵەبجە دەچێتە قوتابخانە، لە قوتابخانەی هەڵەبجەی سەرەتایی دەخرێتە بەر خوێندن و فێربوونی ئەلف و بێی کوردی، بەڵام لەو قوتابخانەیە عومەر رەزا بەهرەی دەنگخۆشی تێدا بەدی دەکرێت ئەویش بەهۆی مامۆستای ئەدیب و هونەرمەند

(عەلی شەونم)، (ع،ع،شەونم.(
مامۆستا عەلی شەونم کەسەرپەرشتیاری تیپی سروودی قوتابخانەی هەڵەبجە بووە، بەهەست و سۆزی هونەرییانەی خۆی درکی بەبەهرەی دەنگ خۆشی عومەر رەزا کردووە،هەوڵی لەگەڵدا داوە و لەتیپی سروودی قوتابخانەی هەڵەبجە دایناوە و بەیانیان عومەر رەزا لەگەڵ هاورێ قوتابیەکانی بەدەنگێکی خۆش سروودە رەسەنە نەتەوەییەکانی گەلەکەمانیان خوێندووە، وەک (خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم، ئەی رەقیب، ئەی دلێران، خوایە وەتەن ئاواکەی،.....تاد(
ئەو بەردەوامییەی عومەر رەزا لەناو تیپی سروودی قوتابخانەی هەڵەبجە زیاتر مامۆستا عەلی شەونمی هانداوە کە گرینگی زیاتری پێبدات، تا ئەو جێگەی ئەو مامۆستا هونەرمەندە دوو گۆرانی بۆ عومەر رەزا ئامادەبکات لەهەڵبەست و ئاوازی مامۆستا عەلی شەونم خۆی بووە،داویەتی بە عومەر تا بیخوێنێ، گۆرانیەکانیش بریتی بوون لە (هاتم هاتم، پەڵپو بیانووم پێ مەگرە) ئەو گۆرانیانە دەکەونە سەر زاری هاورێکانی و خەڵکی و جێگەی خۆشی و داخوازی خەڵکی دەبن
بەمشێوەیە عومەر رەزا بەردەوام دەبێت لەخوێندن و ژیان لە شاری هەڵەبجە، تا ساڵی (1957) بەماڵەوە دەگەڕێنەوە شاری سلێمانی و هەڵەبجە بەجێدێڵن، بەڵام ئەمجارە لەگەڕەکی (سەرچیمەن) ی شاری سلێمانی نیشتەجێ دەبن،
ئەو گەڕانەوەیە بۆ عومەر دەبێتە هۆی دەستبەرداربوونی لە خوێندن بەهۆی سەختی ژیان و ناچار لەگەڵ باوکیدا شان دەداتە بەر کرێکاری و دەبێتە کرێکار لە دروستکردنی کارگەی جگەرەی سلێمانی ، بەڵام لەگەڵ ناڕەحەتی ژیان و ئەو ئەرکە گرانەی سەرشانی، بەڵام دەست بەرداری هونەری گۆرانی وتن نابێت و هەمیشە لەخەمی ئەوەدا دەبێت کە گەشەبەهونەری گۆرانی گوتن بدات، ئیستگەی کوردی بەغدا کاریگەری زۆری لەسەر بیسەران و هەوادارنی میوزیک و گۆرانی دانابوو عومەر رەزا لەپێناو ئەوەی کە هونەرەکەی لەڕێگەی ئەو رادیۆیەوە بگەیەنێتە گوێگر لەساڵی (1958) عومەر رەزا روو دەکاتە شاری بەغدا لەوێ بەڕێکەوت (خەلیل عەبدوڵڵا و ئەحمەدی شێخاڵی و هونەرمەند شەماڵ ئائیب) دەبینێ و زۆر خۆش حاڵ دەبێت بە دیتنی ئەو کەسایەتیانە، دوای باس و خواسی هونەری داوای گۆرانی لێدەکەن و عومەریش گۆرانیان بۆ دەچڕێ، ئەوانیش سەرسام دەبن بەدەنگی و بڕیاردەدەن لەگەڵ خۆیان ببەن بۆ ئیستگەی کوردی،
کاتێک دەیبەنە ئیستگە لەوێ وەریدەگرن و ناوی دەنووسن بە (عومەر رەزا) ناوی (حەمە) کەی لێدەکەنەوە، لەو کاتەوە بە (عومەر رەزا) نێوبانگی دەرکردووە،
لەئیستگەی کوردی بەغدا ئەو دوو گۆرانیەی کە مامۆستا (ع،ع، شەونم) لەشاری هەڵەبجە بۆی ئامادەکردبوو، لەوێ لەگەڵ تیپی موزیکای رادیۆ، بەمیوزیکەوە دەیانخوێنێ،
هونەرمەند عومەر رەزا دەڵێت (من خۆم هەستم بەو بەهرەی دەنگخۆشیە نەئەکرد کە لەمندا هەیە بەڵام مامۆستای گەورەو پیرۆزم (ع،ع،شەونم) ئەو بەهرە هونەرییەی لەمندا بەدی کرد ئەو گۆرانیانەی بۆدانام،بەڵام کاتێک چوومە بەغدا و لەئیستگە ئەو گۆرانیانەم بەمیوزیکەوە خوێند، تام و چێژێکی زۆری هەبوو، هەستم بەخۆشی و دونیایەکی گەورە دەکرد و لەخۆشیدا گەشکە ئەیگرتم(
دوای تۆمارکردنی ئەو گۆرانیانەو بڵاوبوونەوەیان لە رێگەی ئیستگەی کوردی بەغداوە، دەبێتە جێگەی خۆش حاڵی خەڵک و زیاتر بووە هۆی ناساندنی عومەر رەزا لەنێو

خەڵکیداو بەهۆی ئەو رادیۆیەوە دەنگی عومەر رەزا سنوری بەزاندوو لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش نێوبانگی دەرکرد،
ئەو سەردەمە لەشاری سلێمانی گۆرانیەکانی عومەر رەزا رۆژ بەرۆژ لەنێو جەماوەردا دەنگی دەدایەو و خەڵکی پێی ئاشنا دەبوون، لەهەمانکاتدا تیپی موزیکای مەولەوی بەسەرپەرشتی هونەرمەندی گەورە (قادر دیلان) کارە هونەرییەکانیان ئەنجام دەدا، هەروەها هەردوو هونەرمەند لەیەک گەڕەکدا دەبن و هاوسێی یەکتریش دەبن، هونەرمەند قادر دیلان عەمەر رەزا دەبات بۆ تیپی موزیکای مەولەوی، لەوێ بەم هونەرمەندانەی دەناسێنێ وەک (ولیەم یوحەننا، نەجاتی عەبدە (نای ژەن)، حازم حەداد (عود ژەن)، هادی عەنبەر (کەمانچە ژەن)، حاتەم سەعید (ئیقاع)، بەهجەتی سەعاتچی و خاڵە حەمەفەرج و چەند کەسایەتیەکی تر وەک لەتیف حەمدی) (یادیان بەخێر(
هەرچەندە هونەر بەگشتی لەو سەردەمەدا جێگەی بایەخ نەبووە لەنێو کۆمەڵگادا ئەویش هۆکاری داب و نەریتی کۆمەڵگا بووە، تەنانەت لەلای هەندێک خێزان و بنەماڵەی ئەو شارە پەسەند نەبووە بەڵکو بەکەمیش سەیرکرا وە، بەڵام ئەو هونەرمەندە بەڕێزانە توانیان بەهەموو شێوەیەک خزمەتی راستەقینەی هونەری کوردی بکەن و بناغەیەک بۆ میوزیک و گۆرانی کوردی داڕێژن،(هەزار رەحەمت لەگڵکۆکانیان(
دوای ئەوەی هونەرمەند عومەر رەزا بەتیپی موزیکای مەولەوی ئاشنا دەبێت ، و دەکەوێتە کارکردن لەگەڵیاندا، ئەو تێکەڵاوبوونە دەبێتە هۆی تۆمارکردنی چەند گۆرانیەک وەک گۆرانی (لەیارەوە) لە هۆنراوەی شاعیری گەورە (ئەحمەد هەردی) یە هونەرمەند قادردیلان ئاوازی بۆ دادەنێت پاشان گۆرانی (دیاری) کە هونەرمەند (نەجاتی عەبدە) بۆی ئامادەکردووە، هەروەها مامۆستای گەورە (ولیەم یوحەننا) گۆرانی (گوڵاڵەی ژیان) ی بۆئامادەکات، بەو گۆرانیانە عومەر رەزا زیاتر ناوبانگی دەرکردو ناسرا، یەکێک لەکارە گرینگەکانی تیپی موزیکای مەولەوی کەبەرامبەر هونەرمەند عومەر رەزا ئەنجامیان داوە و خودی هونەرمەندیش هەمیشە سوپاسگوزاری ئەو کارە باشەیە،کە تیپی ناوبراو توانیویانە عومەر رەزا وەک فەرمانبەر لە فەرمانگەی دارستانی سلێمانی (دائرە غابات) وەک چاودێر دابیمەزرێنن، لەساڵی (1959) لەلایەن ئیستگەی کوردی بەغداوە بانگهێشت دەکرێت، بۆمەبەستی بەشداریکرنی لەئاهەنگی یادی شۆرشی 14 ی تەمموز، لەهۆڵی ئوتێلی بەغداد، کە چەندین کەسایەتی نیشتمان پەروەری کورد و عەرەب و بەڕێز عەبدولکەریم قاسم ئامادەی ئەو ئاهەنگە بوون،
هونەرمەند عومەر رەزا لەهەمان ساڵدا لەئیستگەی کوردی بەغدا بەهاوکاری هونەرمەند (شەماڵ ێائیب) چەند گۆرانیەکی تر ئەخوێنێ، گۆرانی (بۆتۆیە دڵ بۆ تۆیە و تاکەی تاکەی) کەلەئاواز و هەڵبەستی شەماڵ ێائیب بوون،
سەبارەت بە و گۆرانیانە و هاورێیەتی و دۆستایەتی لەگەڵ شەماڵ ێائیب، عومەر رەزا بەم شێوەیە دەدوێت:
)هەر لەساڵی 1959 دا بوو رۆژێک شەماڵ ێائیب بانگی کردم و وتی وەرە دوو دیاری چاکم بۆ ئامادەکردوویت، بەخوێندنی ئەو گۆرانیانە دەبیت بە (فەرید ئەترەش) (ئەو کاتە فەرید ئەترەش یەکێک بوو لە هونەرمەندە گەورەکانی عەرەب و کاریگەری لەسەر هونەرمەندانی کورد بەتایبەت شەماڵ ێائیب دانابوو) منیش وتم دەستەکانت ماچ

ئەکەم کاکە شەماڵ، هەربۆیە کاکە شەماڵ بەعودەکەی خۆی لەئیستگە سووکە پرۆڤەیەکی پێکردم، شەماڵ وتی پرۆ بەخوا خۆیەتی!!!!! سبەینێ عەسر وەرە بابەکوێرەکانی لەبەر بکەم و تەسجیلی کەین، مەبەستی کوێرەکان،
)گرووپە میوزیگژەنەکانی رادیۆی کوردی بەغدابوو) ئەوەبوو لەکاتی دیاریکراودا کە هونەرمەند شەماڵ ێائیب دایانبوو ئەو دوو گۆرانیە تۆمارکراو و بڵاوکرایەوە، دەنگی دایەو و سەرکەوتنێکی گەورەبوو بۆمن(
دوای ماوەیەک هەردوو گۆرانی (ئەرێ لەیلێ و بۆتۆیە دڵ) هونەرمەند شەماڵ ێائیب بەدەنگی خۆی تۆماری کردونەتەوە
لەساڵی (1961) مامۆستای هونەرمەند (لەتیف حەمدی) چەند ئاوازێکی بەتێکستی باش و سەرکەوتوو بۆ عومەر رەزا ئامادەکات وەک گۆرانی (یاری چاوکاڵ و گۆرانی ئەڵێم وەک ساماڵ) ئەو گۆرانیانەش دەچنە سەر خەرمانی هونەری عومەر رەزا و زیاتر ناوبانگ لەنێوەندی هونەریدا پەیدا دەکات،
بڵاوبوونەوەی ئەو بەرهەمانەو زیاتر ئاشنابوونی دەنگی عومەر رەزا لەنێو خەڵکیدا بووە هۆی ئەوەی لەلایەن کۆمپانیای (چەقماقچی) داوالەعومەر رەزا بکرێت کە گۆرانی (هاتم هاتم) لەسەر قەوان تۆماربکات بەلاَّم بەشێوازێکی نوێ و کۆرسی کچانی لەگەڵدا دەبێت،ئەوکارە بۆ ئەو سەردەمە زۆر دەگمەن بووە، لەبەرابەر تۆمارکردنی ئەو گۆرانیە لەسەر قەوان کۆمپانیای چەقماقچی پری (200) دیناری ئەو سەردەمەی وەک دیاری دەدەنێ، لەناوەڕاستی سەدەی پێشوو هاوشانی کاری هونەری میوزیک و گۆرانی، کاری هونەری نواندن و شانۆ لەبرەودادەبێت و کۆمەڵێک هونەرمەندی بەتوانا کۆمەڵێک کاری باشیان ئەنجام داوە، لەنێوان ساڵەکانی (1960 بۆ 1961) شانۆگەری و ئاهەنگی گۆرانی و میوزیک بەیەکەوە پێشکەشکراون، عومەر رەزا وەک هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ لەگەڵ تیپی موزیکای مەولەوی لەچەندین ئاهەنگدا لەگەڵ شانۆگەری (بەرەو دوا)، (مەم و زین) و (پیسکەی تەڕپیر) بەشداری کردووە، لەو شانۆگەریانەدا هونەرمەندی شانۆکارو دەنگخۆش مامۆستا (رەفیق چالاک) رۆڵی گرینگ و بەرچاوی هەبووە هەروەها یادیان بەخێر (هونەرمەندان رەووف یەحیا و ئەحمەد دەنگ گەورە) و لەگەڵ چەندین هونەرمەندی تری شاری سلێمانی لەبواری شانۆدا، هونەرمەند عومەر رەزا بەیەکێک لەگۆرانیبێژانی ئیستگەی کوردی بەغداد دێتە ئەژمارکردن، عومەر رەزا کەسایەتیەکی بێدەنگ و هونەرمەندێکی هەست ناسک و خۆشەویستی نێو هاوەڵەکانی دەبێت، پەیوەندیەکی پتەو و خۆشی لەگەڵ هونەرمەندانی ئیستگەی کوردی بەغداد دا دەبێت، وەک (مامۆستا عەلی مەردان، تایەر تۆفیق، باکوری، رەسوڵ گەردی، شەماڵ ێائیب، محەمەد عارف جزیری و حەسەن جزیری و جەلال کۆچەر....تاد(
دوای تۆمارکردنی ئەو بەرهەمانە، بەهۆی دروستکردنی خێزان و بوونی منداڵ و قورس بوونی ئەرکەکانی سەرشانی و بەهۆی کەمدەرامەتیەوە ئەو هونەرمەندە لە هونەری گۆرانیبێژی دوور دەکەوێتەوە، نەبوونی و سەختی ژیان تەنگی پێهەڵدەچنێ، لەساڵی (1984) لەسەر داخوازی تەلەفزیۆنی کەرکوک هەموو گۆرانیەکانی هونەرمەند بەشێوەی (پلەی باگ) بۆی تۆماردەکەنەوە، ئیتر عومەر رەزا رۆژ بەڕۆژ لە هونەری گۆرانیبێژی دووردەکەوێتەوە، درێژە بەژیان دەدات تا راپەڕینە مەزنەکەی ساڵی 1991 وەکو هەرتاکێکی ئەو کۆمەڵگایە خراپی و دژواریەکانی ژیان زیاتر بەرۆکی پێدەگرن و خەم و کەسەری لەدەستدانی هاوسەری ئەوەش بۆ عومەر رەزا خەم و

داڕووخانێکی تر دەبێت، عومەر ڕەزا دەبێت بە کارمەندی خزمەتگوزتر لەدیوانی پارێزگای سلێمانی، هونەرمەند بەم شێوەیە باس لە پارێزگاری ئەو کاتەی شاری سلێمانی بەڕێز (سالار عەزیز) دەکات کە شێوازی مامەڵکردنی لەگەڵ عومەر ڕەزادا بە چ شێوەیەک بووە:
)هیچ کات دڵسۆزی و هەستی پاک و بێگەردی و مرۆڤدۆستی کاکە سالار عەزیز لەیاد ناکەم ، چونکە ئەو کاتە من فەڕاش بووم زۆر بێ دەرەتان بووم، ئەو بەڕێزە وەک هاوەڵێکی ساکار و سادەی دێرینی خۆی دەست لەملانم دەبوو، هەمیشە هەڵگری خەمەکانم بوو، دڵنەوایی دەکردم و قسەی خۆشی بۆ دەکردم بۆئەوەی خەمەکانم ڕەوێتەوە، بەردەوام هاوکاری ماڵی دەکردم و هیچ کات فەرامۆشی نەدەکردم، هەموو کات چاکە و پیاوەتی ئەو مرۆڤ دۆستەم لەیادە، بەهاوکاری کاکە سالار عەزیز یارمەتی بەڕێز مام جەلال بۆ هونەرمەندان بۆم ڕایەوە و هەموو مانگ وەرم دەگرت(
هونەرمەند عومەر ڕەزا خانەشین دەبێت، و باری تەندروستی ڕۆژ بەڕۆژ روو لە خراپیەو مووچەی ڕێزلێنانیشی ڕاوە لەبەر ئەوەی کە مووچەی خانەنشینی وەردەگرێت، ئایا ئەو مووچەی خانەشینەی کەوەریدەگرێت تۆبلێی بەشی ژیانی بکات، ئێستا ئەو هونەرمەندە لەژیاندایەو بەڵام باری تەندروستی باش نیە و داواکارم لەسەندیکای هونەرمەندان و یەکێتی هونەرمەندان ئاورێک لەو هونەرمەندە بدەنەوەکەڕۆژانێک بوو خزمەتێکی بەهونەری میوزیک و گۆرانی نەتەوەکەمان کردووە، ئومێدی لەش ساغی و سەرفرازی بۆ هونەرمەند عومەر ڕەزا و یادی هەموو ئەو هونەرمەندە کۆچکردووانەی گەلەکەمان بەگشتی بەخێرو رووحیان شاد بێت
گۆرانیەکانی هونەرمەند عومەر ڕەزا:
:1هاتم هاتم / لە ئاواز و هەڵبەستی / (ع،ع، شەونم(
:2پەڵپ و بیانووم پێ مەگرە / لە ئاواز و هەڵبەستی / (ع،ع، شەونم(
:3لەیارەوە / ئاوازی / نەجاتی عەبدە .... هۆنراوەی / ئەحمەد هەردی
:4گوڵاڵەی ژیان / ئاوازی / ولیەم یوحەننا
:5یاری چاوکاڵ / ئاوازی / لەتیف حەمدی
:6گۆرانی ئەڵێم وەک ساماڵ / ئاوازی / لەتیف حەمدی
:7بۆتۆیە دڵ بۆتۆیە / لە ئاواز و هەڵبەستی / شەماڵ ێائیب
:8تاکەی تاکەی / لە ئاواز و هەڵبەستی / شەماڵ ێائیب
سەرچاوە: جەمالی دەلاک - ماڵپەڕی چرا تی ڤی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 945

**عومەر خەمزەیی**
http://www.kurdipedia.org/?q=20131222164706927511

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

شارەکان: سلێمانی

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 946

**عومەر درێژ**
http://www.kurdipedia.org/?q=201004261708004191

خەڵکی کەرکوکە، مەقامبێژە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

شارەکان: کەرکوک

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 947

## عومەر دزەیی - هۆمەر دزەیی

http://www.kurdipedia.org/?q=200911031421392299



1936 +لە گوندی "دووگردکان" دەشتی هەولێر لە دایکبووە.
1955 +یەکەم گۆرانی لەرادیۆی بەغدا تۆمارکرد.
1958 +کوردستانی جێهشت و چووە تورکیا و 1959 بۆ ڤیەننا.
1970 +لەگەڵ "رووناک"خانی دزەیی ژیانی هاوسەری پێکهێنا.
+پروانامەی زانستی سیاسیی لە ڤینەنا بەدەستهێناوە.
+باوکی دوو کور و دوو کچە.
+دوو کتێبی بەناوەکانی "چیرۆکی ئەویندارییم" و "توێژینەوەی حەیران" بڵاوکردۆتەوە.
+لەساڵی 2006وە راوێژگاری سیاسیی سەرۆک کۆماری عێراقە.
سەرچاوە: محەمەد گۆران - ماڵپەڕی کوردستانی نوێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

جۆری کەس: راگەیاندکار

جۆری کەس: چالاکی سیاسی

شارەکان: هەولێر

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 948

## عومەر دڵپاک

http://www.kurdipedia.org/?q=201007221459354535



ناوی تەواو: عومەر تۆفیق عەبدوڵلا
ساڵی 1945 لە گەڕەکی سابونکەرانی سلێمانی لەدایکبووە
لە سەرەتای ساڵەکانی 1970وە ئەندامی (تیپی نواندنی سلێمانی)ە
ئێستا سەرۆکی ئەو تیپەیە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: ئەکتەر

شارەکان: سلێمانی

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 949

## عومەر دەروێش

http://www.kurdipedia.org/?q=200902121141231299



له 1957 له سلێمانی لەدایکبووه و تا ئێستا چوارده پێشانگای تایبەتیی له کوردستان و ئێران و نەمسا و سوید و هۆڵەندا و نەرویج و ئەڵمانیا و دانیمارک و فنلەندا و یابان و چەندین وڵاتی تری جیهان کردۆتەوه و هاوکات هاوبەشیی چەندین پێشانگای له ناوەوه و دەرەوەی وڵات کردووه.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوه: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: شێوەکار

شارەکان: سلێمانی

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەته باشتر بکە!

---

ژماره: 950

## عومەر عەلی ئەمین

http://www.kurdipedia.org/?q=200902060908131253



ئێوارەی 2009/1/13 پاش (حەفتاو سێ ساڵ) له بەڕێکردنی تەمەن، دواجار نووسەر و ئەکتەر و دەرهێنەری شانۆیی (عومەر عەلی ئەمین) دڵی له لێدان کەوت و ماڵئاوایی له ژیان کرد، سەیرکردنی بیبلۆگرافیای ژیانی هونەریی ئەم هونەرمەنده، دەوڵەمەندییەکی زۆری پێوه دیاره که رەنگه بەشی هەره زۆری هونەرمەندانی ئەم نەوەیەی هونەری کوردی لێی بێ ئاگابن، ئەو له ماوەی زیاتر له نیو سەده کارکردنی هونەریی له زۆر بواری هونەرییدا کاریکردووه له هەموو ئەو بوارانەشدا به بەراورد بەو قۆناغەی ریتمی هونەریی (عومەر عەلی ئەمین) یەکێکه له پێشەنگەکانی هونەریی ئەم وڵاته، بەڵام به داخەوه نێوەندەکەی ئێمه ئەم هونەرمەنده و زۆری تریش، بێ منەتانه بەرێدەکات، له مردنەکەیدا ئەو تیپ و گروپه شانۆییانەی که لافیتەی رەشیان بۆ هەڵدەواسی و برووسکەی لاوازییان بۆ پرسەکەی لێدەدا، له ژیانی ئەودا ئامادەنەبوون گوڵێک بکەن به یەخەیەوه، رەنگه (بنکەی ئەدەبی و هونەریی گەلاوێژ) له هەموو ئەو تیپه شانۆییانەی سلێمانی به وەفاتر بوو بۆ ئەو شانۆکاره، که پار ساڵ له فێستیڤاڵی گەلاوێژدا رێزیان لەو نا..
پاش ئەو هەموو ساڵە له کاری هونەریی ئەم هونەرمەنده، ئەرشیفێکی بەرفراوانی

لە نواندن و نووسین و دەرهێنانی لە دوای خۆی جێهێڵاوە، بە جۆرێک کەم شانۆکاری نەوەی ئێمە هەیە ئاگای لەو ئەرشیفە بێت..
لە بواری نواندندا بە دەر لەو کارە شانۆییانەی کە ئۆپەرێت و کاری منداڵان بوون، تەنها لە کاری شانۆیی لە ساڵی 1970 تا ساڵی 1986 وەک ئەکتەر بە شداری چەندین نمایشی شانۆیی کردووە، کە هەریەک لەو شانۆییانە لە مێژووی شانۆی کوردیدا پێگەی تایبەتییان هەیە، گرنگترینی ئەو کارانەش (گۆڕهەڵکەن- 1970) (بازرگانی ڤینسیا-1972) (پژمین-1973) (پەیکەر -1974) (کوپە -1978) (پردی ئارتا -1978) (بەرەو خۆر- 1986) ئەمە جگە لە نووسینی زیاتر لە 30 درامای تەلەفزیۆنی و 60 بەرهەمی رادیۆیی کە زۆربەیان خۆی کاری نواندن و دەرهێنانی بۆ کردوون.لە بواری شانۆگەری و ئۆپەرێتی منداڵانیشدا بەرهەمێکی زۆری هەیە، چ وەک نووسین چ وەک دەرهێنان و نواندن، لەوانە... (بازنی زێڕ- 1973) (مامۆستا شێر-1973) (ئەنۆفێلس-1976) (بێ خەمی ناوی بەرمیل-1973) (دارقەیسی-1976) (بوکە بە بارانێ) (کانییەکە سەمای نەکرد) (بولبولە گۆرانبێژەکە)....هتد
خاوەنی بیرۆکەی دەرکردنی یەکەمین گۆڤاری هونەریی کوردییە، بەناوی (تیشکی هونەر) کە دواتر لەگەڵ (ئەحمەد دەنگ گەورە و فەتاح کاوە) چەند ژمارەیەکیان لێدەرکردووە.
ئەمە جگە لە بواری شێوەکاری و وێنەکێشاندا بەشداری چەندین پێشانگەی تایبەتی کردووە، هەرچەندە ئەو لای ئێمە وەک شێوەکار نە ناسراوە، بەڵام بەردەوام ئاگای لە جموجۆڵ و مێژووی شێوەکاری کوردی بووەو چەندین وتار و بابەتی لەو بوارەدا نووسیوە، ئەمە جگە لە وێنەکێشانی بەردەوام و بەشداریکردن لە چەندین پێشانگی شێوەکاریدا.
دیارترین خاڵی ژیانی ئەم هونەرمەندە بەردەوام حەزی بە گوێگرتن و کەم قسەکردن بوو، پێچەوانەی بەشێکی زۆری نەوەی خۆی لە کاری هونەرییدا، ئەو زۆر رێزی لە ئەزموونی هونەرمەندە لاوەکان دەگرت و بەردەوام لە نمایش و بەرهەمەکانیاندا ئامادە بوو، بۆ بەشێکیان قسە وسەرنجی تایبەتی خۆی هەبوو، بە تایبەتیش قسە لەسەر (بوون و نەبوونی دەقی شانۆی کوردی، فۆلکلۆر لە دەقی کوردیدا، ئەزمووونگەری لە شانۆی کوردیدا) چەندین بابەت و تەوەری تر، تا دوا رۆژەکانی تەمەنی بەشداری نمایشەکان و کۆڕی رەخنەیی و فێستیڤاڵە شانۆییەکانی دەکرد، بە پێی ئەو هەموو ئەزموون و توانا هونەرییەی لە بواری نواندن و دەرهێنان و نووسیندا هتەیبوو، بەڵام ئەو بە بێدەنگی ژیا و بە بێدەنگی کاری هونەریی دەکرد و بە بێدەنگی مرد!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: ئەکتەر

جۆری کەس:   شانۆکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 951

## عومەر گوندی

http://www.kurdipedia.org/?q=201003011351443782



گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە:   کورد

وڵات:   باشووری کوردستان

جۆری کەس:   گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 952

## عومەر یوسفی

http://www.kurdipedia.org/?q=2011103121122762673

خۆشنووس

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە:   کورد

جۆری کەس:   خۆشنووس

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 953

## عیرفانی وەستا محەمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20120708130423718737

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: ئەکتەر

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 954

## عیزەتی خۆشنووس

http://www.kurdipedia.org/?q=20111201170118630633

ساڵی 1941 لە سلێمانی لە دایک بووە، پەروەردەکارێکی دێرین و مامۆستا و هونەرمەندێکی خۆشنووسی روحسوکی شاری سلێمانیی بووە، ساڵانێکی دووروودرێژ لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی سلێمانی دا و خزمەتی پەروەردە و خوێندنی کردووە، رۆژی 27-11-2011 لە رێگەی کۆیە و هەولێر لەگەڵ هاوسەرەکەی خاتوو (شیرین حسێن بەرزنجی و بژار خانی کچی)، تووشی کارەساتی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێل بوون، بەداخەوە بۆ رۆژی دوایی مامۆستا عیزەت کۆچی دوایی کرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس:    خۆشنووس

شارەکان:        سلێمانی

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 955

## عیسا بەرواری

http://www.kurdipedia.org/?q=20100309220132385 8




دەربارەی کوردە جوولەکەکان لە ئیسرائیل فریدا گۆتی: "ژمارەمان 000 200 هەزار کەسە. ژیانمان کوردەوارییە و ئێمە پەیوەستی مێژووی کوردین، بۆیە من بە کوردی ستران دەبێژم. هەروەها ئێمە ئارامیش دەزانین، ئێدی بە ئارامیش ستران دەخوێنم و جاربەجاریش بە فارسی و عیبرانی". ناوبراو دەربارەی کەلتووری کوردی گۆتی "هونەر، جلوبەرگ و خواردنە کورییەکان لە ئیسرائیل ژیانمانە. ئێمەی کورد گەلێک مۆرکی جۆربەجۆرمان هەیە." لە درێژەی قسەکانیدا لەو بارەوە گۆتی "سترانێکی تایبەتیمان هەیە و من زۆر حەز لە دەنگی هونەرمەندانی چوار پارچەی کوردستان دەکەم." فریدا لە سەر سترانە فۆلکلۆری و میللییە کوردییەکان درێژەی دایێ و گۆتی بە نیازە لە ئایندەیەکی نزیکدا و بەو تەمەنە مەزنە سی دی-یەکی بڵاو بکاتەوە، ئێدی گۆتی "من لە مەکتەب مامۆستا بووم و سێ منداڵم هەبوو، بۆیە لە کاتی گەنجیدا نەمتوانی کاری هونەری بکەم." دەربارەی سی دی-یەکەیشی ڕوونی کردووە و گۆتی "ماوەیەکی کەم لەمە و بەر بڕیارم دا سی دی-یەکی کوردی تۆمار بکەم، چونکە من بە هونەری کوردی زۆر سەربڵندم و دەمەوێ لە ئیسرائیلیش نیشانی بدەم کە ئێمەش هونەرێکی دەوڵەمەندمان هەیە، بۆیە پێش هەموو شتێک گەرەکە ئەو سترانانەی کە لە دایک و باب، برا، خزم و دراوسێیەکانی خۆم فێریان بوومە، بیانپارێزم.
ئەو زۆر شانازی بە دایک و باوکییەوە دەکات، چونکە هەمیشە هانیانداوە کەلتووری کوردی بپارێزێ "هەموو هیوایەکیان ئەوە بوو لە گەڵ کەلتووری خۆم بژیم، هەروەها سوپاسداری براکەمم کە لەم بوارەدا یارمەتی داوم". ئاماژەی بەوەشدا کە مەبەستی سەرەکی ئەو لەو بەرهەمە هونەرییە پاراستنی زمان، هونەر و مێژووی نەتەوەی کوردە، هەروەها بۆ دیارکردنی کەسایەتیی کوردییە "چونکە ئامانجی من تەنیا کوردایەتییە." هەروەها گۆتی شانسێکی باشی هەیە کە هونەرمەندی مەزن یۆنی شاخام، بەرپرسی ستودیۆ 10 یارمەتی دەدات کە ئەم سی دی-یە کوردییانە بەرهەم بێت. فریدا هونەرمەند یۆنی شاخامی بەو شێوەیە هەڵسەنگاند "ئەو بە ڕەگەز پۆلۆنییە و گەلێک دۆستی نەتەوەی کوردە". فریدا دەڵێ ناوم فریدایە نەک (فریدا)ی عەرەبی و داوای کرد ناوەکەی تەعریب نەکەین. لە هەمان کاتدا لە بارەی ناوی سیدییەکەشی گۆتی "هێشتا ناوێکم بۆ سی دی-یەکەم دانەناوە، بەڵام چەند سترانێکی لێ ئاشکرا دەکەم: دڵەکەی وەرگرتم، ژان ئەکا، لیمۆ هەی لیمۆ، ئامین و ئامین، لە سەر کانی، بزانن چی زەردم لە حەوران گۆڕاوم و ڕیحان." فریدا دەربارەی وەرگرتنی یارمەتی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری ئیسرائیلی بۆ بەرهەمهێنانی

سیدییەکەی، حاشای کرد و گۆتی: "نە خێر، وەرمنەگرتووە." پاشان کۆپلەیەک لە سترانێکی ناو سیدییەکەی بۆ گۆتم:

دڵەکەی وەرگرتم، وازی لێ هێنام
نەمزانی کێ بوو، جەرگی دەرهێنام

فریدا زیاتر باسی لە خۆشەویستی خۆی بۆ کوردستان و دەربارەی کورد و کوردستانیش گۆتی "من دڵنیام کە نەتەوەی کورد دەبێتە بە خودان دەوڵەتی سەربەخۆ" هەروەها هیوای خواست جارێکیتر کوردستان ببینێتەوە و گۆتی "هیوادارم ئەگەر بکرێ جارێک سەردانی وڵاتەکەی خۆم بکەمەوە". لە کۆتاییدا فریدا بە شانازییەوە گۆتی: "من بە کوردی ستران دەخوێنم و ئەو رۆژەی کە مردم، با بە کوردی لە سەر گۆڕەکەم ستران بخوێندرێ. فریدا لە کۆتایی قسەکانیدا گۆتی "ئێدی بۆ کورد و کوردستان گەلێک شەلۆمم هەیە ".

فریدای دەنگخۆش بەو هەستە و بە هەڵکێشانی هەناسەیەکی قووڵەوە، لەو دیدارە تەلەفۆنیەدا چوار جار گریا، بەڵام نەمویست لێی بپرسم لە بەر چ دەگریێ.

فریدا باک سترانبێژێکی زۆر زیرەکە و خودان دەنگێکی جۆشە، بۆیە لە ئیسرائیل بە دەنگی چیاکانی کوردستان بە ناوبانگە. ئەو زیاتر بە کوردی ستران دەبێژێ، هەروەها بە ئارامیش ستران دەخوێنێ و جاربەجاریش بە فارسی و عیبرانی و ئاوهای گۆت "موزیکی کوردی ژیانی منە، بۆیە من لەم تەمەنەدا و لەم رۆژانەدا هەر خەریکی سیدییەکەی خۆ بوومە و داوای لە تۆ دەکەم کە لە راگەیاندنی کوردیدا باسی ئەم بەرهەمە بکەیت" .

فریدا ئێستا زۆر نەخۆشە و کەوتووتە نەخۆشخانەیەک و ئەو بەم وشانە هەستی خۆی دەربری "هیوادارم کە لە پێش مردنم مافم هەبێ بگەڕێمەوە بۆ کوردستان و ئەگەر نەگەڕێمەوە، تۆ لە جیاتی من خاکی کوردستان ماچ بکە و ئەم سیدییە بۆ سەنتەرە رۆشنبیرییەکان پێشکەش بکە، هەروەها گەلەک شەلۆمم بۆ کورد و کوردستان هەیە" .

ئێستا بەرهەمی فریدا تازە تەواو بووە و گەیشتووە سەنتەرە رۆشنبیرییە کوردییەکان لە هەموو ئیسرائیل، ئەویش بە یارمەتی هونەرمەندی مەزنی ئیسرائیل (یۆنی شاخام)ە کە بە رەگەز جوولەکەیەکی رۆمانییە و بەرپرسی (ستودیۆ 10)یە. فریدا دەربارەی ئالبوومەکەی خۆی ئاوهای گۆت "ویستم بە شێوەیەکی کوردی ئالبوومێک تۆمار بکەم، لە ستودیۆکە هەستم کرد کە دەنگم زیاتر بۆ موزیکی ئەوروپی دەچێ، بۆیە من زیاتر لەگەڵ ئامێری پیانۆ و گیتارم ستران خوێندەوە. "پاشان ناوی ئالبوومەکەی خۆی بۆم ئاشکرای کرد کە بە عیبرانییە (شیرەت ها رەیحان / بە نیخووەخ کوردستان)، و واتاکەی بە کوردی (سترانی رەیحان / لەگەڵ بۆنی کوردستان) کە بریتیە لەم سترانانە: دڵەکەی وەرگرتم، ژان ئەکا، لیمۆ هەی لیمۆ، ئامین و ئامین، لە سەر کانی، بزانن چی زەردم لە حەوران گۆڕاوم و ریحان و چەن سترانێکی دیکە بە ئارامی و فارسی و ئاوهای گۆت "ویستم لەگەڵ موزیکی کوردی ستران بخوێنم، بەڵام نەبوو. واتە ویستم نانێکی کوردی ببێژم، سەموونێکی ئەوروپی دەرکەوت. ئێدی بە کورتی ئەمن کوردم، هونەرەکەم کوردییە و رێبازەکەم کوردایەتییە"!

وەک دەزانرێ کە راگەیاندنی کوردی لە کوردستان و ئەوروپا و بە تایبەت کەناڵە کوردییەکان بایەخ بە هونەرمەندانی کوردە جووەکان نادەن، منیش بە تەنیا زۆر هەوڵم

داوه كه ئەم دیواره بشكێنم، بەڵام هەر نەمتوانی، ئەویش لە سەر وریابوون و هۆشیاربوونی كەناڵه كوردییەكان دەمێنی، كه به هیچ شێوەیەک ڕێگا نادەنه به كورده جووەكان كه بەرهەمی خۆیان پێشكەش بكەن. لەم بوارەدا فریدا ئاوهای گۆت "ئەمن پیرەژنێكی 68 ساڵیم و لەم تەمەنەدا زۆر خۆم ماندوو كردووه كه ئالبوومێک بۆ خزمەتی كوردایەتی تۆمار بكەم، كەچی درەنگ بۆم دەركەوت كه نرخ و قەدری كوردایەتی له كوردستان به یەكجاری نەماوه، ئەدی كوو؟ حاڵی بوویت كاک بەشیر؟ مەسرەفی ئەم بەرهەمەش زۆره، هەروەها من چەند دانەیەكی بۆ چەند كەناڵه كوردییەكانم ناردووه، كەچی كەناڵه كوردییەكان خۆیان خەشیم دەكەن كه هێشتا بەرهەمەكەم نەگەیشتووه دەستیان" .
بەشیر سەبری بۆتانی، 2008-2009 ئیسرائیل
mailto:hunername@hotmail.com
سەرچاوه: نامەیەكی بەڕێز بەشیر سەبری بۆتانی سەبارەت به پرۆفایلی فریدا باک له 17-09-2010

تایبەتمەندییەكانی بابەت

ڕەگەزی كەس: خانمان

نەتەوە: كورد - جوولەكه

وڵات: ئیسرائیل

جۆری كەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەته باشتر بكە!

---

ژماره: 1031

## فوئاد ئەحمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=200911281906272725



گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەكانی بابەت

ڕەگەزی كەس: پیاوان

نەتەوە: كورد

وڵات:            باشووری کوردستان

جۆری کەس:   گۆرانیبێژ

شارەکان:        هەولێر

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1032

## فوئاد حەمەمین ئاغای حاجی عەوڵای درێژ

http://www.kurdipedia.org/?q=20081125162404489



لەساڵی 1933 لەشاری سلێمانی لەدایک بووە، باپیری پیاوێکی ئاینی و خواپەرست بووەناوی حاجی عبدوڵای حاجی ئاغا ساڵح بووە کەبەعەوڵای درێژ بەناوبانگ بووە، پیاوێکی زۆر بەئاین خیرکەر بووەهاوتەمەنی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ بووە، وەک دەگێرنەوەمنارەی مزگەوتی گەورەئەم دروستی کردوە، هەروەها خانی عەجەم لەشاری سلێمانی ئەم بینایەتی ناوەچونکەموڵکی خۆی بووەبەهۆی ئەوەی ئەم پیاوەزۆر خۆشەویستی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ بوەپێش وەفات کردنی وەسێتی کردوەکەحاجی عەولا لەنزیک گۆرەکەی بنێژن بۆیەکاتێک کەحاجی عەولا درێژ وەفاتی کردوە لە ساڵی 1322 کۆچی لەگۆرستانی مزگەوتی گەورەنزیک مەرقەدی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ لەدەرەوەی مەرقەدەکە نێژراوە!.
حاجی عبدولا چوار کوری هەبوە کە ئەمانەن حاجی ئاغا فتح الله، ئیبراهیم ئاغا، حمەئاغا، حمەمین ئاغا کەباوکی مامۆستا فوئادە و ئەویش بەهەمان شێوەچوار کوری هەبوە کەئەمانەن
نوری ئاغا، حمەرەشید ئاغا، خسرەو ئاغا، کاک فوئاد!!.
مامۆستا فوئاد خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەشاری سلێمانی تەواو کردوەو لەساڵی 1950 دا دواتر چووتەپەیمانگای مامۆستایان لەبەغدا و ساڵی 1953 پەیمانگای تەواو کردوەو گەڕاوەتەوە سلێمانی بووە بە مامۆستا، دواتر لەساڵی 1957 ژنی هێناوەو خێزانی پێکەوەناوە، خێزانەکەی خەڵکی شاری سلێمانییە و ناوی خاتوو (نەزیرە عەلی حەسەن) ەو پێکەوەهەبوونەتە خاوەنی هەشت منداڵ بەناوەکانی (شادان، بەیان، شوان، کاوان، سامان، حەمە، شارا و شەم.)
هونەرمەندی نەمر مامۆستا فوئاد تا ساڵی 1969 لەقوتابخانەی سەرەتایی شێخ مەحمودی کوران بەمامۆستایی ماوەتەوە و دوایی بووە بەیاریدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەکە!.
ساڵی 1975 چوتە چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی ماوەی سێ ساڵ لەو بەڕیوەبەرایەتیە خزمەتی کردوە، تا دواتر لەساڵی 1978 چۆتەبەڕیوەبەرێتی رۆشنبیری

جەماوەر لەسلێمانی و ماوەی شەش ساڵ لەو بەڕێوەبەرایەتیە بوە و دواتر خۆی خانەنشین کردوەلەساڵی 1984 دا وەک زۆر لەهونەرمەندان هەر لەمنداڵیەوەخولیای هونەری شانۆ بووەو بۆ ئەم مەبەستەلەقوتابخانەو لەگەڵ هاوریانی گەڕەک بەشداری کاری هونەری و شانۆیەکان بوەکەئەمەش گرنگی خۆی هەبووەلەپێگەیاندنی ژمارەیەکی زۆر لەشانۆکاران و دروست بونی خۆشەویستی و نزیک بونەوەلەشانۆ، لەساڵی 1969 لەگەڵ کۆمەڵێک لەهونەرمەندان و رۆشنبیران لەوانە
)محەمەد سدیق مەحمود، محامی،، نوری وەشتی،، تەها خەلیل،، نەوزاد مەجید،، شێرکۆ بێکەسی شاعیر،، عەلی جۆلا،، عەلی توانا) وەک ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر تیپی هونەر و وێژەی کوردیان دامەزراندوە لە شاری سلێمانی کەتیپێکی گەورەبو وەو شانبەشانی تیپی نواندنی سلێمانی خزمەتێکی زۆریان بەهونەری شانۆ و مۆسیقاو بوارەکانی تری هونەرکردوەلەسلێمانی و کوردوستان، دوای ئەوە ئەم تیپەناوی گۆردرا بەتیپی کۆمەڵی هونەرەجوانەکانی سلێمانی، ماوەی زیاتر لە 39 ساڵەئەم تیپەبەهەمان تواناوەبەردەوامەلەخزمەتکردنی هەموو بوارەکانی هونەر و کلتوری کوردی!.
هونەرمەند مامۆستا فوئاد حمەمین ئاغا وەک ئەکتەرێکی سەرکەوتو بەشداری کردوەلەنواندنی چەندین کاری شانۆیی و درامای تەلەفیزیۆنی و فیلمی سینەمایی و تەمثیلی رادیۆیی.
کارە هونەریە شانۆیی و درامی و سینەماییەکانی
)شانۆیەکان(
شێخی تەپلەڕەش نوسین و ئامادەکردنی عەلی توانا دەرهێنانی نەوزاد مەجید،، شایی خۆیناوی نوسینی گارسیا لۆرکا دەرهێنانی نەوزاد مەجید 1971،، پیسکەی تەڕپیر نوسینی
مۆلێر دەرهێنانی ئەحمەد سالار 1972،، تاوانێک لەئاسماندا نوسینی تەها بابان دەرهێنانی
نەوزاد مەجید بۆ شانۆ و حسین نەسراوی بۆ تەلەفیزیۆن 1972،، چاوی ڤیتنام نوسینی ریدسۆن
دەرهێنانی تەها خەلیل، شانۆیی ئاپاری سەرکەوتنە،، جەنابی موفەتیش نوسینی گۆگۆل
دەرهێمنانی ئەحمەد سالار 1971،، پژمین نوسینی عومەر عەلی ئەمین دەرهێنانی تەها خەلیل 1973،، کیچ نوسینی حەمەسدیق مەحمود دەرهێنانی نەوزاد مەجید 1970، دیوار نوسینی سارتەر دەرهێنانی تەها خەلیل 1974،، پەیکەر نوسینی بۆل برۆلا دەرهێنانی تەها خەلیل 1974،، ئۆپەرێتی دایکی نیشتمان و ئۆپەرێتی بوک و زاوا، چرا دەرهێنانی کامەران رەؤف،، شانۆیی نامەیەک لە خنکاوەوە،، سارا خان نوسینی ئەلفرێد فەرەج دەرهێنانی جەمال محەمەد 1973،، کاوەی ئاسنگەر نووسینی شێرکۆ بێکەس دەرهێنانی تەها خەلیل 1977،، دکتۆری تێلا نوسینی مۆلێر دەرهێنانی عەبدولی حەمەجوان 1977،، کابرا سەیرەکەنوسینی نازم حیکمەت دەرهێنانی عەبدولی حەمەجوان 1985،، بلیت و زاوا نوسینی جەمە سدیق دەرهێنانی حسین نەسراوی 1972،، مرۆڤ و زەوی نوسینی تەها بابان دەرهێنانی حکمەت زەنون 1977،، شار نوسینی حسین عارف دەرهێنانی کامەران رەؤف 1997،، بازرگانی ڤنیسیا نوسینی مۆلێر دەرهێنانی ئەنوەر توفی 1972.

)دراما تەلەفیزیۆنیەکان(
ژیان نوسینی جەلیل زەنگنەدەرهێنانی حکمت زەنون 1977،، گوڵاڵە نووسینی حەمەرەشید هەرەس دەرهێنانی شاماڵی عەبەڕەش.
)فیلمەکان(
نێرگز بوکی کوردوستان 1990،، خولەپیزە، نوسین و دەرهێنانی جەلیل زەنگنە 1998 مامۆستا فوئادی حەمەمین ئاغا جگەلەبواری هونەری و کاری وەزیفی ساڵی 1965 لەمەلەوانگەی سەرچنار راهێنەری مەلەوانیتی بوەو هەروەها ئەندام و راهێنەری یاری شەترەنج بووەتوانیویەتی خزمەتی باشی ئەم دوو بوارەش بکات، هونەرمەند فوئادی حەمین ئاغا مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێست و کورد پەروەر بووە، لەتەمەنی لاوێتیدا پەیوەندی هەبوەلەگەڵ حیزبی شیوعی کوردوستاندا و هەڵگری بیروباوەڕی چەپ و کۆمۆنیزم بوەئەمەش وای کردوەلەساڵی 1963 لەکاتی نەکبەی (مەنعی تەجەولەکەی) شاری سلێمانیدا لەلایەن رژێمی بەعسەوە بگیرێت و ماوەی نۆ مانگ لەبەندیخانەلەشاری کەرکوک بەند (سجن) بکرێت؟
ئەوەی شایانی باسکردنەلێرەدا خیزانەکەی مامۆستا فوئاد، خاتوو نەزیرەتوانیویەتی بەشداری کاری هونەری لەدرامای نامەیەک لەخنکاوەوەو فیلمی نێرگز بوکی کوردستانەو فیلمی خولەپیزەو لەم دوایانەش بەشداری لەدرامای (لەگولێک کاڵترو و گەڕانێک بەدوای سیبەرەکانداو ژیلەمۆ) بکات و بەتایبەتی لەدرامای گەڕانێک بەدوای سیبەرەکاندا رۆڵێکی بەرچاوی بەرجەستەکرد کەجێگای رەزامەندی بینەران بو، بەمەش خاتو نەزیرەسەلماندی کەلەسەر ریبازی مامۆستا فوئاد
بەردەوامەلەخزمەتکردنی هونەری کوردی داو مامۆستافوئاد زیندو نەمرەو توانیویەتی لەپاش ئەو هەموو ساڵەی خزمەتی خۆی بۆ رێبازی هونەری کوردی هاوسەرێکی ئاوا لەپاش خۆی بۆ درێژەپێدانی ئەو ریگایەی کەلەژیاندا هەڵیبژاردبوو بەفیرۆ نەدات.؟
هەروەها هونەرمەندی شانۆکار (خاتو شادان) کەکچی گەورەی مامۆستا فوئادە وەک خانمە ئەکتەرێکی کورد لەمێژەلەچەندان کاری شانۆیی و فیلم و درامای کوردیدا بەشداری کاریگەرو سەرکەوتوی کردوەو ئەکتەرێکی بەتوانایە، بێگومان ئەمەش دەگەڕیتەوەبۆ ئەو تواناو خۆشەویستیەی کەمامۆستا فوئاد توانیویەتی دروستی بکات لەناو خێزانەکەی دا بۆ هونەری کوردی، لەهەمان کاتدا خاتو شادان خێزانی ئەکتەری بەتوانای کورد شەماڵی عەبەڕەشەکەپێکەوەچ لەکوردوستان و لەهەندەران ( هوڵەندا) خزمەتی زۆری هونەری کوردی نەتەوەکەیان کردوەو چەندەها شانۆیی و فیلمی کوردی بەهێزیان نمایش کردوەبەتایبەتی لەوڵاتی هوڵەندا
هەندی لەوانەش فیلمی هۆڵەندی (ئەو کورەی ئیتر نادۆێ، ئۆپەرێتی هۆڵەندی کۆیستی فەناید، شانۆیی دووبارەی داستانێک، فیلمی رۆژانی زەرد، فیلمی هەلە و هۆڵەندا، فیلمی نامۆی(
جگەلەوەی هەردوو کچەکانی شایی و شارۆ و خەڵاتی یەکەمینیان وەر گرتوە.
لەساڵی 1999 هونەرمەند فوئادی حەمەمین ئاغا کوردوستان بەجێ دێڵی و بەرەو هەندەران کۆچ دەکات و لەهوڵندا جیگیر دەبێت بەڵام بەداخەوەدوای ساڵ و نیوێک جەڵتەی مێشک لی ئەدات و لەئەنجامدا توانای قسەکردنی نامێنێ تا لەڕۆژی 7 مانگی ئازاری ساڵی 2004 لەنەخۆشخانەدەکەوێت و پاش سیانزەڕۆژ لەکات ژمێر سێ و نیوی بەکاتی هۆڵەندا لەبەرواری نوزدەی ئازاری ساڵی 2004 ئەو هونەرمەندەمەزنەماڵئاوایی یەکجاری لێکردین و کەسەرێکی

گەورەی لەدڵی نەتەوەکەی بەگشتی و هونەرمەندان و بینەران بەتایبەتی بەجێ هێشت، لەڕۆژی 25 مانگی ئازای هەمان ساڵیشدا تەرمەکەی هێنرایەوەسلێمانی لەگردی سەیوان نێژرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: ئەکتەر

شارەکان: سلێمانی

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1033

## فوئاد شامار

http://www.kurdipedia.org/?q=20081126102340506



لەساڵی1967 لەکەرکووک لەگەڕەگی ئیسکان لەدەیکبووە و وەک خێزانێکی هونەردۆست لەمێردمنداڵیەوە سەرقاڵی هونەر و ژەنینی ئامێری گیتارەبووە، ئامادەی پیشەزازی لەکەرکوک خوێندوەو، لەساڵی 1987دا لەئامێزی تیپی مۆسیقای شاڵاو لەگەڵ هونەرمەندان دلێر عەلی باخەوان، سیروان عومەر و ئیدریس ڕەحیم خۆی دەبینێتەوە و هەر لەو ساڵەدا بەر هەمێک تۆماردەکەن بەناوی تیپی مۆسیقای شاڵاو وەهەشت بەرهەم بڵاودەکەنەوە کە سێ بەرهەمی فواد شامار چڕیوەتی، پاشان تاراوگە دەبێتە میوانی فوئاد و لەهۆڵەندا دەگیرسێتەوەو هەرلە هۆڵەندا بەتیپی مۆسیقای هۆڵەندی ئاشنا دەبێت و خۆی لەتیپێکی مۆسیقی هۆڵەندی دا دەدۆزێتەوە و پێکەوەکاردەکەن، فواد شامار 2001 هۆڵەندا بەجێدێڵێت و روو لەسوێد دەکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

ووڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: موزیکژەن

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1034

## فوئاد عەلی

http://www.kurdipedia.org/?q=20100818095057473



هونەرمەندی پەیکەرتاشی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: پەیکەرتاش

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1035

## ڤێنک فاروق

http://www.kurdipedia.org/?q=20120705094849717

گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1036

## فەتانە وەلیدی

http://www.kurdipedia.org/?q=20091020100362095



ساڵی 1953 لە بنەماڵەیێکی هونەرمەندی شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بوو و هەر لە منداڵیەوە رووی کردە هونەری مۆسیقا و ئاواز. بەداخەوە ژیانی هونەری ئەو هونەرمەندە بە هۆی باری نالەباری ژیان و نەخۆشی دەروونیەوە زۆر زوو کۆتایی پێ هات. بەڵام لەو تەمەنە کورتەشدا توانی رۆڵێکی مێژوویی لە هونەری مۆسیقای کوردیدا ببینێ. ناوبراو یەکێک لە یەکەمین گۆرانیبێژانی ژنی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە دواتر بوە ئیلهام بەخشی فرەیێک لە هونەرمەندانی ژن و تەنانەت پیاوی تر لە کوردستان.
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (رۆژهات) سەبارەت بە (فەتانە وەلیدی) لە: 9-12-2010 0:19:16

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

شارەکان: سنە

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1037

## فەتحی کەریم

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010915443122078

فیلمکار

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: سینەماکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1038

## فەخری خورۆش

http://www.kurdipedia.org/?q=200903121124021638



فەخری ئەسودی کە ناسراوە بە (فەخری خورۆش) لەساڵی 1929 لەشاری کرماشان لەدایکبووە و، پروانامەی بەکالۆریۆسی هەیەو خاوەن کاری زۆرە لەسینەماو شانۆ دا. ناوبراو لەسەردەمی شاهەنشاهی ئێران بەشداری چەندین فیلمی سینەمایی کردووەو، یەکێک لە ئەکتەرە دیارەکانی سەردەمەکەی بوو. ئەو یەکەم ئەکتەری ژن بوو رۆڵی سەرەکی فیلمەکانی بەباشی گێراوە و بەشداری زۆرترین فیلمی سینەمایی کردووە لەسەردەمی شای ئێراندا. خورۆش تائێستا بەشداری لە 38 فیلمی سینەمایی کردووە کە 12 فیلمی لەسەردەمی شاو 26 فیلمیشی لەسەردەمی کۆماری ئیسلامیدا بەرهەمهاتوون. فەخری خورۆش، ئێستا خەریکی رۆڵ گێرانە لەچەند فیلمێکی سینەمایی کە لەنێوراستی ساڵی 2009 بڵاودەکرێنەوە. بە نێوبانگترین ئەو فیلمانەی فەخری بەشداری تێدا کردوون، بریتین لە (تاراج – 1984)، (دادا- 1982)، (سوتەدلان- 1977) و (بهلول – 1957 ).
هەندێ لە سینەماکارانی، سەردەمی کۆماری ئیسلامی پێیانوایە بەهۆی ئەوەی لەسەردەمی شادا، فەخری خورۆش لەچەند فیلمێکدا رۆڵێکی وروژێنەری گێراوە، نەدەبوایە کۆماری ئیسلامی رێگەی پێبدات بەشداری فیلمە سینەماییەکان بکات، بەڵام ئەو لەلایەن وەزارەتی ئیرشاد و فەرهەنگی ئیسلامی ئێران رێگەی پێدراوەو

تائێستاش بەردەوامە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: ئەکتەر

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1039

## فەرامەرز سدیقی

http://www.kurdipedia.org/?q=2010111720530110768



کوری سەروان سدیقی ساڵی 1328ی هەتاوی لە شاری سەقز لەدایک بوە و خوێندنی هەتا وەرگرتنی دیپلۆم لە شارەکانی سەقز و تاران درێژە داوە و دواتر لە زانکۆی هونەرە جوانەکانی تاران وەک خوێندکاری شانۆ وەرگیراوە و فەوقەلیسانسی شانۆ و سینەمای لەو زانکۆ وەرگرتوە و هەنووکەش نیشتەجێی شاری تارانە.
فەرامەرز سدیقی دەسپێکی کاری هونەری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1347ی هەتاوی کە بە دەورگێران لە شانۆی "ڕۆستەم و زۆراو" پێی نایە نێو گۆڕەپانی بەربڵاوی هونەر و دواتر لە ساڵی 1351ی هەتاویدا بە دەورگێران لە فیلمی "چشمە" کە دەرهێنەرەکەی "ئاربی ئوناسیان" بوو جیهانی پڕ دەنگ و ڕەنگی سینەماشی ناسی و تا هەنووکە بەردەوام لە سینەما و شانۆ و تلوزیۆندا دەور و ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە.
بەشێک لەو فیلمانەی کە هەتا ئێستا فەرامەرز سدیقی ئەکتەری توانای سەقزی دەوری تێدا بینیوە بریتین لە: قدمگاه، مارال، هزاران زن مثل من، عشق کافی نیست، اسکادران عشق، پاییز بلند، دادستان، دلشدگان، آخرین پرواز، دندان مار، زمان از دست رفته، روزنه، سایەهای غم، تیغ و ابریشم، گفت هرسه نفرشان، امشب اشکی میریزد، برهنه تا ظهر با سرعت، زن باکرە، چشمە و.... هتد.
ناوبراو لە بەشی دەرهێنەریشدا دەوری بەرچاوی گێراوە کە دەکرێت ئاماژە بە فیلمی "طعمه" بکەین کە نووسەر و دەرهێنەری فیلمەکە کاک فەرامەرزی سدیقییە و کۆمەڵێک لە ئەکتەرە بەناوبانگەکانی وڵاتی ئێران تێیدا ڕۆڵیان بینیوە. فەرمەرز سدیقی وەک "یاریدەدەری دەرهێنەر"یش تا ئێستا دەوری بەرچاوی بینیوە و لە ساڵی 1351ی هەتاویدا لە دوو فیلمی: "رضا هفت خط" و "ساعت فاجعه"، وەک یاریدەدەری دەرهێنەر ڕۆڵی بینیوە. ئەم هونەرمەندە بەناوبانگەی شاری سەقز و سینەما و تلویزیۆنی وڵاتی ئێران، بە خۆشییەوە ئێستایش هەر لە بواری بەرهەمهێنانی فیلم و

سریاڵ و زنجیرەی تلویزیۆنی، هەڵسوور و چالاکە و بەردەوام بەرهەمەکانی لە کەناڵەکانی تلویزیۆنی ئێراندا بڵاو ئەبێتەوە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی سەقز

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: ئەکتەر

شارەکان: سەقز

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1040

## فەرزاد ئەدیبی

http://www.kurdipedia.org/?q=20090226165434143‌3



ساڵی 1967 لە شاری سونقور لە کرماشان هاتۆتە دنیا. ساڵی 1990 لە لقی گرافیک لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران وەرگیرا. تا ئێستا لە چەندین پێشانگای تایبەت و هەروەها 40 پێشانگای هاوبەشدا بە شێوەیەکی چالاک بەشداری کردووە.
ئەم گرافیستە کرماشانییە لە ڕۆژنامەکانی هەمشەهری، ئێران، گۆڤاری "کتاب ماە" واتە "کتێبی مانگ" و لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکە بابەت و وتاری بڵاوکردۆتەوە و وەکوو بەڕێوەبەر و بەرپرسی هونەریی، دیزاینەری گرافیک و وێنەساز لە زۆربەی گۆڤارە جۆراوجۆرەکانی ئێران کاری کردووە، لەوانە: "شیعر"، "ادبیات داستانی" واتە "ئەدەبیاتی چیرۆکی"، "سەحنە"، مەقام"، "شەهریار"، "زەمانە"، "فیدای حەق"، "پەیکی خاوەر"، "سرووش" و هەروەها ڕۆژنامەکانی "زەن"، "فەردا" و چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکە.
تا ئێستا لە زۆربەی فیستیڤاڵە هونەرییەکانی گرافیک و وێنەسازی ئێران و هەروەها لە چەندین خولی فیستیڤاڵی چاپەمەنییەکانی ئێران بەشداری کردووە و خەڵاتی سەرەکیی و پربایەخی بەدەستهێناوە، کە هەندێکیان بریتین لە:
1پلەی یەکەمی دیزاینی پوستەر"، لە "یەکەمین خولی ئۆلەمپیای فەرهەنگی،

وەرزشی قوتابیانی سەرانسەری وڵاتی ئێران"، ساڵی 1993.
2پلەی دووەمی "یەکەمین پێشانگای قوتابیانی گرافیکی زانکۆی تاران"، ساڵی 1993.
3پلەی سێهەمی "دیزاینی پوستەر بۆ رۆژی ئافرەت"، لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران، ساڵی 1993.
4پلەی یەکەمی "دیزاینی پوستەر" بۆ شەشەمین خولی پێشانگای نێونەتەوەیی کتێبی تاران" لە ساڵی 1993.
5پلەی یەکەمی دیزاین و رازاندنەوەی لاپەڕە، لە سێیەمین خولی فیستیڤاڵی چاپەمەنییەکانی ئێران، ساڵی 1996، کە لەوحەی سوپاس و پێزانینی پێبەخشرا.
6پلەی دووەمی دیزاین و رازاندنەوەی لاپەڕە، لە پێنجەمین خولی فیستیڤاڵی چاپەمەنییەکانی ئێران، ساڵی 1999، کە لەوحەی سوپاس و پێزانینی پێبەخشرا.
7پلەی سێهەمی "دیزاینی پوستەر"، لە "یەکەمین پێشانگای گرافیک لە خزمەت خەبات لە دژی مادە سڕکەرەکان"، ساڵی 1999.
8پلەی یەکەمی دیزاین و رازاندنەوەی لاپەڕەی یەکەمی گۆڤار، لە شەشەمین خولی فیستیڤاڵی چاپەمەنییەکانی ئێران، ساڵی 2000، کە پێنووسی بلووری پێبەخشرا.
9پلەی یەکەمی وێنەسازی، لە حەوتەمین خولی فیستیڤاڵی چاپەمەنییەکانی ئێران، ساڵی 2001، کە پێنووسی بلووری پێبەخشرا.
10پلەی یەکەمی دیزاین و رازاندنەوەی لاپەڕە، لە حەوتەمین خولی فیستیڤاڵی چاپەمەنییەکانی ئێران، ساڵی 2001، کە پێنووسی بلووری پێبەخشرا.
11پلەی دووەمی دیزاین و رازاندنەوەی لاپەڕەی یەکەمی گۆڤار، لە حەوتەمین خولی فیستیڤاڵی چاپەمەنییەکانی ئێران، ساڵی 2001، کە پێنووسی بلووری پێبەخشرا.
سەرچاوە: مەنووچێهر جیهانی - ماڵپەڕی پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: شێوەکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1041

## فەرزاد عەندەلیبی

http://www.kurdipedia.org/?q=201002101728223447



هونەرمەند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: هونەرمەند

جۆری کەس: هونەرمەند

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1042

## فەرزین پشدەری

http://www.kurdipedia.org/?q=201010061018569816

دەرچووی بەشی دروستکردنی فیلمە لەزانکۆکانی ئێران و خاوەنی چەندین کورتە فیلم و فیلمی چیرۆکییە، کە دیارترینیان کورتە فیلمی (بۆمبەر)ە کە توانیوێتی (8) خەلات لەفێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکان بەدەستبهێنێت، ساڵی 2009ش وەک یاریدەدەری دەرهێنەر لەگەڵ ستافێکی ئیتاڵی کاری لەفیلمی (رۆڵەکانی کەرکوک)دا کردووە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: سینەماکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1043

## فەرزین سابوونی

http://www.kurdipedia.org/?q=2011032610073721816



خەڵکی شاری سنەیە و تاکوو ئێستا لە زیاتر لە 60 شانۆگەری بە هێز، وەکوو ئەکتەرێکی سەرکەوتوو رۆڵی بینەوە و ساڵی 2004 لە 22مین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆی "فەجر" بە دەورگێران لە شانۆگەری "سێ ماڵی چکۆلە" وەکوو ئەکتەری دووەمی ئەم فیستیڤاڵە هەڵبژێردرا.
سابوونی لە فیلمی سینەمایی "نیوە مانگ" لە دەرهێنانی سینەماکاری ناوداری کوردستان "بەهمەن قوبادی" وەکوو ئەکتەری سەرەکی رۆڵی بینیوە و یەکێکە لە ئەکتەر پرکارەکانی شانۆی وڵاتی ئێران کە هەموو ساڵێک رێژەی ئەو شانۆگەریانەی کە ئەو تیایدا بەشداری دەکات، ژمارەیان لە تەواوی ئەکتەرەکانی شانۆی ئێران زیاترە.
سەرچاوە: مەنسوور جیهانی - ماڵپەری پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: شانۆکار

شارەکان: سنە

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1044

## فەرشید نورانی

http://www.kurdipedia.org/?q=201007031533264533




گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1045

## فەرهاد پیرباڵ

http://www.kurdipedia.org/?q=20081126143337531



فەرهاد پیرباڵ، نووسەر، لێکۆڵەر و مامۆستای زانکۆی کوردە و خەڵکی باشووری کوردستانە. ئەو لە ساڵی 1961 لە هەولێر لە دایکبووە و لە 84 لە زانکۆی سلێمانی خوێندنی تەواو کردووە. ئەو لە ساڵی 1984 چووەتە ریزی یەکێتی نووسەرانی شاخەوە، هەر لە ناو یەکێتی نووسەرانی شاخیش یەکەمین کتێبی چاپ کردووە کە شانۆنامەیەکە بە بەناونیشانی ماڵئاوایی وڵاتەکەم. ئەو لە پێناو ئەوەی خزمەتی سەربازیی رژێم نەکات چووەتە ئێران، هەشت مانگ لە ئێران ماوەتەوە. دوایی چووەتە ئەڵمانیا ئینجا دانیمارک و دوو ساڵ لەوێ ماوەتەوە بە زەماڵەی حکومەتی فەڕەنسی کە لەلایەن ئەنیستیتوی کوردی پاریسەوە دابەش دەکرا، چووەتە فەڕەنسا بۆ ماوەی هەشت نۆ ساڵێک لە فەڕەنسا ماوەتەوە.
پیرباڵ مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 1994 گەڕاوەتەوە کوردستان. هەفتەیەک دوای تەواوکردنی دوکتۆراکەی لە زانکۆی سۆربۆن، لە بواری مێژووی ئەدەبی نوێی کوردیدا لە ساڵی 1994 لە زانکۆی سەلاحەدین دامەزراوە.
پیرباڵ کاتێک کە لە دانیمارک و ئەڵمانیا بووە وەکو سەرپەرشتیاری بەشی ئەدەبی و وەکو پەیامنێر و ئەندامی دەستەی نووسەران لە زۆر لە گۆڤارەکانی وەک خەرمانە و نودەم لە ستۆکۆڵم، یەکگرتن و دەروازە لە دانیمارک، هیوا لە پاریس وە هەروەها گەلێک گۆڤاری دیکەش وەکو دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکان کاری کردووە، لە 1994 کە هاتووەتەوە کوردستان لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ بەرپرسی لاپەڕە بووە، لە گۆڤاری وەرگێران سەرنووسەر بووە کە لە وەزارەتی رۆشنبیری دەردەچوو. ئەو هەروەها لە زۆر گۆڤار و بڵاوکراوەی دیکە دا وەکوو نووسەر یان سەرنووسەر بەشدار بووە.
فەرهاد پیرباڵ هەتا وەرزی یەکەمی 2009 چلوسێ کتێبی نووسیوە و بڵاو کردووەتەوە. تازەترین کتێبی فەرهاد پیرباڵ بریتییە لە حەکایەتەکانی باوکم کە رۆمانێکی 450 لاپەڕەییە.
نێوبراو هاوسەری هۆزانەوان تەرزە جافە.

سەرچاوە: ویکیپێدیا
divltr
CURRICULUM VITAE
PERSONAL DETAIL
Name: Ferhad
Family name : PIRBAL
Iraq ،Arbil ،Date and place of birth : 20. 08. 1961
tow childrens ،Marital status: married
Arbil; Tel. 00964750 445 0311 ،Zanko Village ،Hom address: No.81
Email : ferhadp@yahoo.com

Education
،1994 – Awarded ph.D. in Kurdish Modern Literatur; University of Sorbonne
France. ،Paris 3
،Paris 3 ،University of Sorbonne ،1990 – Awarded degree Master of Literatur
1990 ،Oct ،France
College of ،Kurdish Department ،1983 – Complete B.Sc. Kurdish language
1979،07 ،Iraq ،University of Sulaimanie ،Arts

Languges:
Turkmen. ،Arabic ،Persan ،English ،Franch ،Kurdish

Expereinces
،1994 – 1996 Lecture of Kurdish Modern Literatur in Kurdish Department
Arbil. ،University of Salahaddin ،College of Arts
Arbil. ،1994 - 2010 Editor of Weearan Magazin
Arbil. ،1994-1996 Journalist in Kurdistani Niwee Newspapar
Arbil. ،1995 – 1996 Director of Central Library of Univesity of Salahaddin
Sulaimanie. ،1995 Participating to Founding the Zamowa Gallery of painting
Arbil. ،1995- 1996 Director of Arbella Gallery of Painting
1996 – 2002 Lecture of Kurdish Modern Literatur & Eshtetica in Kurdish
Arbil. ،University of Salahaddin ،College of Education ،Department
،College of Economie ،College of Low ،1996 – 2002 Lecture of Kurdology
Arbil. ،University of Salahaddin
College of ،1996 – 1997 Lecture of Franche in English Department
Sulaimanie. ،Languages
،1996-1997 Editor of Wegeeran Magazin published by Ministary of Cultur
Arbil.
1997 –1998 playing a key role in founding the College of Fin Arts in
University of Sulaimanie.

College of Fin ،1997- 1998 Lecture of Eshtetica in Plastic arts Department Sulaimanie. ،Arts

1997 – to date : Gave theoretical & practical lecturs in Kurdish Modern M.Sc. & Ph.D. students. ،Literatur & Eshtetica to B.Sc.

Kurdish Department in ،1998 – to date : Supervising one 7 M.Sc. students Germany 2010. ،Salahaddin University and University of Berlin

Arbil. ،1999- 2001 Presenting Emission in KTV Satalyte

Arbil. ،2000 to date : Director of MSB Cultural Center

،2002 – 2003 Lecture of Philosophie of Art in Journalism Department University of Sulaimanie.

Khanaqin ،in Litr. Dep. ،2003- 2004 Lecture of Moderne Kurdish Literatur (Un. Sul.).

،2003 playing a key role in founding the Dapartement of Franche Litr College of Arts in University of Arbil.

Arbil. ،2004 - 2005 Editor of Shin Magazin published by Aras Ed.

College of ،2004 - 2005 Lecture of Traduction in English Department University of Koysanjaq. ،Literatur

،College of Fin Arts ،2005- 2010 Lecture of Eshtetica in Painting Department Arbil. ،University of Salahaddin

Sulaimaniye. ،2009- 2010 Presenting Emission in GelTV Satalyte

،College of Fin Arts ،2009- 2010 Head of Cinematographics Departement Arbil. ،University of Salahaddin

Publications

Publishing in journals such as: Zanko – the scientific journal of Salahaddin University ; Brayeti Center ; Zanko y Sileimani – the scientific journal of University of Sulaimanie; Zanko y Dihok – the scientific journal of University of Duhok; Etudes Kurdes – the scientific journal of Kurdish Institut of Paris (In franch language).

Publishing also in journal KurdishGlobe 55 articls about Kurdish culture in in Arbil. ،english languge

Books :

published by Ed. ،- 59 books and studies about Kurdish culture and Litr ،Bedrxan ،Renj ،Spireez (Duhok); Gelaweej ،Hetaw (Arbil) ،Gulan ،Aras Serdem (Sulaimanie) 1996- 2010.

9 pieces of theatre and one Scenario. ،3 books of poems ،- 5 Romans

one book translated to Franche (Action ،- 3 books translated to Persan

Rabita – t ،and two books translated to Arabic (Dar Al jamal ،Poetique) Bayrout). ،Kawa

Traning Courses and Conferences
Iraq ،Arbil ،2000 – 4th Scientific Conference of Salahaddin University
France. ،Strasbourg ،1992- International Conference of Students
in Paris. ،1992 _ International Conference about Kurdes
،Stockholm ،1991 – 13rd Scientific Conference of Kurdish Institut of Paris
Sweeden
،Kurdish Institut of Paris ،1989– Scientific Session of Kurdish Literatur
Sweeden ،Stockholm

References
110 Rue ،President of Kurdish Institut of Paris ،1- Mr. Kendal NEZAN
Paris 10me. ،LaFayette
،College of Arts ،Kurdish Department ،2- Prof. Dr Izzeddin Mustefa RESUL
Sulaimanie.
enddivltr
سەرچاوە: نامەیەکی بەڕێز فەرهاد پیرباڵ سەبارە بە کارنامەی خۆی لە 09-09-2010

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: )ئەکادیمی(

جۆری کەس: نووسەر

جۆری کەس: هۆزانەوان

جۆری کەس: شێوەکار

شارەکان: هەولێر

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

نەتەوە: کورد

ئەم بابەتە باشتر بکە!

ژمارە: 1046

## فەرهاد شەریف

http://www.kurdipedia.org/?q=2012061913385470167

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: هونەرمەند

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1047

## فەرهاد قادر

http://www.kurdipedia.org/?q=2010120514481212355



لەساڵی 1970 لەشارە جوانەکەی مەریوان لەرۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بەشی کارەبایە، لەگەڵا رووخانی شای ئێرانو هاتنەسەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران، وەک خێزانێکی شۆرشگێر لەساڵی 1979دا دێنە باشووری کوردستانو لەشاری سلێمانی جێگیردەبن.
دوای شەهیدبوونی ئامۆزایەکی لەساڵی 1986 لەڕیزی کۆمەڵە، وەک هەستێکی شۆرشگێرانە دەبێتە پێشمەرگەو بەهۆی بچوکی تەمەنییەوە، لەناو شاری سلێمانی لەبارەگای کۆمەڵە دەمێنێتەوەو درێژەش بەخوێندن دەدات.
لەساڵی 1989 بەدنیای هونەرو نووسین ئاشنا دەبێت و لەچەندین شانۆگەریدا وەک نواندن بەشداردەبێت و چەند نووسینێکی شانۆیی دەنووسێت و لەچەند بۆنەیەکدا نمایشدەکرێت.
لەکۆتاییەکانی ساڵی 1990دا پەیوەندی بەشانە چەکدارەکانی (ی.ن.ک)ەوە دەکات و لەڕاپەڕینەکەی ئاداری باشووری کوردستان بەشداردەبێت و لەگرتنی ئەمنە سوورەکەشدا لەگەڵا هەڤاڵەکانیدا بەشداریدەکات.
لەساڵی 1992دا وەک خولیاو حەزێک تێکەڵا بەکاری میدیا بووەو هەر لەو ساڵەدا

لەگەڵا چەند هاوکارێکیدا رادیۆی کوردایەتییان دامەزراندووە، لەساڵی 1995 چووەتە رادیۆی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەسلێمانیو لەگەڵا دامەزراندنی تەلەفزیۆنی هەمان حزبی ئیسلامیدا لەساڵی 1996، وەک پەیامنێرو ئامادەکارو پێشکەشکاری چەندین بەرنامەی راستەوخۆ کاریکردووە. بەدەر لەکاری راگەیاندن لەو کەناڵە ئیسلامییە، فەرهاد قادر دەبێتە لێپرسراوی راگەیاندنی کۆمەڵەی تالاسیمیای کوردستان.

لەساڵی 2000 واز لەکاری راگەیاندن دێنێت و رێکخراوێکی مرۆیی تایبەت دروستدەکات بەناوی (کۆمەڵەی خوێنبەخشانی کوردستان) کە ئەندامەکانی بەبێ هیچ بەرامبەرێک خۆبەخشانە خوێن دەبەخشن، لەگەڵا ئەوەشدا تێکەڵا بەدنیای رۆژنامەگەری دەبێت، لەساڵی 2003دا دەچێتە کۆمپانیایەکی بەریتانی بەناوی (بی پلان) کە تایبەت بووە بەبواری (نێتۆرکین)و کاری (ڤیدیۆ کۆنفرانسین)، دوای کەمتر لەساڵێک دەبێتە بەرپرسی بەشی راگەیاندنی ئەو کۆمپانیایەو لەساڵی 2004دا دەبێتە بەڕێوەبەری ئۆفیسی سلێمانی کۆمپانیاکە، لەساڵی 2008 دەبێتە لێپرسراوی راگەیاندنی کۆمپانیای ئاڵتون و لەهەمان ساڵیشدا لەئاژانسی هەواڵی ناوخۆ دادەمەزرێت، وەک هەواڵسازو تائێستاش لەو ئاژانسە بەردەوامە لەسەر کارکردنو لەئێستاشدا لێپرسراوی بەشی هەواڵە، لەگەڵا ئەم کارەشیدا وتەبێژی فەرمی کۆمەڵەی تالاسیمیای سلێمانییەو جێگیری سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای کۆمەڵەی تالاسیمیای کوردستانە.

فەرهاد قادر ئێستا لەرۆژنامەکانی (ئاسۆ، دەستوور)و چەند رۆژنامەیەکی تردا بابەتەکانی بڵاودەکاتەوەو سەرنووسەری بڵاوکراوەی (تالاسیمیا)یە.

فەرهاد قادر، خۆشەویستی بۆ دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی هەیەو وەک رۆژنامەنووسێکی سەربەخۆو ئازاد کاردەکات و رێز لەهەموو فکرو ئایدۆلۆژیایەکیش دەگرێت.

سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (سارا جاف) سەبارەت بە (ژیانی رۆژنامەنووس فەرهاد قادر) لە: 5-12-2010 11:26:17

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: رۆژنامەنووس

جۆری کەس: ئەکتەر

شارەکان: مەریوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1048

## فەرهاد کرماشانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20111215125736633l8




گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

جۆری کەس: ڕاگەیاندکار

شارەکان: کرماشان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی لوری

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1049

## فەرهەنگ غەفور

http://www.kurdipedia.org/?q=2011012812092533072



هونەرمەند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: هونەرمەند

شارەکان: هەولێر

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1050

## فەرهەنگی عاتیفی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013041822204378788



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: شێوەکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1051

## فەرید ئەتڕەش

http://www.kurdipedia.org/?q=20101023150837102O9



گۆرانیبێژ و موزیکژەنێکی بەناوبانگی میسرە، بەڕەگەز کوردی رۆژئاوایە. برای ئەسمەهانە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: دەرەوە

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

جۆری کەس: موزیکژەن

جۆری کەس: ئەکتەر

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1052

## فەریقە کوێر

http://www.kurdipedia.org/?q=20081125160216482



لەدایک و باێکی هەژار، لە21.05.1922 لەگوندی تافانی ناوچەی قەراخ هاتۆتەدنیاوە. ساڵی 1967 لەلایەن دەسەلاتدارانی (دەوڵەتی کۆلۆنیالی ئێراق) وە بەبیانوی ئەوەی کەبەئامێری بێتەل هاوکاری شۆرش دەکات، دەگیرێت و ماڵەکەی دەپشکنن و حەوشەی ماڵەکەی هەڵدەکەنن، بۆ بێتەلەکە دەگەڕێن، پاشان رەوانەی (هەیئەی کەرکوک)ی دەکەن و بۆ ماوی (شەش) مانگ دەنگوباسی نامێنی و بێسەر و شوێن دەکرێت. پاش ئەوە بەردەرێت و چەند جارێکی تریش لەسەر کوردایەتی دەگیرێت. لەم ساڵانەی دووایشدا دەستەلاتدارانی دەوڵەتی ئێراقی داگیرکار کاسیەتەکانی لەتۆمارگەو بازاڕدا یاساخ دەکەن و ناهێڵن بفرۆشرێن. فەریق مرۆڤێکی کارکەر و لەشسوک بووە، ساڵی 1954 بۆ بژێوی ژیانی خیزانەکەی، لە (پردی عەلافان) لەدەرەوەی سلێمانی، چایخانەیەک دەکاتەوە و کاری چایچێتی دەکات. لەساڵانی هەفتاکاندا، ماستاو دەفرۆشت، یان بەخۆی و جەزۆ قاوەکەیەوە لە ناوبازاڕ قاوەی دەفرۆشت.

لە18.06.1987 دڵە گەورەکەی هونەرمەند بەمەرگێکی کوتوپڕ لەلێدان کەوت. لەگردی

سەیوان بەخاک سپێردرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: کەسایەتی

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

شارەکان: سلێمانی

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1053

## فەرەح ریاز

http://www.kurdipedia.org/?q=20101025120254102235



شێوەکار
سەرچاوە: فەیسبووکی قەیس قەرەداخی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: شێوەکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1054

## فەرەیدون دارتاش

http://www.kurdipedia.org/?q=20091029211947213



هونەرمەند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: هونەرمەند

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1055

## فەرەیدون هەولێری

http://www.kurdipedia.org/?q=20110104095242219 07



گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژماره: 1056

## فەلەک خەلیل

http://www.kurdipedia.org/?q=201010042156159788



ژ دایک بوویا 1972 ێ گوندێ تەعلک، سوریا.
دەرچوویا پەیمانگەها النسوية ل حەسەکە.
ل سالا 1998 ێ بەشداری د پێشانگەها هونەری یا سالانە یا هونەرمەندێن حەسەکە دا کریە.
ل 1998 ێ ێ بەشداری د کومبوونا هونەرمەندێن حەلەبێ دا کریە.
ل 1999 ێ بەشداری کریە د گەل هونەرمەند زبێر یوسف، ل ناڤەندا کەلتوریا حەسەکە.
1999بەشداری دگەل هەڤکارێن خو کریە، ل ناڤەندا کەلتوری.
ل ئەلمانیا دژیت.
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (رۆژهات سەعید) سەبارەت بە (فەلەک خەلیل) لە: 2010-12-31 0:29:27

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژئاوای کوردستان

جۆری کەس: شێوەکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1057

## فەهیمە کەریمی

http://www.kurdipedia.org/?q=200906041059291790

لە دایکبووی شاری بانەی رۆژهەڵاتی کوردستانە، بەکالۆریۆسی لە دیزان هەیە و تا ئێستا چەندین خەڵاتی ناوخۆیی ئێرانی وەرگرتووە و بەشداری لە چەندین پێشانگای نێودەوڵەتی کردوە و زیاتر لە 20 بەرهەمی پۆستەری لە کتێبکانی ساڵانەی گرافیکی ئێران و گرافیکی خوێندکارانی ئێران چاپکراوە.
سەرچاوە: پەسار فایەق - ماڵپەڕی پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: هونەرمەند

شارەکان: بانە

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1058

## فەڕشید گەوێڵی

http://www.kurdipedia.org/?q=20090221142201369



ساڵی 1975 لە شاری سنە لە دایکبووە. پڕوانامە پەیمانگای هونەری شێوەکاری وەرگرتوە، ئێستا کارناسی کاروباری فەرهەنگی ڕێکخراوەی "اموزش و پرورش" واتە پەروەردەی شاری سنە و مامۆستای کارگەی فێرکاری شانۆی سنەیە. وەکوو ئەکتەر لە چەندین شانۆگەری ڕۆڵی بینیوە، لەوانە: "دختر افتاب" واتە "کچی هەتاو"، "دادگاه حیوانات" واتە "دادگای ئاژەڵان"، "ای بچەها کمک" واتە "ئەی منداڵەکان یارمەتی"، "پرومته در زنجیر" واتە "پرۆمتە لە زنجیردا"، "تەوتەئە" و "خیال خیس اتلسی" واتە "خەیاڵی خووساوی ئەتڵەسی."
گەوێڵی ساڵی 1988 شانۆنامەکانی؛ "هلیا"، "زیر یک سقف" واتە "لە ژێر سەربانێکدا"، "همزاد"، "معشوق"، "شاید یک روز پاییزی" واتە "شایەد ڕۆژێکی پاییزی"، "مریم هنوز باکره است" واتە "مریەم هێشتا هەر کچە" و... نووسیوە و هەروەها دەرهێنەری بۆ چەندین شانۆگەری ئەنجامداوە، لەوانە: "ساعت پنج شد بابا" واتە "کاتژمێر بووە 5 باوە"، "سحوری"، "بە من میگن مک کنا" واتە "بەم من دەڵێن مەک کنا"، "جنگ کور" واتە "شەڕی کوێر"، "سرانجام یزد گرد" واتە "سەرئەنجامی یەزدگرد" و....
شانۆکاری کورد هەروەها خەڵاتی یەکەمی دەرهێنەری و نووسینی شانۆنامەی لە فیستیڤاڵی شانۆی پارێزگای کوردستان و هەروەها فیستیڤاڵی خوێندکارانی ناوەندی پەروەردەی مامۆستایی کوردستان بەدەستهێناوە.
جێی وەبیرهێنانەوەیە فەرەشید گەوێڵی بە شانۆگەری "دیدار" لە بەشی سەرەکی 25مین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆی "فەجر" لە ساڵی 2006 بەشداری

کرد کە لە دوو سانسی جیاوازدا لە تەلاری "سایە"ی کۆمەڵگەی شانۆی شاری تاران نمایش کرا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: شانۆکار

شارەکان: سنە

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1059

## فەیسەل عوسمان

http://www.kurdipedia.org/?q=2011121317005263258



لەساڵی (1956) لەهەولێر لەدایکبووە، ئەندامی کۆمەڵەی شێوەکاری عیراقەو ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە، ماوەی (10)ساڵە مامۆستای پەیمانگەی هونەری جوانەکانی هەولێر بووە، لەساڵی (2009) کتێبێکی بەناوی شێوەکارانی هەولێر بلاوکردۆتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: شێوەکار

شارەکان:        هەولێر

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1060

## فەیسەڵ ئیسماعیل

http://www.kurdipedia.org/?q=201003101131523868



بەڕێوەبەری تیپی نارین بۆ هونەر و فۆلکلۆری کوردی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە:        کورد

جۆری کەس:    هونەرمەند

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1061

## فەیسەڵ شێخانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2011012022180432892

شانۆکار

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە:        کورد

وڵات:        باشووری کوردستان

جۆری کەس:   شانۆکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1062

## فەیسەڵ محەمەد ساڵح

http://www.kurdipedia.org/?q=20130120091403750009

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

نەتەوە:        کورد

وڵات:          باشووری کوردستان

جۆری کەس: ئەکتەر

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1063

## قادر ئەسعەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20110717155155560451



ساڵی 1967 لە شاری هەولێر لە دایک بووە، ساڵی 1985 یەکەم بەرهەمی خۆیی لە گەڵ تیپی موسیقای ژاڵەی رۆژئاوایی تۆمار کردووەکە لەو بەرهە مەدا خاوەنی چوار گۆارنییە، هەروەها لە ساڵی 1988 دوەم دەهەمی خۆیی لە گەڵ هەمان تیپ بڵاوکردەوە، ساڵی 1989 بەرهەمێکیتر پاشان ساڵی 1992 بە بۆنەی دامەزراندنی یەکەم پەرلەمانی کوردی لە باشورری کوردستان لە گەڵ هەمان تیپ بەرهەمێکیتریان پێشکەش کرد، ساڵی 1993 خێزانی پێک هێناو هەر مان ساڵیش لە بەر باروودۆخی شەری براکوژی ئەوسایی کوردستان رووی لە وڵاتی سوێد کرد، ساڵی 1996 ئەلبومێکی بەناوی ئازیزان بڵاوکردەوە،هەر لە وڵاتی سوێد ئەلبومی (ئازیزان) (سەفەری عشق) (لاوەلاوە) (ببورە) (نۆستەڵجی) (کەرکوک) (شایی) بڵاوکردۆتەوە، سەجەم گۆرانیەکانی نزیکەی 100 گۆرانی زیاترن، هونەرمەندی ناسراو قادر ئەسعەد خوێندکاری بەشی هونەرە جوانەکان بووە لە پەیمانگای مامۆستایانی مەڵبەندی هەولێر، تاکو ئێستا خاوەنی چەندین پروانامەی رێزلێنانە.

ساڵی 2011 بەرهەمێکی تر کە تایبەت بوو هەڵپەرکێ بە ناونیشانی (شایی) پێک هاتبوو لە 10 تراک بڵاو کردەوە.
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (ئاریان) سەبارەت بە (قادر ئەسعەد) لە: 14-7-2011 18:57:42
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (ئاریان) سەبارەت بە (قادر ئەسعەد) لە: 24-11-2011 19:51:16

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

شارەکان: هەولێر

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

[ئەم بابەتە باشتر بکە!]

---

ژمارە: 1064

## قادر جەلال

http://www.kurdipedia.org/?q=20101013202608100662



هونەرمەندی شانۆکار لەساڵی 1955 لەگەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی لەدایکبووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی دەستوور

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس:   شانۆکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1065

## قادر زیرەک

http://www.kurdipedia.org/?q=20081108114254113



ناوی تەواوی قادر ئەحمەد مستەفایە لەساڵی 1954 لە گوندی بێرکۆت لەدایکبووە، هەر لە تەمەنی منالییەوە ئەوینی بۆ گۆرانی و مۆسیقای کوردی هەبوو، کە لە قوتابخانەی سەرەتایەوە ئەم بەهرەیەی تیدا بەدی کراوەو توانیویەتی لەڕێگەی لاسایی کردنەوە پەرە بەبەهرەکەی بدات، ئەم لاسایی کردنەوەش بەهونەر و دەنگی مامۆستای گەورە "حەسەن زیرەک" ئەوەبوو، بەئەوینی ئەوەوە لاسایی کردۆتەوە و هەر لە زووەوە خولیای گۆرانی و دەنگی "حەسەن زیرەک" بووە، نازناوی زیرەکیش هەر بۆ ئەو کاریگەرییە هونەرییە دەگەڕێتەوە.
قادر زیرەک لەقۆناغی سەرەتایی لە بێرکۆت تەواو کردووە، دواتر دێتە شار و قۆناغی لە شار تەواو دەکات، بەهۆی بارودۆخی ژیان ناتوانێ خوێندن تەواو بکات و تاکو سێی ناوەندی دەخوێنێ.
قادر زیرەک لەساڵی 1969دا ژیانی خێزانداری پێکدەهێنی و ماڵێک پڕ لەئەوین و هونەر لەگەڵ "نەسرین ئەحمەد" دروست دەکات. دوو منداڵییان دەبێت بەناوەکانی "ئەیوب" و "ژیان".
بەڵام مەرگ ناهێڵێت قادر و نەسرین بەردەوامی ژیانیان هەبێت دوای چوار ساڵ بەیەکەوە بوون، بەهۆی کارەساتی سووتان لەساڵی 1973دا "نەسرین"ی خێزانی و "ژیان"ی کچی ماڵئاوایی لەژیان دەکەن، دوای 3 ساڵ بەتەنیایی و خەم و گریان دەردوکەسەر، ئەمجارەیان هەوڵی ژیانێکی نوێ دەدات.
لەساڵی 1976دا لەگەڵ خاتوو "ئاواز عەبدولعەزیز" ژیانی هاوسەرێتی پێکدەهێنێت و لەم خێزانەش "ئومێد"، "ئاوات" و "ئەردەلان" لەدایک دەبن.
قادر زیرەک یەکەم گۆرانی لەساڵی 1977دا لە ئێزگەی کوردی لەبەغدا تۆمار کردووە بەناوی "دوورم لە یاران"، ئەم گۆرانییە دەنگدانەوەیەکی باشی هونەرمەند بوو لەو کات و ساتەدا و بووە مێژوویەک بۆ ئەرشیفی ناوبراو، کە تا ئێستاش ئەم گۆرانییە هەر بە نەمری ماوەتەوە و یەکێکە لە گۆرانییە رەسەنەکان، ئەوەی ئاواز و تێکستی "رزگار خۆشناو"ە.
دواتر لەساڵی 1980دا توانی چەند بەرهەمێکی دیکە تۆمار بکات لەوانە "دوگمەی سینە، ئەمان ساقی، لەبنەوار، بازی کوێستان"، ئیتر قادر زیرەک لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا ناسراو خەڵک بەرهەمەکەی ئەوان وەرگرت، کە بۆنی رەسەنایەتی و پاکی لێ دەهات.
لە بەرواری 17-1981/07/18 قادر زیرەک لەگەڵ چەند برادەرێکی لەگەڕانەوەی گەشتێک لە بێخاڵ و گەلی عەلی بەگ بەرەو هەولێر لەڕێگای "خەلیفان-هەریر"

ئۆتۆمبیلەکەیان وەردەگەڕێ و قادر زیرەک و هاوڕێیەکی گیان لەدەست دەدەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خۆزگە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

شارەکان: هەولێر

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1066

## قادر مەردان

http://www.kurdipedia.org/?q=20081126103952510



لە زمانی خۆیەوە:
لەساڵی 1937 لەشاری کەرکوک لەدایکبووم، مەردان باوکمە نازناو و عەشیرەت نییە. لەتەمەندی 6 بۆ 7 ساڵی وردە وردە دەستم کردووە بەگۆرانی وتن و لە ساڵەکانی 1956 لەئیزگەی بەغداد یەکەم گۆرانیم تۆمارکردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

شارەکان: کەرکوک

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1067

## قاسم عارف - قاسم هەورامی

http://www.kurdipedia.org/?q=20101107101044105888



گۆرانیبێژ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: گۆرانیبێژ

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1068

## قاسم عەزیز

http://www.kurdipedia.org/?q=20110109154832220881

شانۆکار

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس:   شانۆکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1069

## قاسم غەمگین

http://www.kurdipedia.org/?q=2010122113421314998

شانۆکار

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە:   کورد

وڵات:   باشووری کوردستان

جۆری کەس:   شانۆکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1070

## قوتبەدین سادقی

http://www.kurdipedia.org/?q=200902261712301438



ساڵی 1952 لە شاری سنە لە دایک بووە. دکتۆرای هونەرە شانۆییەکانی لە زانکۆی سۆربۆن لە وڵاتی فەرەنسا وەرگرتووە. تا ئێستا نزیکەی 12 کتێبی لە شانۆنامەکانی ناوداری دونیا وەرگێراوە و چاپ و بڵاویکردووە. کە 6 کتێبیان لە لایەن دەزگای "قەترە"وە بڵاوکراونەتەوە، لەوانە: "مویە جم" واتە "شیوەنی جەم"، "هفت خوان رستم" واتە "حەوت هەنگاوی رۆستەم"، "افشین و بودلف هر دو مردەاند" واتە "ئەفشین و بۆدلەف هەردووکیان مردوون" و "دخمە شیرین" واتە "ئەشکەوتی شیرین."
هەروەها هەندێک لە شانۆنامەکانی دکتۆر "قوتبەدین سادقی" بڕیار وایە لە داهاتوویەی نزیکدا لە لایەن دەزگای "قەترە" بە شێوەی کتێب چاپ و بڵاوبکرێنەوە، لەوانە: "جنگ در تبقە سوم" واتە "شەڕ لە نهۆمی سێیەم"، "هفت تن علیە تب" واتە "حەوت کەس دژی تب"، "سربازان" واتە "سەربازەکان"، "سرود مترسک

پرتقالی" واتە "سرودی داوەڵی پورتوگاڵی"، در انتزار لوفتی" واتە "لە ئینتزاری لوفتی" و "قابیل."

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: )ئەکادیمی(

جۆری کەس: شانۆکار

جۆری کەس: نووسەر

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1071

## قەدریە جونەت

http://www.kurdipedia.org/?q=20110421132212567797



شێوەکار

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: شێوەکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1072

## قەرەنی جەمیل

http://www.kurdipedia.org/?q=20081125160940486



سالّی 1954 لە شاری هەولێر لە دایک بووە، سالّی 1977 پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواوکردووە، 1979 چوەتە دەرەوەی ولّات و سالّی 2003 گەراوەتەوە کوردستان و بەیەکجاری هەندەرانی بە جێ هێشتووە و ئێستا مامۆستایە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر.

سەرچاوە: بەختیار مەلا ئەحمەد - مالّپەڕی پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

ولّات: باشووری کوردستان

جۆری کەس: هونەرمەند

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1073

## قەرەنی جەمیل

http://www.kurdipedia.org/?q=2014041622081275858



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس: شێوەکار

رەگەزی کەس: پیاوان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

نەتەوە: کورد

شارەکان: هەولێر

ولّات:	باشووری کوردستان

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1074

## گارا رەسوڵ

http://www.kurdipedia.org/?q=20110116105625327855

شێوەکار

تایبەتمەندییەکانی بابەت

نەتەوە:	کورد

جۆری کەس:	شێوەکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1075

## گارسیا ناسیح

http://www.kurdipedia.org/?q=20140526162938765000



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری کەس:	شێوەکار

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە:	کورد

ولّات:	باشووری کوردستان

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1076

## گانی رزگار شەڤاتا

http://www.kurdipedia.org/?q=201005071420424210



ساڵی 1960 لە شاری مەلاتییەی باکووری کوردستان لەدایکبووم. سەر بەعەشیرەتی (درێژان)م. نەوەی (حاجی عەلی شەڤاتا)م کە پشتیوانی و دۆستایەتی سەرۆکی شۆرشی کوردستان مەلا مستەفا بارزانی کرد. بۆ یەکەمجار لەتورکیا کولتووری عەلەوی و کوردم گەیاندە میدیای نیشتمانی تورکیا، هەروەها کۆمەڵکوژی هەڵەبجەم بردە سەر تەختەی شانۆ، لە ساڵی 1989 شانۆگەرییەکم بە زمانی کوردی لەسەر کارەساتی هەڵەبجە پێشکەش کرد. دراومەتە دادگای ئاسایشی دەوڵەت، بەڵام تەسلیم نەبووم، جاروبار ناحەقیم بەرامبەر کراوە، بەڵام نەترساوم. لەم رەوتەی ئاشتیدا کە لە تورکیا دەستی پێکردووە، فیلمەکانی منیش دەرگایەکیان کردەوە،ئەو کەسانەی نەیاندەوێرا بەکوردی قسە بکەن، ئەمڕۆ قسەی پێدەکەن، ئێمە وەکو هونەرمەندان لەم کارەدا پێشڕەو بووین. لەفیلمەکانمدا کوشتنە بێ دادگاییکردنەکانمان مەحکوم کرد. یێلماز گیونام کردە سەرمەشق. کارەکانی ئەوم لەنێو کارەکانی خۆمدا بینی، بەڵام من گانی رزگار شەڤاتام، نەک یێلماز گیونای. من لاسایی هیچ کەسم نەکردووەتەوە. ئەحمەد کایا کلیپێکی کوردی دروستکردو دوور خرایەوە لە تاراوگە مرد، بەڵام من لەهەر فیلمێکدا 3 کلیپی شۆرشگێرانەم دروستکرد. گەلی کورد لە تورکیا شایەتی ئەوەم بۆ دەدات. منیش لەسینەمادا شەڕوانم. من لەسینەمادا، بەپێی هێزی خۆم هەندێ شۆرشم بەرپاکرد.
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو نێت

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رەگەزی کەس: پیاوان

نەتەوە: کورد

وڵات: باکووری کوردستان

جۆری کەس: سینەماکار

شارەکان: مەلاتێ

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باکوور - بادینی

ئەم بابەتە باشتر بکە!

ژمارە: 1077

## گوڵاڵە ستاوەند

http://www.kurdipedia.org/?q=20091206102823282 5



شێوەکار

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕەگەزی کەس: خانمان

نەتەوە: کورد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

جۆری کەس: شێوەکار

ئەم بابەتە باشتر بکە!

---

ژمارە: 1078

## گوڵزار عومەر تۆفیق

http://www.kurdipedia.org/?q=20140321200438567 48

یەکەم ئافرەتی کورد لە باشووری کوردستاندا کە چووەتە سەر شانۆ لە شاری سلێمانی.

